


# کۆمەڵێک هەڵسەنگاندن و بیروڕا سەبارەت بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

**بەشی دووهەم**

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

## ناوەڕۆک


١- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەرکەوت و ئامانجەکانی... .............. .......... وریا ڕەحمانی ......................... ٣

٢- هەڤپەیڤین : محەممەد ئەمین پێنجوێنی:مەعقوولترە بارزانی سەرپەرشتی کۆنگرەی نەتەوەیی بکات ............. محەممەد ئەمین پێنجوێنی ................٤

٣- پرسیارێک لە پەراوێزدا... ............ .........خالید محەممەدزادە ........................................... ٧

٤- بەیاننامەی کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران سەبارەت بە " کۆنگرەی نەتەویی کورد ................................... ٨

٥- بنەماکانی کۆنگرەیی نەتەوەی خۆی دەسپێرێتە چ مۆدێلێکی نەتەوەیی بەشی یەکەم............. هەڵمەت تەلان:.................... ١٠

٥- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ... ڕەهەندە ستراتیجییەکانی ئەم کۆنگرەیە: دوو پارچە یەکدەگرنەوە............ ماڵپەری سیڤل.................. ١٦

٦- کۆنگرەی نەتەوەیی، دەستکەوتێکی گەورەی خەبات وقوربانیدانی گەلی کوردستانە ............... ڕێبوار حەمەلاو شوانی ............................... ١٨

٧- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆچی؟ .......................... سەرکۆ عوسمان ........................................................ ١٩

٨- چەند پێشنیارێکی "پارتی لیبراڵ دیموکراتی کوردستان" بۆ "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"................................... ٢٠

٩- دەمیرتاش: کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئارامی لە ناوچەکەدا دێنێتە ئاراوە ............. ڕووداو – هەولێر ...................................... ٢٢

١٠- ڕۆژئاواو و ڕۆژهەڵات سودمەندن لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ............... سۆران خەڵەف .................................. ٢٢

١١- عەتا قەرەداخی: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لەنێوان لاساییکردنەوە و پێویستبووندا .............. عەتا قەرەداخی ....................٢٣

١٢- بۆ ئەوانەی لە کونی دەرزییەوە تەماشای کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن! ................ هاودەنگ فاررووق ................................................ ٢٥

١٣- یەکێتیی ستراتیجی سیاسی و کۆنگرەی نەتەوەی .................. بورهان عەبدولڕەحمان ............................................ ٢٦

١٤- ڕەنگ دانەوە ئەرێنیەکانی دوای کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی .................... دەنگی کوردستان ........................٢٧

١٥- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.. مێژوو و ئێستا و ئاینده ............... ئالان حەمە سەعید ساڵح ........................................... ٢٨

١٦- کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێک بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ گووتار و ڕەوتی جیهانی ................ کامیل نورانی فەرد ........................... ٢٩

١٧- هاتنە ئارای کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ................... ڕێکان سەباح ........................................................ ٣٠

١٨- کۆنگرەی نەتەوەیی لە نێوان ترس و ئومێددا! .................... فەرحان جەوهەر ................................................... ٣١

١٩- پێشنیارەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان .......... ماڵپەری هەڵوێست ...............................٣٢

٢٠- بەشداری نوێنەری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند سەرنجێک!!!!!! ................ حیسام ئەحمەدی ........................٣٤

٢١- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و سەنگی کوردی ڕۆژهەڵات .................... عەلی کەریمی ............................................٣٤

٢٢- پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی چیە؟ .................. جەلال خۆشکەلام ...................................... ٣٦
٢٣- مزگێنی کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەرکە چاوەڕوانکراوەکانی ................ عارف باوەجانی ...................................... ٣٦
٢٤- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وچەند سرنجێک ................ لوقمان زەهرایی ........................................... ٣٨
٢٥- چۆن کۆنگرەیەکی نەتەوەیی؟! ......................... هەڤاڵ نەژاد .................................... ٣٩
٢٦- بۆ کەسایەتی، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەشدار لە کۆنگرەی نەتەوەیی ...................... نوید کرمی .......................... ٤٠
٢٧- کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە "شەرعیەتدان بە ناشەرعیەت"؟ ................... ڕێبوار کەریم وەلی .................................. ٤١
٢٨- کۆنگرەی نەتەوەیی و بەکوردی کردنی ئیسلام..! ............. مەشخەڵ کەوڵۆسی .............................................. ٤٢
٢٩- لە کونگرەی نەتەوەیی: دیموکرات و کۆمەلە رازی، پژاک و پاک و سازمانی خەبات نارازی! ......... خالید محەممەد زادە ..........................٤٣
٣٠- ئایا بۆ پێکهێنان یان نەهێنانی کونگرەی نەتەوەیی خەڵکی کورد تەنیا چاوەڕوانی ڕێکخراوە سیاسییەکان بن یان خۆیان ئەرکێکی زیاتریان ؟
دەکەوێتە سەرشان......................... فەرامەرز ئەڵماسی ............................................٤٤
٣١- کونگرەی نەتەوەیی گەلی کورد هەنگاوێکە بەرەوسەرکەوتن، ......................... سمکۆ بێکەس ..................................... ٤٥
٣٢- پارتی سەربەستیی کوردستان پێشوازی لە کۆنگرەی نەتەوەیی و هەڵویستی سەرۆک بارزانی دەکات............................................ ٤٦
٣٣- هەندێ دیدو سەرنجی پێویست بۆ بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی ..................... لەتیف فاتیح فەرەج - ئارام شوانی ................................. ٤٦
٣٤- ڕێی ئاوەدان بۆ کۆنگرەی کوردان .............................. ستران عەبدوڵلا ............................................٤٧
٣٥- گەنجان و کۆنگرەی نەتەوەیی .......................... شاخەوان عومەر سلێمان ......................................... ٤٨
٣٦- ئۆپۆزسیۆن و کۆنگرەی نەتەوەیی ............................ لەتیف فاتیح فەرەج ............................................... ٤٨
٣٧- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان! ............................................................ موئمین زەڵمی ........................................... ٤٩
٣٩- ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی .......................... زکری مووسا ............................................... ٥٠
٤٠- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو قورسایی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان .............. ڕەفعەت مورادی ......................................٥١
٤١- کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێک بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ گووتار و ڕەوتی جیهانی ............ کامیل نوورانی فەرد ..................٥٢
٤٢- سەید فەرهاد حەیدەری: کورسییەکانی ڕۆژهەڵات لە نێوان دوو لایەن دابەشکرا ............. ئامادەکردنی: جەمال نەجاری ...........................٥٣
٤٣- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە حزبی مەکەن......................... رابەر رەشید- پردێ ..............................................٥٤
٤٤- راگەیاندنی هاوبیرانی کوردایەتی سەبارەت کۆنگرەی نەتەوەیی کورد .................................................. ٥٥
٤٥- لە کۆنگرەی کوردەوە بەرەو کوردستانی گەورە ........... ئۆراڵ چاڵشلار - ڕۆژنامەی ڕادیکاڵ ....... لە تورکییەوە: حەسەن قازی ........................ ٥٦
٤٦- کۆنگرەی نەتەوەیی، چەند پێشنیازێک .................. سامان ساڵح .............................................٥٧
٤٧- کۆنگرەی نەتەوەیی گەورەترە لە جیاوازییەکان ............. عومەر عەبدوڵلا گوڵپی ....................................................... ٥٨
٤٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا ......................... نوید کرمی ............................................. ٥٩
٤٩- ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆنگرەی نەتەوەیی ................. خالید محەممەدزادە ........................................................ ٦١
٥٠- هەڵبژاردنی ئەم کاتە گونجاو نیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی و داوادەکەم دوابخرێت............. عادل موراد .........................................٦٢
٥١- کۆنگرەی نەتەوەیی و بێدەنگی ............................... وەهاب یوسفی ...........................................٦٤
٥١- کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناوی چی؟ ............................ عومەر شەریف زادە ................................................... ٦٥
٥٢- کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند سەرنجێک ........................ بڕوا ڕەسول ئەحمەد ............................ ٦٧

==========================================================================

# سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. دەرکەوت و ئامانجەکانی



وریا رەحمانی

دوای دامەرزانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ و راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کە رزگاریی هەرێمی باشووری کوردستان لێ کەوتەوە، رەنگە هیچ هەوڵو حەرەکەتێکی کوردی لە بواری سیاسییەوە چ لە ئاستی نێوخۆییو چ لە ئاستی دەرەکیدا بایەخو گرینگیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی نەبێ. گرینگیی سەرەکیی ئەم سێ رەوتە بایەخدارو مێژووییە سیاسییە لەوەدا بووە کە کورد وەک هێزێکی سەرنج راکێشی «کنشگرا» رکێفی چارەنووسی خۆی لە سەر بەشێک لە خاکی خۆیدا بە دەستی خۆیەوە دەگریو لە هەڵوێستی هێزەوە دەجوڵێتەوەو بڕیار دەدا. کەمتر لە مانگێکی دیگە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە بەشداریی زۆربەی نزیک بە تەواوی هێز و لاینە سیاسی و کەسایەتییە کاریگەر و ناودارەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئاستێکی بەرین و بەرفراوانی نەتەوەییدا دەگیرێ و لاپەڕەیەکی دیکەی پڕلە سەرەوەریی مێژووی سیاسی نەتەوەیی کورد هەڵدەداتەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە راستیدا دەتوانێ وەک خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ بێتە ئەژمار کە کۆمەڵێک لە داخوازییە لەمێژینەکانی نەتەوەیی کورد لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و دەتوانی ئاراستەیەکی یەکانگیرو سەردەمیانەتری پێ ببەخشێ. پرسیاری هەرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم کۆنگرە نەتەوەییە لە نەهایەتی خۆیدا چی لێ دەکەوێتەوە و بەدەو کوێوە هەنگاو دانێ؟ دوورەدیمەنەکانی ئاسۆی ئەم کۆنگرەیە چین و بەگشتی زگیرِی کامیەک لە حەقیقەتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد و کوردستانە؟

وێدەچێ بۆ وڵامدانەوەی شیاوی ئەم پرسیارانە و بەدەیان پرسیار گرینگی دیکە، پێویستیمان بەوەبێ کە لە سەرەتاوە لە هۆکارەکانی پێکهاتنو بەستنی وەها کۆنگرەیەک بکۆڵینەوەو ئەوەی کە توخمە سەرەکییەکانی بەرۆژەڤ بوونی ئەم کۆنگرەیە لە کوێو لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ. من نامەوێ لێرەدا باس لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێکهاتەو بەستێنو دەرکەوتەکانی ئەم کۆنگرەیە بەگشتی بکەمو شیکاریی عەقڵانییەتی پێکهێنانو پێکهاتنی کۆنگرەیەکی لەم چەشنە بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی سیاسیو دۆخی ئێستای بزاڤی کورد باس لە زەرفییەتو ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەو کۆنگرەیە بکەم. ئەم کۆنگرەیە لە ئاکامو بە پشت بەستن بە کام عەقڵانییەت و بۆچوونی مەیدانداری سیاسیی کوردییەوە پێک هاتوەو چییەتیو چۆنییەتیی شیاوی پێناسەکەی لە چیدا خۆی دەدۆزێتەوە؟

هەر ئەوەی کە بۆ یەکەمجار ئەو هەموو هێزو لایەنە سیاسیو کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەی کورد سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیشیانەوە تەنیا بە خاڵی یەکانگیریەتی پرسی کورد و کورد بوون لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە بە نیازی لێک نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتن و هاوکاری زیاتر لەگەڵ یەک بەیەکەوە کۆ دەبنەوە لە خاڵە بەهێز و ئەرێنییەکانی حاشاهەڵنەگری ئەم کۆنگرەیە یە. بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە دەروونی خۆیدا پرسی کورد لە بابەتێکی هەرێمی و ناوچەیی تایبەتی داخراوەوە دەکاتە رۆژەڤێکی جیهانی و نێونەتەوەیی کراوە و پێگەو پێناسەی کوردیش لە کەمینەیەکی دانیشتووی وڵاتانی حاکمی کوردستانەوە تا ئاستی نەتەوەیەکی خاوەن هێز و کاریگەری دەورگێڕ و خاوەن پێگە و شوناسی نێونەتەوەیی بەرز دەکاتەوە و دەینرخێنێتەوە.

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا بەڵام بەگشتی ئایا ئەم کۆنگرەیە وەک دەرکەوت بۆ خودی نێوماڵی کورد چیی پێیە و بەرامبەر بە دنیای دەرەوەش بەتایبەت ئەم وڵاتانەی کە هەر کامەی حاکمییەتی پارچەیەکی کوردستان دەکەن چ وەک سیگناڵ یان وەک پەیام چی دەنێرێ؟

کاتێک کە ئاوڕ لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی کورد بەتایبەت لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرهەڵدان و دەسپێکی بزووتنەوەی نوێی رزگاریخوازی کورد لە دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا دەدەینەوە، بە گشتی و لە ئاستێکی گشتگیرتردا لەگەڵ دوو هەڵوێست و گوتاری بەهێزی سیاسیی کوردی ڕووبەڕوو دەبینەوە.، هەر یەک لەم گوتارانە خاوەنی پێگە و پێناسەی تایبەت و دیاریکراوی خۆیانن و هەر کامیان لەلایەن هێز یان چەند هێزێکی سیاسیی نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و کاریان بۆ دەکرێ.

١- گوتاری چوارپارچە یان کوردستانی گەورە، کە زیاتر لەلایەن ئەو هێز و لایەنە ناسیۆنالیستییە کوردییانەوە کە قەزائەن پێشینە یا بەستێنێکی چەپیتریان هەیە و زیاتر لەسەر جۆرێک لە دەمارگرژی (تعصب) و ئیحساس لە سەر ئەساسی پۆپۆلیزمی جەماوەری پێداگری دەکا و پێگەیەکی ناوەند بەستێنانە (مرکز محورانە) بۆخۆی دەسنیشان دەکا، نوێنەرایەتی دەکرێ.

لە راستیدا ئەم باوەڕ و گوتارە سیاسسییە خەون و ئارەزووی هەر کوردێکی بەشەرەف و ئارەزوومەندی کوردستانێکی بەهێزە. بەڵام بە لێکدانەوەی راستەقینەکانی هەلومەرجی سیاسیی کوردستان و بە لەبەرچاو گرتنی پاڵنەرە جۆراوجۆرە مێژوویی و ناوچەییەکانی ئەمرۆی کوردستان ئەوەی کە ئایا ئەو حەقیقەتە حاشا هەڵنەگرەی مافی رەوای کورد لە راستای ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووسدا چەندە لەگەڵ ئەرزی واقیعدا دەیخوێنێتەوە و ئیمکانی بەواقعییەت بوونی هەیە، بەراستی دوورەدیمەنەکانی ئاسۆیەکی چەندە روونمان بۆ دەردەخا؟

لە دەرکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم روویکرد و گوتارە سیاسییە گشتیخوازە، هەناردەکردنی پەیامی شەرەنگیزانە بۆ وڵاتانی دراوسێی کوردستان و پشت کردن لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نادیدەگرتنی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی نێو گۆرەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانە کە بە دڵنیاییەوە هەڵگری دیکتاتۆرییەتێکی رەشی شاراوە بۆخودی خەڵکی کوردیشە.

٢- گوتاری عەقڵانییەت و ئیمکان، ئەم روویکرد و گوتارە سیاسییە رەنگە لە بواری ئامانج و ئارەزووی سیاسیی نەتەوەییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ یا لانیکەم زۆری لەگەڵ روویکردەکەی دیکەدا نەبی، کەچی بەدڵنیاییەوە لە بواری پراکتیک و کارکرد و گەلاڵەی خەباتەوە جیاوازییەکی بەرینی لەگەڵیدا هەیە. ئەم روویکردەیان لەسەر ئەساسی واقیع بینییەکی زیاتری سیاسییەوە بە لەبەرچاو گەرتنی هەلومەرجی تایبەتی هەر پارچەیەکی کوردستانەوە ئامانج و ستراتێژیی خەباتی خۆی دارشتوە و بەم بەرچاورووونییەوە هەنگاو دەنێ. ئەم روویکردە پێی وایە ئەگەرچی کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە بەڵام بە هۆی هەندێک فاکتۆری هەرێمی، مێژوویی، سیاسی و ناوچەیی و رزگاریخوازیی تایبەتەوە هەر پارچەیەکی کوردستان ئاراستەیەکی سیاسی و بزووتنەوەیی و رزگاری خوازیی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەوەی کە هەموو پارچەکانی کوردستان بەیەکەوە و لە پرۆسەیەکی هاوبەش و هاوچارەنووس لە هەلومەرجێکی هاوبەشدا بتوانن بە رزگاری نەتەوەیی بگەن و خەونی کوردستانی سەربەخۆی گەورە لە هاوتەریبییەکی هاوکاتدا وەدی بێنن ئیمکانی نیە. کەوایە پێویستە بە رەچاوکردنی زەرفییەتە جیاوازەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان و حکوومەتی حاکم و دیدی نێونەتەوەیی بەنیسبەت هەر پارچەیەکی کوردستانەوە رێوشوێنی تایبەت و جیاواز لە یەکتر لەکار بکرێ . ئەم روویکردە سیاسییەیان تەعامول و هەڵکردنێکی گونجاو و واقیع بینانەتری لەگەڵ چەمکی سیاسەت و واقیعی سیاسیی کوردستان بەگشتی و هەر پارچەیەک بەتایبەتی و دانوستان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا هەیە. هەروەها سەربەخۆییەکی کرداریی زیاتر بۆ هێز و لایەنە جیاوازەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان رەچاو دەکا و هەوڵ دەدا لە هەڵوێستی رێز و مافی بەرامبەرەوە هەڵسوکەوت بکا و هەوڵ و دڵسۆزییەکانیشی نەک لە دەستێوەردان بەڵکوو لە هاوکاریی بەرپرسانەدا وێنا دەکا. لە دەرکەوتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئەم روویکرد و گوتارە سیاسییەیاندا دەکرێ ئاماژە بە هەڵسوکۆتی رێزمەدارانە بەنیسبەت هێز و لایەنەکانی نێوخۆیی و پێکهێنانی فەزای متمانەیی و دوور لە شەرەنگێزی بە نیسبەت دنیای دەرەوە بە تایبەت وڵاتانی دراوسێی کوردستان و هەروەها کەمکردنەوەی حەساسییەتەکان بەنیسبەت جموجۆڵ و چالاکیی هێزەکانی کوردستانەوە بکرێ.

بەم پێیە وێدەچێ کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەم هەلومەرجەی ئیستادا زۆر زیاتر لەوەی کە نوێنگەی مانۆڕی گوتاری چوارپارچە و کوردستانی گەورە بێ، لەراستیدا نوێنگەی درەوشانەوە و حەقانیەتی گوتاری عەقڵانییەت و ئیمکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردی بێ و دوورەدیمەنەکانی ئاسۆی خەبات لەم روانگەیەوە وێنا بکات و بیلوێنێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٨ی ئاگوستی ٢٠١٣ لە ژمارە ٦١٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

## هەڤپەیڤین : محەممەد ئەمین پێنجوێنی:مەعقوولترە بارزانی سەرپەرشتی کۆنگرەی نەتەوەیی بکات



لەلایەن هێڤیدار ئەحمەد

محەممەد ئەمین پێنجوێنی

کەسێکی نزیک بووە لە ئۆجەلان و تەنانەت پێش دەستگیرکردنی لە کینیا بەچەند رۆژێک، لە ئیتالیا پێکەوە بوون و باسی داهاتووی PKK یان کردووە. ئێستاش کە ئۆجەلان نامەکانی لە زیندانەوە بۆ PKK دەنووسێ، سڵاوی تایبەتی بۆ دەنێرێ و جارێک داوای لە سەرکردایەتی PKKکردبوو کە راوێژی پێبکەن.

محەمەد ئەمین پێنجوێنی، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی کۆنگرەی نەتەوەیی، سەرکردایەتی نوێی PKK و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەکات.

رووداو: ئێستا مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەی بەگەرمی باسدەکرێ، ئەمجارە بەڕاستی کۆنگرە دەکرێ؟

پێنجوێنی: با جارێ باسی چۆنیەتی سەرهەڵدانی بیرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی بکەم.

ساڵی ١٩٨٠ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی کە ناچارکران دەشتی بیقاع لە لوبنان چۆڵ بکەن، یەکەم کاریان ئەوەبوو ئەنجوومەنی نیشتیمانی فەلەستینی لە تونس

دروستبکەن. ئەو هەنگاوە کاریگەری هەبوو لەسەر ئۆجەلان و هەر ئەو کاتە بیرۆکەیەک لەلای دروستبوو کە کۆنگرەی نەتەوەی کورد ببەسترێ .
تەنانەت ئەوکات هەر کەسێک سەردانی ئۆجەلانی دەکرد مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەیی لەگەڵ باسدەکرد.
دواتر بیرۆکەکە لەنێوان پارتی و PKK بەگەرمی باسکرا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٣ کاتێک ئیدریس بارزانی سەردانی ئۆجەلانی کرد لە دیمەشق و دواتر رێککەوتنێکی ٩ خاڵی لەنێوانیان ئیمزا کرا، یەکێک لە خاڵەکانی ئەو رێککەوتنە مەسەلەی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بوو. بەڵام ئەوکات نەکرا.

**رووداو: بۆچی ئەوەندە دواکەوت؟**

پێنجوێنی PKK :و ئۆجەلان لەسەر بیرۆکەی ئەنجامدانی کۆنگرەی نەتەوەیی بەردەوام بوون. لەساڵی ١٩٨٨ لە ئەورووپا کۆنگرەی نەتەوەییان بەست .
ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان و هەندێ حیزبی دیکەش بەشدارییان نەکرد.
هەرچی یەکێتی و زەحمەتکێشان و حیزبی شیوعی و چەند حیزبێکی دیکەی باشووری کوردستانیش بەشدارییان کرد. بەڵام ئەو کۆنگرەیە نەیتوانی نوێنەرایەتی هەموو کورد بکات و بەتایبەتی دوای شەڕی نێوان هەرێمی کوردستان و PKK ، حیزبەکانی باشووری کوردستان ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوون، لێی کشانەوە.
لەساڵی ٢٠٠٢ دیسانەوە هەوڵێک درا بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام ئەوجارەش سەری نەگرت. چونکە دەگوترا ئەمە هەوڵێکی تورکیایە، باسی ئەوە دەکرا کە دەبێ کۆنگرەکە بەبێ PKK بکرێ .
بەڵام مام جەلال و کاک مەسعود ئەو پێشنیازەیان رەتکردەوە و گوتیان نابێ کۆنگرەی نەتەوەیی بەبێ PKK ببەسترێ .

**رووداو: لە ٢٠١٣/٧/٢٢ بۆ یەکەمجار هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەپیرمام کۆبوونەوە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی و دەگوترێ ئۆجەلان نامەیەکی هەبووە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، ئاگاداری ناوەڕۆکی نامەکەی؟**

پێنجوێنی: بەڕێز ئۆجەلان سەلامی بۆ هەر یەک لە مەسعود بارزانی و کاک نێچیرڤان و مام جەلال و من و نەوشیروان مستەفا هەبوو. هەروەها پیرۆزبایی لە مەسعود بارزانیش کرد کە سەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات و بەڕای منیش مەعقولترە کە بارزانی سەرپەرشتی ئەو کۆنگرەیە بکات
.چونکە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە بیرکردنەوەی سەرکردایەتی کورد روویداوە.

**رووداو: لایەنەکان چۆن رێککەوتن کە ئەو کۆنگرەیە لە هەولێر بکرێ؟**

پێنجوێنی: ئەوەی راستی بێت سەرەتا رایەکی دیکە هەبوو لەسەر شوێنی کۆنگرە و بیرۆکەیەک هەبوو کە ئەم کۆنگرەیە لەشاری هەڵەبجەی شەهید بکرێ تاوەکو هیچ لایەنێک نەڵێ من خاوەنیم، بەڵام دواتر نەکرا و بڕیاردرا لەهەولێر بکرێ .
چونکە مەرجەعی سیاسی هەرێمی کوردستان لە هەولێرە و باشتریش هەر وابوو کە لە هەولێر بکرێ.

**رووداو: بۆ لەم کاتەدا مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەیی هاتە پێش، چ لایەنێک زۆرتر پێداگیری لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ ئێستا کۆنگرەکە ببەسترێ؟**

پێنجوێنی: ئەمجارە PKK هەوڵی دا کۆنگرەی نەتەوەیی بەجددی باس بکرێ و تەنانەت دەتوانم بڵێم PKK بابەتی کۆنگرەی نەتەوەیی گەرم کرد، بگرە ماتۆڕی ئەم کۆنگرەیە بوون و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانیش پێیان باشبوو و هاوکارییان کرد بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵە.
چونکە پێشتر شاندێکی PKK لە شاخ هاتبوون و لەگەڵ گشت لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دانوستاندنیان هەبوو لەبارەی چۆنیەتی بەستنی ئەو کۆنگرەیە.
**رووداو: کاتی خۆی تاڵەبانی بە تەندروستییەکی باشەوە لە مەیدان بوو، ئۆجەلانیش هەروا، بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی نەکرا، ئێستا بارزانی لەنێو ئەو سێ سەرکردەیە بەتەنیا ماوەتەوە، پێتوایە دەتوانێ ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتووانە بەڕێوەببات بەبێ تاڵەبانی و ئۆجەلان؟**

پێنجوێنی: ئەوەی من ئاگادارېم مام جەلال خۆی ئاگاداری مەسەلەی بەستنی کۆنگرەیە و لەسەریشی رازی بووە.
ئۆجەلانیش نامەی ناردووە و دەستخۆشی لەم هەوڵە کردووە و داوای کرد کە کاک مەسعود سەرپەرشتی کۆنگرەکە بکات، وەکو گوتم پیرۆزباییشی لێکردووە کە سەرپەرشتی

ئەو کۆنگرەیە بکات.

**ڕووداو: سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی تورکیا و ئێران و سووریا ئاگادارکراونەتەوە، پێویست بوو ئەو دەوڵەتانە ئاگادار بکرێنەوە؟**

پێنجوێنی: بەڕاستی هیچ پێویست نەبوو تورکیا و ئێران و سووریا لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ئاگادار بکەنەوە .
هەندێ لایەن ویستیان موراعاتی پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بکەن .
بەڵام ئایا ئەوان پرس بە کورد دەکەن کە شتێکی وا بکەن بۆ خۆیان؟ ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆییە و هیچ پێویستی بەوە نەبوو پرس بە خەڵک بکرێ.
جارێ هەموومان دەزانین ئیستیخباراتی ئێران، سووریا، تورکیا، ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەش لە هەرێمی کوردستان هەن و داوبەرد لە کوردستان قەید دەکەن، بۆیە بەڕای من پرسکردن بەو دەوڵەتانە خۆکەمکردنەوە بوو.

**ڕووداو: ترسێک هەیە لەوەی کە کۆنگرەی نەتەوەیی سەرنەگرێ و دەوڵەتانی دەوروبەر کۆببنەوە و لەدژی کورد بوەستن، تۆ ئەو ترسەت هەیە؟**

پێنجوێنی: ئێستا ناکۆکی لەبەینی دەوڵەتانی داگیرکەری کورد ئەوەندە قووڵە کە ئەستەمە لە دژی کورد یەکبگرنەوە .
ئێستا تورکیا پاڵپشتی لە سوننە دەکات و ئێران لە شیعەکان و لە ناوچەکەدا ئەم دوو مەزهەبە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە، دیسان لە مەسەلەی ئابووری کێشەی قووڵ هەن و بەرای من لەم کاتەدا ئەوەندە لێکدوورن کە ئەستەمە یەکبگرن.

**ڕووداو: رەنگە خەڵک بپرسن چۆنە ئەوەندە لە PKK و لاوەکانی نزیکی و ئەندامی PKK نیت؟**

پێنجوێنی: لەسەرەتای ساڵی نەوەتەکان من لە هەرێمی کوردستانەوە چوومە سووریا، چونکە ویستیان بمکوژن لەبەرئەوەی لە PKK نزیک بووم .

**ڕووداو: کێ ویستی بتکوژێ؟**

پێنجوێنی: نامەوێ ناوی هیچ لایەنێک بڵێم، بەڵام منیان ئاگادار کردەوە کە ناوم لە لیستدایە بمکوژن، منیش ناچاربووم چووم بۆ سووریا و لەوێ بەرێز ئۆجەلانم بینی و ئیتر ئاوا بەردەوام بوو، ئەوکات چەند کەسێکی دیکەش بەهۆی ئەوەی لە PKK نزیکبوون لە بادینان کوژران.
کە چوومە سووریا زۆرترین کات لەگەڵ ئۆجەلان بووم و باسی زۆر شتی دەکرد، تەنانەت جارێک باسی کاک نێچیرڤان بارزانی کرد و گوتی سەردانی منی کردووە بینیم کە لاوێکی لێهاتووە و هیوای خواست کە لە داهاتوودا ڕۆڵێکی باش ببینێ.
لەو کاتەش شەڕی نێوان PKK و تورکیا گەرم بوو، تەنانەت جارێک لەساڵی ١٩٩٢ مام جەلال و ملازم عومەر و کەمال بورقای هاتنە لای و داوایان کرد شەڕی نێوان PKKو تورکیا ڕابوەستێ.
بەڵام ئەوکات ئۆجەلان دەیگوت سیاسەتی تورکیا تکۆڵیکردنە لە بوونی کورد و دەمانەوێ بە چەک ناچاریان بکەین، بەکورتی لەسەر ئەو خاڵە ناکۆک بوون.

**ڕووداو: لەو ماوەیەدا PKK کۆنگرەی نۆیەمی بەست، تێیدا سەرکردایەتیەکی نوێی هەڵبژارد و جەمیل بایک شوێنی موراد قەرەیلانی گرتەوە، ئەو گۆڕانکارییەت چۆن بینی؟**

پێنجوێنی: موراد قەرەیلان لە کۆنگرەی یەکەمی PKK کە لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٣ ئەنجامدرا، وەکو سەرۆکی کۆنسەی PKK هەڵبژێردرا، لە کۆنگرەی دووەمدا ئۆجەلان بە نامەیەک پیرۆزبایی لە کۆنگرە کرد و داوایکرد گەنجەکان بێننە پێشەوە و گوتی خۆتان کێتان پێ باشە هەڵیبژێرن، بەڵام من پێم باشە موراد بێ.
واتە بەشێوەیەک تەزکیەی قەرەیلانی کرد و هەڵبژێردرایەوە و لە پێڕەوی PKK ش بۆ سەرۆکایەتی کۆنسە دەبێ ماوەی سەرۆکایەتی لە دوو خول زیاتر نەبێ، بەڵام لە کۆنگرەی سێیەمیش موراد قەرەیلانیان هەڵبژارد و ئەوکات جەمیل بایک پاڵپشتی لێکرد کە بمێنێتەوە .

بۆیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی PKK قەرەیلان بۆی نەبوو خۆی کاندید بکاتەوە.
لەم کۆنگرەیەدا جەمیل بایک بووە سەرۆکی کۆنسە و موستەحەقیش بوو، چونکە کە موراد قەرەیڵانیش سەرۆک بوو بڕیارە سەرەکییەکانی بەبێ جەمیل بایک دەرنەدەکرد

رووداو: قسەیەک هەیە کە دوای ئەوەی جەمیل بایک بووە سەرۆکی کۆنسە، پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا تێکبچێ، چونکە بایک بەکەسێکی توند ناودەبرێ؟


پێنجوێنی: جەمیل بایک کەسێکی زۆر جددییە و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ تورکیا تێکنادات. بەڵکو رەنگە لەلایەن تورکیاوە تێکبدرێ، چونکە تورکیا تاوەکو ئێستا ئەو بەڵێنانەی دابوویە ئۆجەلان لەبارەی مەسەلەی پرۆسەی ئاشتی جێبەجێی نەکردوون .
دەمەوێ ئەوە بڵێم بە حوکمی ئەوەی من لە PKK نزیکم، تەسەورم وایە تاکۆتایی ئەمساڵ ئەگەر بەڵێنەکانی لەگەڵ ئۆجەلان جێبەجێ نەکات پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا کۆتایی دێت.

رووداو: ئێستا باسی ئازادکردنی ئۆجەلان دەکرێ، پێتوایە ئازادبکرێ؟

پێنجوێنی: ئێستا یاسایەک لە پەرلەمانی تورکیا پێشنیازکراوە بۆ ئەوانەی کە نەخۆشن و لە زیندانەکاندان ئازاد بکرێن. رەنگە ئەگەر ئەم یاسایە دەرچوو ئۆجەلانیش بگرێتەوە، بەڵام من ئەوە بە زەحمەت دەبینم.

سەرچاوە : ماڵپەری رووداو نێت/ رێکەوتی : ئاگوستی ٢٠١٣

## پرسیارێک لە پەراوێزدا



خالید محەممەدزادە

حیزبی حیکمەتیست بەشداری کۆمەلەی حیزبی کمونیستی ئێرانی بۆ بۆتە پرسیار لە "کونگرەی نەتەوەیی کورد" کە چۆنە وەک رێکخراوێکی کمونیستی بەشداری لە "کۆنگرەی بورژوا ناسیونالیستی کورد"! دەکات لە هەولێر. ئەمە پرسیاری هەندێک کەسو لایەنی دیکەشە. هەمان پرسیاریش رووبەروی ئیسلامییەکان کراوەتەوە.
من نازانم وەلامی حیزبی کمونیست چی دەبێت، بەلام پێمخوشە رای خۆم لە سەر ئەو پرسیارە بلێم کە چون گرفتی تێگەیشتن لە چەمکی نەتەوەو قەتیس مانەوە لە ئایدئۆلۆژیاو روانینی ئایدئۆلۆژیانەو خراپ خویندنەوەی کۆمەلگای کوردیو بە ئایدئۆلۆژی کردنی چەمکی کورد بوون چون کار دەکات بۆ پەرتکردنی کۆمەلگا لە ژیر ناوی نەتەوەیی بوونو چەپبوونو ئیسلامی بوون!
تێگەیشتنێک کە هەر یەکە لە هەلگرانی ئەو ئایدئۆلۆژیانە بۆ دەستخستنی ئیمتیازانی حیزبی نەک نیشتمانی لە گەل بەرامبەرەکەیان بە کاری دەهێنن.
ئەم پرسیارە دوو هەڵەی زەقی تیایە
یەکەم ئەوەی کە پێی وایە کونگرەی حیزبە کوردییەکان لە هەولێر بە هەموو مانایەک کونگرەیەکی نەتەوەییەو بەم پێیەش دەبێت حیزبە نەتەوەییەکان بەشداری بکەن نەک ئیسلامیو چەپو لایەنە نانەتەوەییەکان! ئەگەر ئیمتیازێکیش بدرێت لەم کونگرەیە وەک دابەشکردنی کورسی لیژنەکانی کونگرە بە پلەی یەکەم دەبیت بۆ ئەمان بێت نەک بۆ ئەوانی تر. چونکە ئەمان کوردترو نەتەوەیی ترو کوردستانی ترن!
ئەمە دیوێکی دیکەی هەمان پرسیاری حیزبی حیکمەتیستە کە پێی وایە نابێت هیزە چەپە کوردییەکان بەشداری کونگرەی نەتەوەیی کورد بکەن، چونکە بە وتەی ئەوان ئەم کونگرەیە، کونگرەی هیزە ناسیونالیستو بورژواو کۆنەپەرستەکانی کوردە کە هیچ مەجالێک بۆ ئەوان نیەو کۆمەلەی کمونیستیش دەبێت تەکلیفی خوی روون بکاتەوە کە چونە بەشداری کردوە؟!
بەلام لە هەر دوو دیوی پرسیارەکە ئەو راستییە نابینرێت کە هیزە نەتەوەییو چەپەکان بە ئیسلامیەکانیشەوە هیزی ئەم کۆمەلگایەنو خەلکی خۆیان هەیەو دەبیت بخوێندرینەوە، نەک وەلا بنرێن. زۆر ئاساییە کۆی ئەم هیزانە لە چوارچیوەی ئەم جوغرافیایە کە پێی دەلێن کوردستان کۆببنەوەو بیر لە دۆزینەوەی خالی هاوبەش لە نێوانیان بکەنەوە.

لە گەڵ ئەوەش دا من پێموایە ئەوەی ئەم هیزە جیاوازانە(کمونیست، ئیسلامی، نەتەوەیی)ی لە هەولێر کۆدەکاتەوە بەپلەی یەکەم گەران بە شوین دۆزینەوەی لێک تیگەیشتنو بەرژەوەندیەکی هاوبەشی حیزبییەو بە پلەی دووهەم بەرژەوەندی هاوبەشی ئایدئۆلۆژی. پێچەوانەکەشی راستە ئەوەی ئەم هیزانە لێک جیا دەکاتەوە ئایدئۆلۆژیای جیاواز نیە، بەلکوو نەبوونی بەرژەوەندی هاوبەشە.

لە سیاسەتی ئەم سەدە نوێیەدا بوونی ئایدئۆلۆژیای هاوشیوەو هاوبەش ناتوانێ میلاک بێت بۆ لێکچوونو پێکەوەیی بوون، وەک چون نەبوونی ئایدئۆلۆژیای هاوبەش ناتوانی پێوەر بێت بۆ یەکنەبوونو دوورکەوتنەوە لێک. لە ئیستادا بەرژەوەندی هاوبەش، دەسکەوتی هاوبەشی حیزبی کۆکەرەوەو دوورخەرەوەی هیزەکانە لێکتر. بۆیە رەنگریژکردنی ئەم دەسکەوتە حیزبیانە بە ئایدئۆلۆژیای(چەپ، ئیسلامی، نەتەوەیی) تەنیا بۆ شاردنەوەی حەزە حیزبییەکەیەو هیچی تر.

دووهەم ئەوەی کە ئیمە لە ئیستادا لە سەردەمی کاڵبوونەوەی ئایدئۆلۆژیو حیکایەتەکانی دا دەژین بە جۆرێک کە جگە لە حیزبە هەژارەکانی لای خۆمان باوەر ناکەم لە دنیای دێموکراتو پێشکەوتوودا ئەم دابەشکاریە ئایدئۆلۆژی ببینرێت، قوناغی ئیستا قۆناغی ماڵاوایی لە ئایدئۆلۆژی بە هەموو دەرکەوتەکانی لە راستەوە بۆ چەپە. قۆناغی ئێستا قۆناغی دابەشکردنی کۆمەلگا بە پێی ئایدئۆلۆژی نیە، ئەوەی حیزبەکان لێک نیزیک یا دوور دەخاتەوە ئایدئۆلۆژی هاوبەش یا جیاوازی ئایدئۆلۆژی نیە بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەشی سیاسیە. هەر بۆیە زۆر ئاساییە چەپو ئیسلامیو نەتەوەخوازو لیبرال پێکەوە هەڵبکەن. کۆمەلگای ئیمەش، کۆمەلگایەکە کە کۆی ئەم هیزانە(چەپ، ئیسلامیو نەتەوەییو لیبرال)ی تێدایە.

چەپی کوردی لە مودیلە ئێرانیەکەی زۆری ماوە بکوردرینرێتو لە خۆلیاو خەونی ناو کتیبەکانو تیۆریەکانی سەدەی نوزدەو بیست بکرێت بە هێزێکی جەماوەری، ئەگەرچی ئەمەش ناتوانی هۆکار بیت بۆ حەزف کردنیان، بەلام من پێم سەیرە کەسێک خۆی بە نەتەوەییو کوردستانی بزانی بەلام رێگە لە بەشداری چەپو ئیسلامیو هیزە نانەتەوەییەکانی ناو کۆمەلگای کوردی بگرێت لە کایەی سیاسی ولات، هەمان هەڵەی ئیسلامی سیاسیو چەپی سوننەتی کوردی دووپات بکاتەوە. لە حالێکدا ئەمانە پێکهاتی گرنگی ئەم کۆمەلگایەی ئێمەن.

ئەم یەکتر سرینەوە بەرهەمهێنانەوەی نۆرمیک لە فاشیزمی کوردی نیە چیە؟!

بە پێچەوانە هێزی نەتەوەخواز دەبێت چەترێک بێت بۆ کۆکردنەوەی چەپو ئیسلامیو هێزەکانی تر بۆ مانەوەی نەتەوەو کوردستانی مانەوەی ئەم ولاتە پەرتکراوە، نەک فرێدانی ئەم هیزانە کە دواتر پەرتکردنی کۆمەلگای لێدەکەویتەوە.

کۆتا قسە ئێمە پێویستمان بە فۆرمێک لە کارنامەی سیاسیە کە گیرۆدەی دەستی ئایدئۆلۆژیا لە هیچ نۆرمێک نەبێت. کوردستانی بیر بکاتەوە نەک ئایدئۆلۆژیانە! ناکرێت هێزیک بە خۆی بلێ کوردستانی بەلام ریز لە جیاوازیەکانی ناو ئەم کۆمەلگا نەگرێتو مەجالی دەرکەوتنی دێموکراتیک یان بۆ نەرەخسینێ.

ئەی ئەمانە بگەن بە دەسەلات چون مامەلە لە گەل خەلکێک دەکەن کە لەوان ناچن؟!

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەلات تایمز / رێکەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## بەیاننامەی کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران سەبارەت بە " کۆنگرەی نەتەوپی کورد"

بەیان - ناوەندی هەواڵ: لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٣ دا و بە بانگەوازی مەسعود بەرزانی زۆربەی نوێنەرانی حزبەکانی کوردستانی عێراق، ترکیە، ئێران وسوریا بۆ سازدانی "کۆنگرەی نەتەویی کورد" کۆبوونەوە. مەسعود بەرزانی لە یەکەمین ووتاری خۆیدا ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیەی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

" ئامانجی سەرەکی ئێمە لەم کۆنگرەیە بریتیە لە ئەوەی حزبە سیاسیەکانی هەرچوار پارچەکەی کوردستان ببین بە خاوەن یەک ووتار و یەک ئیستراتیژی و ستراتیژیەک کە لەسەر بنچینەی ئاشتیخوازی و پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوەکانی تر بنیات نرابێ...ئێمە نامانەوێ لە دژی هیچ نەتەوەیەک ودەڵەتێکی دراوسێ ناوچەکە ببین. دەست ڕاگەیشتن بەهەر ئامانجێکمان لە ڕێگای چەکەوە دەستەبەر نابێت بەڵکو پێویستمان بە سوڵح و ئاشتیە."

سەرەنجامی ئەم کۆنگرەیە هەر لە پێشەوە ڕۆشنە. هەر لەدەست پێشکەری سازماندەرانی کۆنگرەکەوە تا باڵا دەستی بێ چەند وچوونی حزبە ناسێونالستیە کوردەکانی تورکیا و عێراق لەم کۆنگرەیەدا، تا دەگا بە مێوانداری حزبە دەسەڵاتدەرەکانی کوردستانی عێراق، هەمووی بە ڕۆشنی ڕەوەندی ڕاستڕەوانە و ناسێونالستی ئەو پێشان دەدەن.

بڕیارە حزبە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ناسێونالستی کورد لە کوردستان و لە دەوڵەتە جیاجیاکانی ناوچەکە لەوانەش زوربە ي حزبەکانی کوردستانی ئێران بەشدار ببن و بە ئامادەبونیان مەشروعیەت بە وان بدەن وبەهەموویانەوە ڕای بگەیەنن کە "حزبە جیاجیاکانی کورد" کۆدەبنەوە تا سیاسەت و پەیامی صوڵح وسازانی خۆیان بە حکومەتەکانی ناوچەکە و ستراتیژیەکەی خۆیان لەپێناو بەدەست هێنانی سەهمی خۆیان لە دەسەڵات بەناوی" خەڵکی کوردەوە" ڕابگەیەنن. لەڕاستیدا بڕیارە بەرزانی و حزبە

مودافیعەکانی ئەم سیاسەتە، ئەم سیاسەتە بکە ن بە سیاسەتی هەموو حزبە بەشداربووەکان.

ئەمە سیاسەتێکە کە لەئێستادا پ.ک.ک لە تورکیا پیادەی دەکات. سیاسەتی هاوشێوە کانێ ئەوان لە سوریە دیسان ڕۆشنە، ئەوان لە یەک ساڵی ڕابردودا و لە کەش وهەوای جەنگ و ناجێگیری سیاسی سوریادا لە ڕێکەوتنێکدا و هاوئاهەنگیەکی غەیرە فەرمیدا لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەددا بەشێکی زۆری ناوچە کورد نشینەکانی سوریایان کەوتە دەست. حزبە ناسێونالستیە کوردەکانی عێراق لەسەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینیدا لە سایەی هێرشی ئەمەریکادا بۆ سەر عێراق و بە هۆی جەنگی یەکەمی کەنداوەوە لە باکوری عێراق بوونە خاوەن" حکومەتی ناوچەیی" خۆیان. حزبە ناسێونالستیەکانی ئەم سێ وڵاتە لە واقعدا سیاسەتە کانی تا ئێستای خۆیان جارێکی تر و لەم کۆنگرەیە رەسمیەت پێدەدەن. تەنها شوێنێک کە ئەم پەیامەی پێویستە لە رێگای حزبە بەشداربوەکانەوە لەم کۆبونەوەیەدا بە پراکتیک بکرێت و ئەم ستراتیژیە ( یەک ستراتیژی هاو بە ش) بگۆرێت بە سیاسەتی ئەوان، کوردستانی ئێرانە. پ.ک.ک کە خۆی خەریکی دانوستانە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەیەوێ هەموو حزبەکانی سەر بەبزووتنەوەکەی خۆی هەمان سیاسەتی ئەو پیادەبکەن و بگرنە بەر و بەم سیاسەتە پەیامی ئاشتیانەی خۆیان پێشکەش بکەن بە جمهوری ئیسلامی ئێران. حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراقیش بەهۆی بەرژەوەندیە سیاسی وئابوریەکانیانەوە خۆیان پێویستیان بە پەیوەندی دۆستانە هەیە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی و تورکیا دا. پێشتر پژاک وە ک باڵی ئێرانی پ.ک.ک لە دوو توێی نامەیکدا بۆ خامنەیی هەمان سیاسەتی بۆ دانوستان وئاشتی پەیمانی خۆی بەوان ڕاگەیاندبوو. پرسیار ئەمەیە ئایا حزبەکانی دیموکرات وکۆمەڵە لە کوردستانی ئێران ئامادەن مل بەم سیاسەتە بدەن؟

کێشەی کوردو زوڵمی نەتەویی لە کوردستان مەسەلەیەکی واقعیە. ساڵانێکی دوورو درێژە خەڵکی کوردستان ڕوو بەڕووی زوڵم وسەرکوتی دەوڵەتە مەرکەزیەکانن و هەزاران کەس بونەتە قوربانی ئەم سیاسەتەی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا. بەڵام ناسێونالیزمی کورد هیچ پەیوەندیەکی نیە بە لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و ئازادی و خۆشگوزەرانی ئەم خەڵکەوە. بە پێچەوانەوە ئەوان بوونی خۆیان بە بەردەوام بوونی ئەم شکافە نەتەوییەوە دەبیننەوە و لە پێناو وەرگرتنی سەهمی خۆیان ڕۆژێک خەریکی جەنگن لەگەڵ حکومەتە مەرکەزیەکان ڕۆژێکیش خەریکی سازان و هاوکاری ئەم دەوڵەتانە و دەوڵەتەکانی ناوچەکەن. هەتا لە کوردستانی عێراق کە 22 ساڵە حکومەت دەکن، بێجگە لە تاقیکردنەوەی بەردەوامی گەندەڵی و هەژاری و بێمافی و هەڵاواردن لەدژی خەڵک هیچیان زیاتر پێ نیە. ئامانجی کۆنگرە بۆ بەرپاکەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەردەوامی دان و بەهێزکردن و زاڵکردنی ئامانجی کۆنەپەرستانەو بێ ئاسۆي ئە م احزابە یە و بێ سەرنجامبوونی باردۆخی دوای شۆڕش و ئاڵو گۆڕەکانی سوریا وادیارە ئە م جورە دە رئە نجامە ي لي دە کە ويتە وە. ئەوان لەلایەکوە دەیانەوی بە" یەکگرتنی حزبەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان" پێگەی ناسێونالیزمی کورد و سازشکردنەکانی و بەدەست هێنانی سەهمی زیاتر لەدەسەڵات لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە زیاتر بکەن و لەلایەکی ترەوە هەوڵدەدەن خۆیان لەبەرامبەر جەماوەری فراوانی کرێکاران و زەحەمتکێشان کە لەژێر باری هەژاری و نەبوونەیی و چەوسانەوە جۆرەها زوڵمدا لەوانەش زوڵمی نەتەویی و هەڵاواردنی نەتەوییدان لە پەتای یاخی بوونو شۆڕش دووربخەنەوە.لابردنی زوڵمی نەتەویی و بەدەست هێنانی خواستەکانی خەڵکی بەشمەینەت کە سەرباری ئەو هەموو نەهامەتیانە کە سەرچاوەکەی سەرمایەداری و کۆنەپەرستیە، بە ناوی کوردەوە کەوتونەتە ژێر ستەمەوە، خەباتو شۆڕش و دەسەڵات بە بێ هێچ چەند وچونێک هی ئەم خەڵکەیە. ناسێونالیزمی کورد بەتەواوی لەبەرامبەر ئەم ڕێگا واقعیەی زوڵمی نەتەویی و بەدەست هێنانی رزگاری و خۆشگوزەرانی خەڵک ڕاوەستاون.

لێرەدا ڕوو بە یەکێ لەبەشداربوانی " کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" مەبەست کۆمەڵە( ڕێکخراوانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە) کە ڕەوتێکی چەپ و خوازیاری ڕوخانی دەسەڵاتە پێویستە چەند خاڵێک بخرێتە ڕوو. کۆمەڵە یا پێویستە ڕوونی کاتەوە کە لەم کۆنگرەیدا ئەیەوی سیاسەتي ناسێونالستیەکان ئیفشا و بداتە بەر ڕەخنە کە ئەمە بە هاوئاهەنگی لە کە ل ئەوان ئیمکاني نابێ؛ یا ئەوەتا پێویستە هاوبەشی ئاسۆکەی سەر بەهمان بزووتنەوە بناسێنێت.کە لە م حاڵەتدا دەبێ پشت بکات لە ئیعتبار و ڕابردوی شۆڕشگێڕانەی خۆی. خولقێنەرانی ئەم کۆنگرەیە بەرۆشنی ڕایانگەیاند کە دەیانەوێ بەدەوری یەک ستراتیژی ویەک وتاریدا بۆ بزووتنەوەکەیان و پەیامی ئاشتی بە دەوڵەتەکانی دراوسێ بدەن کە بەشێکە لە ستراتیژی ناسیونالیستی، ئەم کۆنگرەیان سازمان داوە. سیاسەتەکانی کۆمەڵە تا ئێستا ئەوە پێشان دەدات کە پەیامی ئاشتی و سازان بە جمهوری ئیسلامی نادات ئیستراتیژی هاوبەشی لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردا تا ئێستا ڕانەگەیاندوە. بەڵام لە هە مان کاتدا لەجیاتی ڕوو بەڕوو بوونەوە و ڕەخنەی سیاسی ئیستراتیژی لە ناسێونالستەکان بگري کە بە دوای ئامانجی کۆنەپەرستی خۆیانەوەن و خولقێنەرانی ئەم کۆنگرەیە بە فەرمی ئەوەیان ڕاگەیاندوە، بە پراکتیکی بوەتە هاوڕێگای ئەوان.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان! کرێکاران وژنانی ئازادیخواز!

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە ڕابەری مەسعود بەرزانی ڕاگەیاندنی سازش و ڕێکەوتنە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا.ئەیەوێ بڵێ خەڵکی کوردستان دوژمنایەتی یان لە گە ل جمهوری ئیسلامی ئێران نیە. ئەیەوێ بە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنێ کە نمونەی حکومەتی ئایندەی ئەوان لە باشترین حاڵەتدا شتێکە لەبابەتی بارودۆخی واقعی کوردستانی عێراق کە زۆرایەتی هەمان خەڵک بە دەست مشتێک حاکمی دز وفاسدەوە بە تەنگ هاتون و ڕۆژانە خەریکی دە ر بریني نارەزایەتین لە دژی وەزعی مەوجود. مەسعود بەرزانی و هاوڕێکانی دەیانەوی ڕێگای سازش لەگەڵ جمهوری ئیسلامیدا تەخت بکەن. ئەم سیاسەتە بەتەواوەتی راسترەوانە و کۆنەپەرستانەیە لەدژی بەرژەوەندیکانی خەڵکی کوردستانە. پێویستە خەلکی کوردستان لەدژی بوەستنەوە ئیجازە نەدەن بچوکترین کەلێن بکەویتە خەباتیانوە لە خەباتیاندا بۆ ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران.

ڕێگا چارەی خەڵکی کورد و پێچانەوەی زوڵمی نەتەوەیی لە کوردستان لەڕێگای سازشەوە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حزبە ناسیۆنالستیە کوردیەکانەوە کە بڕیار وایە ببن بە خاوەنی یەک وتار و یەک ستراتیژی بۆ بەدەست هێنانی سەهم لە دەسەڵات لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی تێ ناپەڕێت. کرێکاران و خەڵکی کوردستان کە هاوشان و هاوڕێگای هەموو خەڵکی ئێرانن و کە لە حاڵی خەبات و کێشمە کێشدان لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، پێویستە بەهەمان خەبات درێژە بدرێت تا بەرپاکردنی شۆڕشی سەراسەری و روخاندني تەواوەتی جمهوری ئیسلامی. ڕێگا چارەی خەڵکی کوردستان و کرێکاران و کۆمۆنیستەکان بۆ لابردنی زوڵمی نەتەویی و هەر زوڵمێک و هەڵاواردنێکی تر لە کۆمەڵگەدا تەنها بە شۆڕش و سەرنگونکردنی جمهوری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێگای شوراکانەوە ئیمکانی هەیە. هەر سیاسەت و ستراتیژیەکی تر کە بیەوی مەسەلەی ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران کەم ڕەنگ بکاتەوە و لە بەرنامە دەری بهێنێ سیاسەتێکی دژی خەڵکی و بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران دەژمێرێت. حکومەتیک بە درێژای دەسەڵاتداریتی ئەو لە هیچ تاوانێک لەدژی خەڵکی کوردستان و گشت خەڵکی ئێران دەستی نەپاراستوە ، قابیلی دانوستان و ئاشتی و سازش نیە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران ڕایدەگەیەنێ کە کرێکاران و خەڵکی کوردستانی ئێران کە بۆ سێ دەیە سەرکوت و تاوانەکانی حکومەتی ئیسلامیان بە ئێسک و پروسکەوە تاقیکردوەتەوە. ئامادە نین بچنە ژێر باری ئەم پیلانانەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بزووتنەوەی کرێکاری هەوڵە کۆنەپەرەستي و و دژی خەڵکیەکان بە لەبەرچاوگرتنی سەنگ وتوانایی چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستانی ئێران و لە فەزای خەباتی سەرنگونی کە باڵی کێشاوە بەسەر هەموو ئێراندا ئەم نەقشەیە دادەشۆری و هەوڵی ناسیۆنالستەکان بۆ گونجاندنی سازش و لەیەک نزیک بونەوە لەگەڵ جمهوری ئیسلامدا دەکاتە کەرەسەیەک بۆ بي ئعتیبار کردني هەرچی زیاتری ئەم حزبانە.

بژی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک بۆ ڕوخانی جمهوری ئیسلامی

کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران

سەرچاوە : ماڵپەری بەیان / ڕێکەوتی : ٢٩ ی تەموز ( ژووئیە)ی ٢٠١٣

## بنەماکانی کۆنگرەیی نەتەوەی خۆی دەسپێرێتە چ مۆدێلێکی نەتەوەیی




هەڵمەت تەلان:

کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان دەبێت خاوەن چ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و مەزهەبی و ئەتنیکی بێت و لە ئاستی نەتەوە جیاجیاکانی کوردستان چ ڕێگەو شوێنێک بگرێتەبەر، چەند دەتوانێک کلتوورێکی مۆزایک زیندوو بکاتەوە و بە پێچەوانەی سەدەیی ڕابووردوو پێشەنگایەتی فرە کلتووری و ئایین و مەزهەبی و فکرییەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن چ بوونیاتێکی سیاسی و دارشتنەوەی زەمینەیەک بێت بۆ پاراستنی چاندو کلتووره جیاواز و هەرێمێکانی کوردستان و چەند دەتوانێت سەرلەنوێ ڕۆحی بوژانەوەو زیندوکردنەوەی ئەم چاند و کلتوور و زمانەوانیانە بپارێزێت و لەسەر بنەمای یەکێتی ئازادانە ڕەنگ و دەنگی خۆیانی تێدا ببیننەوە. چەند دەتوانێت مۆدێلی دەوڵەت+نەتەوەیی لە هزیی داماڵێت و هەنگاو بۆ مۆدێلی نەتەوەی دیمکراتی بنێت، خۆیی لەناو قەفەسی تەنگی مۆدێلی دەوڵەت+نەتەوە نەخنکێنێت کە ئەمرۆ لە هەرێمکەدا بوونەتە دەستپۆت و دیکتاتۆری سەردەم هەر ڕۆژێک دەوڵەتێکیان بەرەو دارمان و لەناوچوون دەچێت و سەرەتایی رۆخان و بەدارەوەکردنی ئەم مۆدێلە لە عێراق و لەکەسایەتی سەدامدا دەستەبەرکرا.

مۆدێلێک و سیاسەتێکی نوێ بۆ هاوکێشەکانی ناوچەکە وەک ڕۆژڤێکی نێودەوڵەتی کاریی بۆدەکرێت و هەرکەس دەیەوێت لە هاوکێشەی نۆێدا خاوەن پێگەیی سیاسی خۆی بێت، رۆژهەلاتی ناوین لەناو بازنەی دەستپۆت دەوڵەتگەرایی هەرێمی و هەژموونگەرایی گلۆباڵدا ڕووبەڕووی گەورەترین قەیران بۆتەوە و زیاتر لە چارەسەری هەتاکوو ڕۆژی ئەمرۆ قووڵ بوونەوەی کێشەکان باڵیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە پەلدەهاوێت بۆ هەموو لایەک و کاریگەری لە سیاسەتی نێوودەولەتیش کردووە، هەردوو مۆدێل خۆیان سپاردۆتە دەسەڵاتگەرایی و بەرژەوەندی خوازی کۆمپانیا و چینێکی سەردەستی دەسەلات، هەیمانەکان بۆ دووبەرەی دژبەیەک لە گۆشەیی سیاسی و بەرژەوەندی ناکۆکن و دەیانەوێت گەلانی هەرێمەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەنە سووتەمەنی، بەڵام خاوەن یەک زهنیەت و بیرکردنەوەن هەرچەندە لە شێواز و ڕەنگدا جیاواز نیشان بدەن یەک بە چەمکی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و ئەویتریان بە چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی خۆیان داپۆشیووە، هیچ لە هەردوو لایەنیش ئامادە نین داخوازییەکانی گەل و گەلان ڕاچاوبکەن و بەرژەوەندی و مافەکانیان وەک بنەمایی سیاسی و بەرژەوەندی خۆیان بە ئەساس بگرن و بگەرێنەوە بۆ پێوەری دیموکراتی هەڵقووڵاو لەناو

کۆمەڵگاوە. چۆن سەدساڵە کۆمەڵگا و گەلانی ناوچەکە بۆتە سووتەمەنی مەرامەکان و قوربانی بەرژەوەندیەکانیان ئەمڕۆش هەمان سیاسەت و هزرەوە بەردەوام دەکەن و ئیدامەی پێدەدەن.

ڕەوتی دیموکراتی ڕادیکاڵ و بژاردەی گەلان، لەگەڵ ناکۆکی و ناڵۆزیاکانی ناوچەکە زیاتر چەنسی سەرکەوتنی هەیە، پشت بەداخوازی و بەرژەوەندی گەل دەبەستێت وەک بنەمایی هزر و سیاسەتی خۆیی داڕشتووە لەگەڵ گەورە بوونی قەیرانەکان و بێچارەری هەردوو مۆدێل ئەم ڕەوتە دیموکراتی سروشتی و ڕادیکاڵدا زیاتر پێگەی بەهێزدەبێت و دەبێتە هیوای هەموو گەلانی ئەم ناوچەیە و پاشەڕۆژیش وەک مۆدێل و پارادگمایەکی نوێ بۆ چارەسەری کێشە جیهانێکان هیوابەخشە، کورد چۆن وەک گەلێک، گەورەترین کارەساتی بەسەرداهێنراوە و بۆتە قووربانی ئەم مۆدێلە سیاسیەی نەتەوە+دەوڵەت، پێوویستە لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان، زۆر هۆشیارانە خۆی بپارێزێت لە هزرێکی وابەرتەسک و ترسناک و نەکەوێتە داوێک کە لە ڕوانگەی سیاسی و ئەخلاقیدا بێناوەڕۆک و ئیفلاسە و لەلایەنی دەروونی و فکریدا خۆی قەتیس نەهێلێت و ئامادە نەبێت لایەنی سۆزداری میلگەرایی بالادەست بێت و لە دەرئەنجامێکی پرشنگدار و چارەسەرەری هەمیشەیی لەناوبازنەی قەیراناویدا خۆی قەتیس بکات و هیواکان تێک بشکێنێت چ بۆ پێکهاتەی گەلەکەمان و گەلانی ناو وولاتی کوردستانیش.

بۆیە هەڵوویستە لەسەر بنەماکان و ڕەهەندی نەتەوەی و شێواز و فۆرمێکی چۆن و خاوەن چ بیروباوەڕێکی فەلسەفی دونیا دیبدەیی چ ڕەهەندێکی نەتەوەیی توانایی ڕاگرتنی هاوسەنگی و چارەسەری ڕیشەیی بۆ کێشەوگرفتەکانی ناوخۆی کوردستان هەیە، لەگەڵ ئەمە چەند ووشەیی کوردستان لە دەستەواژەیی وەک عەرەبستان و توورکیا و ئێرانی بوون خۆی دەپارێزێت و هەوڵ کوردستانی بوون لە خۆی دەگرێت بە مانایەکی دەستەبەرتر هەنگاونان بۆ دەستەواژەیی کوردستانی بوون. ئەو کاتە کوردستان تەنیا وەک هیی خاوەن نەتەوەیەک دەستەبەرنەبیت و ئەتنیک و کەمیینەکانی ناو کوردستان هەست نەکەن کە بێ وولاتن و لە ناو جوگرافیایی کوردستان جێگیرن، بۆیە دەبێت پشت بەستن بە مێژوویی دێرین و فرە ئەتنیک و گەلانی ناو کوردستان بدرێت و سەرلەنوێ گەلاڵە بکرێتەوە و مێژوویەکی پرشنگدار و تەندروست خۆی بنووسێتەوە. چونکە فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و فکری جودا چەندە بێتە هۆکاریی دەوڵەمەندی کلتوور و چاند و دەستەواژەیی مانایی دیموکراتی زیاتر لەخۆی دەگرێت و پێوەرەکانی بەشێوەیەکی باشتر گەش و دەستەبەر دەبێت، بیروباوەڕی جیاواز یەکانگیریان لەناو یەکێتی سیاسی و نەتەوەیی زۆر بایەخدار و بەهاداردەبێت لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوبەراتی و ئیداریی زیاتر ململانێی پێشکەوتن و خوڵقاند خزمەتکردن دەکەوێتە پێش، لەگەڵ ئەوەش زەمینە دەبێت بۆ قەیرانی سیاسی و ناکۆکی و دەستەوەردانی دەرەکی، هێزە هەژموونگەراکان و دەسەڵاتخوازەکانی کە بەردەوام لە ڕەووت و مۆدێلێکی دیموکراتی ڕاستەقینە دەترسن، بۆیە هەوڵدەدەن بۆبەرژەوەندی خۆیان تۆویی ناکۆکی و کەلێن و قوڵکردنەوە ناکۆکی کێشە دروست بکەن و زەمینەیەک بۆ پارچەکردن و دژبەریی بخوڵقێن، چونکە مێژوو گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات ئەوەی بووە زەمینەی شەڕێکی زیاتر لە سەدەیەک لەناو گەلانی هەرێمەکە نەخوێندنەوەیەکی ڕاست بۆ ئەم بژاردەی گەلانە لەسەردەستی هەردوو ئیمپراتۆر و هەرچواردەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان و هەندێک لایەنی میللیگەرای کوردیش، ڕێگا بۆ فاشزمی نەتەوەی و دەوڵەت کردەوە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش گیرۆدەیی ئەم زهنیتە کاولکار و خۆسەپێنەین و هەموو گەلی هەرێمەکە بێ جیاوازی قوربانی بوون، بۆیە مۆدێلی سیاسی نەتەوەیەی چەند دیموکراتیک بێت ئەمەندە زیاتر چارەسەری لەخۆیدا بەرجەستەدەکات و هەموو دەستوەردانێک و سیاسەتێکی نادیموکراتیک و میلگەرا و هەژموونگەرا مایە پووچ دەبن و هیچ کەس و لایەنێک بە ئاسانی ناتوانن گەلی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بکەنە ماشە و سووتەمەنی دەسەڵات و سیاسەتی خۆیان و لەژێر دەمامکی پاراستنی دەوڵەت+نەتەوە گەل بەرەو ئاقارێکی خوێناویی و فاشستیدا پەلکێش بکەن و بلۆنگۆیی نەژادپەرستی بۆ دەسکەوت و ماناوەی چینێکی چەتە و دوور لە ئەخلاقی نەتەوەی بکەنە قووربانی.

تایبەت سیاسەتی پەرتوکەو زاڵبەیی سەدەیەک زیات کلتووری نەتەوەیی سەردەست و ئایینی سەردەست و مەزهەبی سەردەستی وەک واقعێکی نەخوازراو لەناو بنەمایی سیاسی و فکری و نەتەوەی ئایینی و مەزهەبی خۆی داڕشتووە، هەستی تۆڵە و خۆبەگەورە بینی وبچووک سەیرکردن لایەنە ئایین و مەزهەبی و نەتەوەیی داپۆشیووە، لە پێگەیی سیاسیش ئەم کلتوور تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆ لەناو سیاسەتی پارتی و ڕێکخراوەکانی خۆشماندا باوەو و کاریگەریی نەرێنی لەسەر پرۆسەی سیاسی و چارەسەری لە کوردستان کردووە، بەردەوام قەیرانی سیاسی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و زۆر کاتیش ڕوانگەیی سەربازیی بۆیەکلایکردنەوەی پرسەکان بە بنەماگیراوە و ساڵانێک بەردەوام بووە و پرۆسەی چارەسەریش لە گەڵ داگیرکەران زیاتر ئیدامەی کێشاوە و بەردەوامیش دوژمن ئەم کارتەی بەکارهێناوە چ لەناوخۆی پارچەیەک یان پارچەیەک لەگەڵ پارچەیەکی تر، هەرچەندە خۆش بەختانە بۆ نزیک دەساڵ دەبێت ئەمە ڕووی نەداوە، ئاڕاستەکەی لەسەر بنەمایی پلانگێڕی شەڕی ساردی شێوەی گرتووە، بەڵام بۆ کورد هەنگاوێکی ئیجابی سەرکەووتوو بووە. نامەوێت زۆر بکەومە قووڵی ئەم باسە کە هەمووومان گەواهی ئەم مێژووە تاڵ و نەگریسەین، بەلام بۆ ڕاوەستەکردن لەسەر کێشەکان و چارەسەری مایندە تێگین و دونیابینی نەتەوە و داڕشتنەوەی زۆر بایەخدار و گرنگە بۆئەوەی کۆنگرە بە ستراتیژێکی نەتەوەی خۆی بگات، لێرەوەش تیشک بخەینە سەر بنەمایی نەوەیی دیموکرات و (دەوڵەت+نەتەوە) چەندە کاریگەری ئەرێ و نەرێنی لەسەر داهاتووی گەلانی کوردستان و بە تایبەت گەلی کورد بۆخۆی دەکات و لەناو پرەنسیپە ناوخۆییەکان چەند دەتوانێت زهنیەتی دەوڵەتۆکە و دەسەڵاتخواز لەناو پارت و ڕێکخراوە و کۆمەڵگادا تێک بشکێنێت و دادیی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیی دەستەبەر بکات و ئەو هیوا و خەیاڵانەی کە هزریی کۆمەڵگایی پێ ژەهراوی کراوە پاک بکرێتەوە و بنەماکانی باوەڕیی بەخۆبوون و خاوەن هێزیی نەتەوەی و هیوایی نەتەوەی دیموکراتیک ببێتە خاڵی دەست پیکردنی ژیانی نوێ، لایی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کلتووری لێگەڕین بۆ خۆهاویشتنە باوەشی بێگانەکان زیاتر، بکەینە کلتووری پشت بەستن و باوەڕبوون بەهێزی سیاسی و خۆجێی لەناو کانگایی دڵ و دەروونی خەڵکدا دەستەبەر بکات، وەک خونچەیەک بەردەوام سەوزبێت و ببووژێتەوە بێتە هیوای سەدەیی بیستوویەکەم بۆ گەلانی

هەرێمەکە و مرۆڤایەتی. یان کۆنگرە لەناو زهنیەتی میلگەرایی و ستاتۆی نەتەوە+دەوڵەت قەتیس بکرێت و زهنی میللگەرایی ووشک و چارەسەریی کاتیی باڵبکێشێت بەسەر بڕیارەکانی کۆنگرەداو چارەنووسە گەلێک وابەستە بکرێت بە هزر و مۆدێلێک کە سەدەیەک زیاترە کورد خۆی قوربانی بووە کە هەژموونگەرایی سەرمایەداری لەناوچەکە بۆ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆی ئەم مۆدێلەی بۆ بەگژداکردنی گەلانی ناوچەکە داڕشتوو. بووە هۆکاری شەڕیی کاوولکاری و جینۆسایدی و بە سەدان تراژیدی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆیدا هێناو توانەوەی نەتەوە و کۆچکردنیان و ئارسملاسیۆنی چاند و کلتوور و زمان و ئینکارکردنی ناسنامەی یەکێک لە کۆنترین گەلی میزۆپۆتامیا کە گەلی کورد بووە لەگەڵ خۆیهێناوە، ئایا لە هاوکێشەیی ستراتیژی کۆنگرەی نەتەوەی چەند دەتوانێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم مۆدێلە کۆنگرە سەرکەووتوو بێت؟ بۆئەوەی لە خراپەکاریی و دڕەندەیی ئەم مۆدێلە کەمێک شارەزا بین دەبێت بە نووکی دەرزیش بێت هەندێک ڕوونکردنەوەی پێوویست دەست نیشانبکەین بۆچ مەبەست و ئامانجێک ئەم مۆدێلە وەک نۆرمی سیاسی مۆدێرنیەتە پێشکەشی گەلانکرا؟ چەند خزمەتی بە گەلانی جیهان کرد؟ ئیشارە پێبکەین و هەوڵ بدرێت دوایی سەدەیەک لە بنیاتنانەوەی یەکێتی نەتەوەی نەکەوینە یاریی ئەم مۆدێلە ترسناک و نەزۆک و کاولکارە هەنگاونانمان بۆ نەتەوە بوون نەسپێرینە ئەم خاڵە و لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانکاریەکاندا نەبینە پاشکۆ و هەمان چارەنووس و سیاسەتی سەدساڵ لەمەوبەر دووبارەنەکەینەوە.

بەریتانیا وەک سەرکێشی هەژموونگەرا بۆچی مۆدێلی نەتەوە+دەوڵەت وەک پرۆژە سیاسی و ئابووری و بەرژەوەندی خۆی داڕشت و چەند توانی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆی تێدا دەستەبەر بکات، بۆچی بە گرنگ و باشترین مۆدێل پێشکەشی ڕۆژهەڵاتی ناوینی کرد، ئەم مۆدێلە چەندە خزمەتی مەرامێکی سیاسی و بەرژەوەندی سەرمایەداری کردو و ئەنجام بەخش بوو، بۆ گەلانیش ئەنجام گەلێکی چۆنی لەگەڵ خۆیدا هێناو بەردەوام کردنی لەسەدەیی بیستوویەکەمدا چەندە دەتوانێت هیواکانی گەلان لەخۆی بگرێت و تایبەت لە پرۆسەیی سیاسی نوێی کوردا دەبێتە خاوەن چ پێگەیەک و دەرئەنجامێک چۆن لەگەڵ خۆیدا دێنێت و چەند دەتوانێت ببێتە تەواوکەری بەرهەم و دەسکەوتەکانی کورد و گەلانی ناوچەکە یان هەمان ترادیژیایی سەدەیی بیستەم بە فۆرم و شێواز و دەسەڵاتی جیاواز خۆی دووبارەدەکاتەوە لە هەرێمەکەدا. ئەمانە و چەندین پرسیارگەلی تر بۆ شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ زهنیەت و بنەماکانی (دەوڵەت+نەتەوە) کراوەیە.

دەرکەوتنی مۆدێلی نەتەوە (دەوڵەتە+نەتەوە) وەک هەیمانە و دەرهاویشتەیی سیاسەتێکی نوێی بەریتانیا و مۆدێلی هەژموونگەرایی سەرمایەداری لە شانۆیی سیاسی جیهان بڵاوەی کرد. لە ئەوروپا لەسەردەستی ناپلیۆن وەک خوداوەندی (نەتەوە دەوڵەت) نەخشی خۆی کێشا و زەمینەی ناکۆکی ئەتنیک و خوڵقاندی نەتەوەی باڵا بناخەی خۆی داڕشت، ململانێی بەڵادەستی لەنیوان سێ ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا. بەرە و هاوکێشەیی دیموکراتیک بوون یان مۆدێلی (نەتەوە+دەوڵەت) خۆی دارێژێت، دەرئەنجام دەوڵەت+نەتەوە وەک داشەهارەی سیستەمی هەژموونگەرایی سەرمایەداری پەلیکێشا بە سەر ئەوروپادا و لە نێوان ئنگلیز و ئەڵمان و فەرەنسی و دابەش بوونی نەتەوەکانی تریش بەسەر ئەم زلهێزانەدا و دەرگایی بۆ کاولکاری شەڕەکان کردووە تاکوو شەڕیی جیهانی دووهەم و تێکچوونی ئەڵمانیای نازیزی کاولکاری کووشتارگەیی ملیۆن مرۆڤ لێکەوتەوە.

ئەم مۆدێلە لە نیوەیی سەدەیی نۆزدەهەم لە ئەوروپا دەرکەوتە پێش و لەسەرەتایی سەدەیی بیستەم لەسەردەستی سیاسەتی هەژموونگەرایی بەریتانیا لە هندستان و باکووریی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین پەلیکێشاو شەڕیی دەسەڵات و یەکلاکەرەوە ئەم زلهێزانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕەنگی هەژموونگەرایی و باڵادەستی جیهان لەخۆی گرت بوو. لەکاتێکدا ئەوروپا لە سەروبەندی هەژمونگەرایی بەریتانیا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کۆماریی فەرەنسا و دەوڵەتی ئەڵمانیا زۆر ووڵاتی تر دروست بوون و سنوور و دەوڵەتی نەتەوەییان دامەزراند، بەڵام بۆ یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی هەژمونگەرا هاوپەیمانەکانی دەرەوەیی سنووری ئەورپا و هەرێمە جیاوازەکان گرنگی خۆیان هەبوو، بۆیە ناپلیۆن لە ئیسپانیا و شەڕی ناوخۆی فەرەنسا پلانی دەرەوەی داڕشتوو لە باکووری ئەفریقا دەستی بە پالانەکانی کرد و دەربازیی مسر بوو، لە دەربازبوونی میسر بۆ سوریا ڕستەیەک زۆر گرنگ دەڵێت(هەرکەسێک بیەوێت باڵادەستی جیهان بێت و وەک کەسایەتی گەورە بژیی دەبێت لێرە ژیان بکات، هەمان کاتیش دەڵێت ئەورپا جێگایی مشکی کوێرە و پیاوی گەورەیی لێیهەڵناکەوێت) ئەم بۆچوونەی سیاسیەی ناپلیۆن لێگەڕین بوو بۆ تێکشکاندنی سیاسەت و باڵادەستی بەریتا لە جیهان و ئەوروپا و ناپلیۆن هەوڵیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بەرەو هندستان چۆک بە سیاسەتی بەریتانیا دابدات و هەیمانەی هەژموونگەرایی تێک بشکێنێت و هاوکێشەی سیاسی بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە، هەمان بیرۆکە ناپلۆیۆنی لە زیندانێکی دوورگەی بەریتانیا گیرکردوو و ژەهرخواردیان کرد.

مۆدێل نەتەوە+دەوڵەت بۆ تێکشکاندی ئیمپراتۆریەتی ئایینی و مەزهەبێکان و تێک بردنی بژاردەیی گەلان و فۆرمیلەکردنی هەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەتی خۆی وەک بژاردەیەکی ترازران و شکاندنی هەیمانەیی ئیمپراتۆریەتیەکان و دیاریکردنی سنوور لەسەربنەمایی دەوڵەت نەتەوە لەناو پەرەنتێزی ناکۆکی نەتەوەی و ئایین مەزهەبی وەک سیاسەتێکی (پەرتوکە و زاڵبە) دارێژراو و بووە هەیمانەیەک بۆ شەڕێکی داسەپاو لەناو بژاردەی گەلان، وەرچەرخان بۆ نەتەوەی باڵا و ئایین باڵا و مەزهەبی باڵا، ئەم مۆدێلی سیاسی سەدەیی نۆزدەهەم و بیستەم ڕێگایی بۆ توانەوەی نەتەوەی و ئینکار و شەڕێکی کاولکارانەی سەدەیەک خۆشکرد، یەکێتی هێزی گەلان لەسەر بنەماکانی ئۆتۆنۆم و نیمچە خۆسەری وەک فاکتۆرێک بۆ زەمینەی ناکۆکی و قووڵ بوونەوەی فاشیزمی نەتەوەیی ئاینی و مەزهەبی باڵی کێشا و ژینۆسایدیی گەلان و ئارسیملاسیۆنی فەرهەنگ و زمان و کلتووری گەلانی لەگەڵ خۆیدا هێنا.

سیاسەتی سەرمایەداری جیهانی بە پێشەنگایەتی بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی گرنگیدانی خواستی گەلان و سەربەخۆی گەلانی بە بنەما نەگرت بوو، بەڵکو هەوڵدان بۆ پارچەکردنی دەسەڵاتی زلهێزو گرێدانیان بوو بە سیاسەتێک کە نۆرمی جیهانی لەخۆی گرت بوو، هەر نەتەوەیەک هەوڵیداوە لە دەرئەنجامی مۆدێلی نوێدا خاوەن کیان و

جوگرافیایەکی فراوان بێت، بێ گوێدانە ئەو گەلانەی بە هەزاران ساڵ لەسەر خاکێک لەگەڵیان ژیاون. بۆبەدەست هێنانی دەسەڵات سیاسەتی توانەو کۆچکردنیان کردە چارەنووسیان و لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات بۆ پاراستنی خۆی گەلەکەی خۆشی کردە سووتەمەنی شەڕێکی نەگریسوو مایە پووچ و ئەوەی بەرژەوەندی خۆی تێدا بەرجەستە کرد سیستەمی سەرمایەداری بوو، ئەو گەلانەشی بوونە (دەوڵەت نەتەوە) سەردەستی هەرێمی، نەبوون بە خاوەن کیانێکی دیموکراتیک و پێشکەوتوو بەڵکوو لەدژیی گەلان ژینۆساید و لەناوخۆشیاندا دکتاتۆری و سەرکووتکردنی هەموو بزاوتێکی ئازادیخواز و دیموکراتیک لەژێر چەتری پاراستنی نەتەوە و دەوڵەت، ئەمڕۆ ئەوان بە ڕووی داڕمان و تێکچوون بوونەتەوە و ناتوانن چیتر مژارەکانی پاراستنی دەوڵەت و نەتەوە بۆ لەهۆشبردنی کۆمەڵگا بەکاربهێنن.

بەریتانیا بۆچی مۆدێلی دەوڵەت نەتەوەی وەک هەڵبژاردەیەکی سیاسی هەڵبژارد، وەک کۆڵەکەیی سیاسی بەردەوام ئیدامەی پێدا لە ڕۆژهەلاتی ناویندا، ئەمڕۆ دەوڵەتانێک خۆیان دروستیان کردوون بۆنەتە ڕێگر لەبەردەم بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریەکانیاندا، ئەو هەیمانەی خۆیان پلانرێژیان کرد وەک خواردنێکی ئێکسپایر و دیکتاتۆر و چەوسێنەر ناویان دەهێنن لەگەڵ ئەوەشدا لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیشدا هەوڵدەدەن ئەم مۆدێلە کۆتایی پێبهێنن. ئەگەر توانیان بە ڕێگایی سیاسی و پلانی پشتی پەردە گۆڕانکاریان تێدا بکەن بە کورترین ڕێگا بگەنە ئامانجەکانیان ئەوە هەرزوو دەستەو پیاوانی خۆیان وەک مەئموور بەجێ دەکەن یان بۆ زیاتر مەشرووع کردنی دسەڵات و هێزی خۆیان ڕێگای قەیران، پاشانیش بە دەستوەردانی سەربازیی هەموو دژەبەرەکانیان ئاگادار دەکەنەوە کە ئێوەش ئەگەر گۆڕایەڵ نەبن هەمان چارەنووس چێوەڕێتان دەکات و بەمەش ناوەستن بۆ مەشروع کردنی ئەم سیاسەتەیان، دادگاکان و دەزگاکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی پێوەرە دیموکراتیەکان بێ ئیش نەمێنن هەڵدەستن هەنێد کەسایەتی و داروودەستەکەیی ئەم ڕژێمانە دەکەنە میوانی شانۆگەرێکەیان و دادیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافی مرۆڤیان وەک گەواهی ئەم هەژموونگەراییەیان دەکەنە شاهید و جێگا بە هیچ گوومان شکێک ناهێڵن لەناو وولات و خەڵکانی خۆیاندا و بۆ گەلانی تریش وەک فریادرەوس هەژماردەکرێن و هەمان دەکوودۆلابی داگیرکاری و کاولکاری بە شێواز و ڕێبازی جیاو ناویی جیاواز دەکەنە ڕۆژەڤێکی هەڵخەلەتاندن و چەواشەکردن.

شانۆگەری (دەوڵەت+نەتەوە) کۆتایی سیاسەتی سەدەیی بیستەم لەسەردەستی سەدام و داروودەستەکەیی بەڕێوەبرا و بە گوێی ئەو ملێونان خەڵکەیاندادا کە پێش شەڕێ پرۆسەی ئازادی ئیراق لە دژیی شەڕ و کاولکاریی ڕژانە شەقامەکانی جیهان، گووتیان ئەم داموزگا ئێوە دژیی دەستوەردانێ ئێمە بوون. ئەمەندە زاڵم بوون لەکاتی دەسەڵاتی خۆیاندا بوونەتە هۆکاری کوشتنی سەدهازاران مرۆڤ، بەڵام ئامادە نیین خۆیان لە زۆرگەلە پرسیارێک بدەن کێ نەخشە کێشی ئەم سەدە خۆێناوییەی داڕشتوو سیاسەتی (پەرتوکە و زاڵبە) تواندنەوەی گەلەن لەسەردەستی دەسەڵاتی دەستپۆتی دەوڵەت+نەتەوەکانتان، داڕشت و پارێزگاریان بوون لە جیهانی سیاسی و هەموو شۆڕش و بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەیان لە دژیی ئەم زووڵمانە بە تیرۆر و تێکدەر و ئاژاوە گێر بەناو دەکرد و هێزی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتەکاندا دەکردە یەک بۆئەوەی سەرکووتیان بکەن و لەناو مێژوویی تاریکدا بیانشارنەوە و یان دەستەمۆیان بکەن و بۆ ڕۆژانی خۆیان کەڵکیان لێوەربگرن وەک ئەوەی ئەمڕۆ ئاشکرا ڕوونە.

لەسەر ئەم بنەمایە بە خاڵبەندی ئیشارە دەکەین بە هەردوو ڕوویی سیاسی دەستەوەردانی هەژمونگەرایی سەرمایەداری سەرەتایی سەدەیی بیستەم و هەڵبژاردەی نۆرمی (دەوڵەت+نەتەوە) گرێدکراوی کام هۆکارگەلی سیاسی و ئابووری و هەرێمی بوو، بۆچی لە بونیاتنانێکی دیموکراتیک زیاتر هەوڵدان لە ڕێگایی ئەم مۆدێلەوە کاری بۆکراو وەک نەخشەیەک داڕێژرا، ئایا ئێمەی کورد دەتوانین پەندوەربگرین و کوێرانە خۆمان تەسلیم ئەم زهنیەتە نکەین و خۆمانی لێداماڵین، هەرچەند ئەمڕۆ وەک خەونی ئازادی گەلی کورد پێناسە دەکرێت، هەرچەند لەناوەخنی ئەم مۆدێلە ئازادیی بوونی نییە.

١- دەسەڵاتی هەژموونگەرای سەرمایەداری، بۆئەوەی بتوانیت زهنیەتی ئۆمەتگەرایی ئیمپراتۆری عوسمانی ئیسلامی، ئیمپراتۆری سەفەویی مەزهەب شیعەگەرایی ئیران تێک بشکێنێت، سنوورێک بۆ دەسەڵاتیان دیاری بکات، مۆدێلی نەتەوە+دەوڵەتی باڵایی وەک ئەڵتەرناتیڤ پیشکەش کردن. لەسنورێکی کەمتر و پڕ لەناکۆکی و خاکی گەلانی تری ناو سنووری پێشکەش کردن و هەموو ئیمتیازێک بۆئەوەی خاکی گەلانی تر بکەنە موڵکیان و بۆ لەناوبردنیان هەموو پشتگیری سەربازی و ئابووری و سیاسی دەکرێن و لە جیهاندا دەنگیان خەفە بکەن و هیچ کەسێک گوێیان لێنەگرێت، هەموو شتێکیان بۆدەستەبەرکرا تاکوو ستاتۆی یەک میلەت و یەک دەوڵەت و یەک زمان بکەنە بنەمای داڕشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان، گەلانی تریش لە ڕێگایی سیاسەتی نەرم و شەرمکردن لە ناسنامەی خۆیان وەک خۆیان لێبکەن، یان لە ڕێگایی ڕەشەکووژی و توانەوەی چاندوکلتوور و قەدەغەوە کۆتاییان پێ بێنن. لەگەڵ ئەم بۆچوونەش ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک دڵی جیهان لەدەستی دوو ئیمپراتۆردا خیر و بێرەکەی دابەشدەکرا و خاوەنی گەورەترین دەسەڵات بوون پەلهاویشتنیا بۆ مەودایەکی زۆری جوگرافی هەبوو ئەم مەیلیش بۆهەژموونگەرا ئاستەنگ و کێشەی زۆری دروست دەکرد، یەکێکیش لە تایبەتمەند هزری هەژموونگەرا خۆی دەسپێرێتە دەسەڵات پارچە پارچە بکە و بێمسیۆنی بکە و بەخۆتەوەی گرێبدە.

٢- پێگەیی ستراتیژی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوین خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و پەلهاویشتنی دەسەڵاتی خۆی بۆ باکووری ئەفریقا و هندستان و ئاسیا و قەفقاسیا و لە لایەکیش وابەستەی جوگرافی لەگەڵ ئەوروپادا خاوەن پێگەیەکی بەهێزە ئەم ڕوانگەیەش لایەنێکی مێژووی کۆنی هەیە لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکەندۆنیدا دەڵێت گەردەتەوێت باڵادەست جیهان بیت، دەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و دڵیدا دەسەڵات بیت.

٣- پێکهاتەی نەتەوەیی و ئەتنیک و ئاین و مەزهەبی جودا و کێشەی بەڕێوبەرایەتی هەردوو دەسەلاتی ناوچەکە زەمینەیەکی سیاسی خۆشکردبوو، لەناوخۆدا کێشەی بەرێوبەرایەتی و ململانێ ئەتنیکیەکان وەک فاکتەرێکی گرنگ زەمینەی دەستوەردانی سیستەمی سەرمایەداریی خێراترکرد، بەریتانیا لەلایەک گەلانی هاندەدا کە مافی چارەیخۆنووسین و دەوڵەت بوونیان هەیە، دەبێت چیتر ڕازیی نەبن بە نیمچە خۆسەر و ئۆتۆنۆمی ئەم دوو زلهێزە و قبووڵیان نەکەن، بەشێوەی سەربەخۆ و لەناو مۆدێلی

نەتەوە+دەولەت مافەکان دەستەبەر بکەن . ئەم مەیلە بۆ گەلانی دەرەوەی عەرەب و فارس و توورک وەک چەنسێک و مافێکی خۆزایی چاوی لێدەکراو بەخۆشیەوە لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵـدانکرا، هەرچەنـد لـە پشتی پەردە ئـەم سینارۆیۆ بـۆ ملکـەچ کردنـی هـەردوو ئیمپراتـۆر داڕێژرابـوو ئەگـەر بـە سیاسـەتی بـەریتانیا ڕازیـی نـەبن ئەوکاتـە ئەلتەرناتیڤ هەیە و ئەم گەلانەیان وەک چەکووشێک بەکاردەهێنا و دەیانکردن بە گژیاندا بـۆ ئـەوەی بەردەوام ئـەم دەسەڵات و پیوەندانـەی خۆیـان جڵـەوگیر بکـەن، خـاڵـی قـەیران و ناکۆکیـان بـۆ سـەدەیەک هێشتەوە و وەک کـارتێکی گووشـار لەسـەریان بـەڕێوەبردن و ئـەمرۆش وەک بوورکانێـک هەرێمەکە لـە کوڵاندایـە و هاوکێشـەکان و جڵـەویی دەسەڵاتی هەژموونگەرا و دەستپۆتەکان لە شیرازە دەرچوون دەرئەنجامێکی چۆن پێشدەکەوێت ڕوون نییە هەرچەنـد دینامیک و بژاردەی گـەلان وەک ئەڵتـەرناتیڤ گـەورەترین چەنسی سەرکەوتنی لەدەستدایە.

۴- بژاردەیی گـەلان و مۆزایـک بـوون و فەرهـەنگێکی مێژوویـی و پێکـەوە ژیـانێکی ئـازادیی گـەلان، لەسـەروبەندی کێشمەکێشم و وەرچـەرخان بـۆ گۆڕانکاریـەکی مێژووی زیـاتر برەودان بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی هـەرێمی و لاوازکردنـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی لـەناو بازنـەیی بژاردەی گـەڵان و یەکێتیـەکی ئازادانـەدا زەمینەیـەکی دیموکراتـی تەندروست و خۆڕسکی پێشکەوتوو چەنس سەرکەوتنی زۆری هەبوو، ئەمەش بۆ هەردوو ئیمپراتـۆر و هەژموونگـەراش ترسناک و نـەخوازراو بـوو، هۆکـاری زۆر باجدان و سـەربازیی زیـاتر و پێشێلکردنی دەسەڵاتی هەرێم و هەوڵدان بۆ زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی هەردوو دەسەڵات، دەرگایی لێگەرین بۆ هەڵـووێستی جیاوازی لەناوخۆیـدا گەڵاڵـە کردبـوو، هـەردەچوو ئـەم هەرێمـە ئۆتۆنۆمیانـە کاریگـەری دەسـەڵاتی هـەرێمیان گەشـەیی دەکـرد و دەسـەڵاتی ناوەنـدی بـەهۆی کێشـەناوخۆییەکان لاواز دەبـوو، لەلایـەکیتر جیهـان لەسەررووبەندی گۆڕانکاریدا هەنگاوی هەڵدەهێنا، چەنسی سەرکەوتن و گۆڕانکـاری خۆڕسک پشت بەستوو بە بژاردەیی گـەلان و هاوپەیمانی بۆ ڕیفۆرم لەدەسەڵاتدا زیـاتر بنەما و پێوەرەکانی دیموکراتـی بەهێزتر دەکرد. ئەمەش بۆ دەسەڵاتی سەرمایەداری جێگای قبـووڵ نـەبوو، نـەخوازراو بـوو، چونکە ئـەو دەسـەڵات و هێزەیـی ئەگـەر کـەمێکیش لەسەر هەردوو ئیمپراتۆر پەیڕەویان دەکرد، وەرچەرخان و گۆڕانکاری خۆجێی گەلانی هەرێمەکە هاوکێشەی سیاسی و بەڕێوبەرێتی خـۆی دیـاری بکردایـە، بـە تـەواوی دەستیان لەبنی هەمانەکە دەردەچوو هەموو هاوکێشە جیهانیەکان فۆرمێکی جیاواز لەوەی ئەمرۆی پەیرەودەکرد و دەبوو ئەم هەموو کاولکاری و کوشتارگەیەش ڕووینەدایە.

۵- دۆزینەوەی نەوت و سامانە سروشتیەکانی ژێر زەویش لەخۆیدا زیاتر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی بەهەێزدەکرد لەگەڵ ئەوەشدا ئەوروپا و سیستـەمی سـەرمایەداری دەبـوو ملکـەچی داخوازییە ڕۆژهەڵاتیەکان دەبوون و ئەوان دەبوو بە پێی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی سیاسەتی خۆیان دارێشتایە، ئەم هۆکارە ئابووریە لەخۆیدا گـەورەترین تـرس و دڵـەڕاوکێکی بـۆ سیستەم دروست کـرد، چونکـە دەسـەڵاتی سیستـەمی سـەرمایەداری لـە ئـەوروپا زانسـت و هونـەری قـۆرخکردووە و ئـەوەی زیـاتر دەتوانێت دەسـەڵاتی خـۆی پێپـەرە بسێنێت و بسـەپینێت قـۆرخکردنی سیستـەمی ئابووریـە، دۆزینـەوەی نـەوتیش وەک گـەورەترین چـەکی سیستـەم و ئـابووری ئـەمرۆ لـە جیهانـدا جێگـای بایـەخێکی زۆرە، بگـرە شـەڕە کاولکارییەکانی سەدەیەک زیـاتر و بـەردەوامی تـاکوو ڕۆژی ئـەمرۆ زیـاتر بـۆ سامانی ژێـر زەویـی خـۆی تـەرخانکردووە و نـەوتیش گـەورەترین بـەهای ئـابووری تـازە دۆزراوەی جیهان بوو لەناوچەکە و تائەمرۆ بەردەوام دەکات، دۆزینەوەی ئەم سامانە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین زیاتر قووڵ بوونەوەی باڵادەستی پلانی دەستوەردانی خێراتر کـرد بۆ ناوچەکە، دۆزینەوەی مۆدێلی دەوڵەت+ نەتەوە بۆ جڵەوگرتنی ئەم هەرێمە باشترین ڕۆڵیی پێدرا. وەک داخوازیی گەلان کرا بـە بابـەتی سیاسـەتێک بۆخۆخـەریکردن و زۆرانبازی لەناوخۆ و بالادەستی نەتەوەی باڵا و ئاینی باڵا و مەزهەبی باڵا، کاتێک هیزەدەسەلات خوازەکان هەموو ئیمکانی خۆیا بۆئـەم مەبەستە تـەرخانکرد بـوو، تـاکوو ستاتۆی باڵابوون دەستەبەر بکەن هەژموونگەرا لەسەر ڕێچکەی پلانەکەی خۆی زیاتر ڕەووشی ئاسایشی خراپتر دەکرد، دەسەڵاتەکانیش هـەموو ئـەم بەرهـەمی نەوتـەیان بـۆ دەستەبەرکردنی سیاسەت و دەسەڵاتی خۆیان پێشکەشی هەژموونگەرا کـرد تـاکوو بتـوانن پێگـەی دەسەلاتیان بـەهێز بکـەن ئەمە تەڵکـەزی سەرمایەداری بـوو بژاردەی گـەڵانی کـردە زەمینـەی دەسکەوتی مـاددی و سیاسـی و دەسـەلاتی خـۆی. بـەردەوامیش کەلێنـەکانی ناکۆکیـەکانیان زیـاتر قووڵـدەکردەوە و لەگـەڵ ئەوەشدا هاوسـەنگی لـەناوچوون و ژیانکردنیـان وەک دووفاقـەیـەکی بـەردەوام بـەکاردەهێنا هیچ کاتێک ئامـادە نـەبوو هـەموو پشتگیریەک بدەنـە دەوڵـەتی سەردەست بـۆ لـەناوبردنی گـەلانی بندەستیان و بـە پێچەوانەوەش ئەمەندە هاوکار نەبوو بە هێزە دژبەرەکانی دەوڵەتە سەردەست و دکتاتۆرەکان تاکوو ملکەچی گۆڕانکـاری و ڕیفۆرم وبنـەماکانی دیموکراتیـان بکـەن، ئـەمرۆ زۆر بە ڕوونی پەردە لەسـەر ئـەم سیاسـەتە هەڵماڵـراوە و سیاسـەتی دووفـاقیی لـە ئێـران و سووریا بـە شێوەیەکی بـەرچاو دیاردەکەوێت و دەیانـەوێت سیاسـەتی هیلاک کـردن و بێزارکەر بە گەرمی و دەمدرێژ پەیرەو بکەن تاکوو بەرژەوەندی خۆیان لەدەست نەچێت و بەردەوام کاریگەری سیاسی خۆیان لە هەرێمەکە هەبێت و ئامـادە نـین جڵـەوی خۆیـان لەدەست بدەن چ شێواز و پەیڕەوێک پێوویست بێت بێ دوودڵـی پەنـایی بۆدەبەن و بەکاریی دەهێنن.

۶- لـە دوایـی ڕێنسـان بێگومـان ڕۆژهـەڵاتی نـاوین لەسـەروبەندی وەرچـەرخانێکی هزریـدا بـوو، هەرچەنـد ئیمکـان و دەرفـەتێکی هـزری ڕۆژهـەڵاتیش وەک سـەردەمی ئـەمرۆ دەرنەکەوتبوو، بەڵام بە کەڵک وەرگرتن لە شۆڕشی سۆسیالزمی بنیاتنراوی ڕووسیا کاریگەری تـائاستێک هەبوو، ئەم وەرچەرخانـە فکرییـەش دەبـوو وەک سـەنتێزێک و بیرێکـی نوێ چەنسێک بدایە بە هەرێمەکە و زیاتر دەرگایی پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکان مەیلیان بۆ پێشکەوتنێکی هزری و سیاسی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووریش خـۆش بکردایـە و ڕێگـر بووایە بۆ دەستەوەردانێکی دەرەکی و هەژموونگەرایی سەرمایەداری، هەرچەنـد ڕۆڵـی شۆڕشی ڕووسیاش دڵخۆشکەر نـەبوو بـۆ هەرێمەکەو سیاسەتێکی گونـاج و سـەرکەوتووی نەبوو، بەڵام کاریگەری گۆڕانکارییەکان بۆ ژیانێکی سۆسیالیزم و هەنگاونان بۆ وەرچەرخانی دیموکراتیک لە هەرێمەکەدا بەهاییەکی گرنگی خۆی هەبوو هۆکارگەلیکی مێژووی و هەمەئاهەنگی گەلان و بژاردەکەی دەیتوانی نۆرمی دیموکراتیک و پێوەرەکانی دیموکراتیک وەک نموونەیەکی زۆر بەهیز و جوانتر لـە مۆدێلی ئـەوروپا پێشکەشی مرۆڤایـەتی بکات، هەرچەند دەبێت لایەنی نەرێنی هەرێمەکە و تایبەتمەندی دۆگما ئایینی و مەزهەبییەکان لەبەرچاو بگرین، بەڵام هێشتا زۆر دوور بوو لە زهنیەتی فاشستی نەتەوەی

و ئاینی و مەزهەبی وەک ئەوەی ئەمرۆ گەورەترین کارەساتی مرۆیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، ئەمەش وەک ڕەنگدانەوەی سیاسەتی هەژموونگەرایی سەیربکرێت مانادا و جێگایی پەسەندە.

بۆیە دەبێت لە دەرئەنجامی ئەم کوورتە مێژووەدا، هەنگاوەکانی کۆنگرەی کوردستان بە پێگەی نەتەوەیی دیموکراتیک و بژاردەیی گەلان و دادی کۆمەڵایەتی پێگەی خۆی دارێژرێت، هەموو هەوڵدانێک بۆ چەمکی نەتەوە+دەوڵەت مەحکوم بکرێت و تاکوو دەتوانرێت وەک چەمک و زهنیەت بەرتەسک و بچووک بکرێتەوە و هەنگاو بۆ هاوکێشەی سیاسەتیکی دیموکراتی دەستەبەر بکرێت، چەمکی پارت و ڕێکخراوەی زۆر بۆ سەپاندی هێڵی سیاسەتی گشتی لەسەر بنەماکانی دەوڵەت+نەتەوە وەک هێڵ و بنەمایی دیموکراتی بەناونەکرێت و ڕێگا نەدرێت زهنیەتێکی بەسەرچووی سەردەم خۆی فەرز بکات، چونکە دەبێت وەک زهنیەت ئەم مۆدێلە بگیرێتە دەست و هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و تاکتیکی سیاسی ڕۆژانە لەسەر بنەمای ستراتیژی زهنی و فکری خۆیدابرێژرێت. چونکە ئەم بیرۆکانە زیاتر لە مۆدێلی چارەسەری و پتەوکردنی بنەمایی نەتەوەیی ڕێگا بۆ لێکترازان و قووڵبوونەوەی ناکۆکیەکان و کاوولکاری دووبارە بوونەوەی بۆ سەدەیەکی تر درێژ بێتەوە.

هەرێمی میزۆپۆتامیا، کە وەک مۆزایک و باخچەیەکی ڕەنگینی گەلان هەژماردەکرێت و خاوەن چەندین کلتوور و ئاین و مەزهەب و فەرهەنگ و زمانی جیاوازە، مۆدێلی دەوڵەت نەتەوەیەک کە بنەمای ئایدۆلۆژی خۆی دەسپێرێتە دەسەڵات، پێوان و کارەکتەری لەسەر بنەمایی یەک میلەت و یەک ئاڵا و یەک دەوڵەت یەک ئایین خۆی دابرێژرێت، چۆن دەتوانێت نۆرمێک و مۆدێلێکی دیموکراتی پەسەندبکات، دەسەڵاتێک لەسەر بنەمایی دەسەڵاتگەرایی خۆی دارشت بێت و موزایدە بە کیانی نەتەوەی خۆی بکات بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی لەژێر سایەی پاراستنی ئەمنی نەتەوەی سوپا و هێزە سەربازییەکان بە پلەیی یەکەم کاریگەریان هەبێت لەسەر ووڵات و هەموو کاتێک وەک چەکووشی ئاسنین بۆ دامرکانەوەی گەلان و دامووەزگاکانی مەدەنی دیموکراتی خاوەن بڕیار بن چۆن دەتوانێت هەنگاو بۆ دەوڵەتێکی دیموکراتی بنێت، ئەگەر بنەماکانی دەوڵەت لە مێژوو لەسەر بنەمای دەسەڵاتگەرایی و چین ژوور خۆی دارشتووە، مێژوویەکی کاولکاری و توانەوەی لەناوەخنیدا هەڵگرتووە، سیاسەتی دووڕوویی و دووفاقەیی نەرم و تووندوتیژ پەیرە بکات، هەموو تاکێک گۆشبکات بە کوێریەکی فکری لەسەربنەمایی پاراستنی دەوڵەت. چۆن دەتوانێت زەمینەی پێشکەوتن و نوێ بوونەوە و گۆڕانکاری زهنیەت دەستەبەر بکات، ئەم مۆدێل و نۆرمی (دەوڵەت+نەتەوە) لە سیستەمی سەرمایەداری پێکهاتەی نەتەوەیی لەخۆیدا قۆرخ کردووە، لە مێژووی سەدەیی ڕابووردوو بۆ تێکشکاندنی هزرە دیموکراتیە خۆرسکەکانی میزۆپۆتامیا گەورەترین کارەساتی مرۆی و سروشتی لەگەڵ خۆی هێنا، دەبێت کورد بتوانیت بەهەمان ئاراژ و شێواز خۆی بگەێنێتە کلتووری دیموکراتیک و دادیی کۆمەڵایەتی کە لەسەدەیەک زیاتر تێکۆشین و قوربانی بۆداوە.

لەسەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان، بەلاوەنانی سیاسەت و مۆدێلی دەوڵەت+نەتەوە وەک چەمکێکی ترسناک و نەزۆک ڕاوەستەی لەسەر بکرێت و هەوڵبدرێت بۆ بەرقەرار کردنی ژیانێکی نوێ بە نۆرم و مۆدێلی دیموکراتی تەنیا وەبەستە بە ووشە نەبێت و ڕێگاخۆشکەر نەبێت بۆ ئەوەی ئەم ستراتیژی نەتەوەی وەک دەستەواژەیەک و خەونێک بەهادار و پیرۆز لەکەدار بکرێت و ببێتە جێگایی گومان لەناو گەلدا و هیواو خەونەکانی سەد ساڵەیی ئەم گەلە لەناو بازنەیی دەوڵەتی دەسەڵاتدا قەتیس بکرێت، دەسەڵات لە ژێر سلۆگان و ووتافەکانی مافی چارەیخۆنووسین و دەوڵەت بووندا هەموو بەهاو مافەکانی دیموکراتی قۆرخ بکرێت. پێوەرە دیموکراتیک و مافەکانی کۆمەڵگا و تاک ژێر پێبکرێت و ئەقلیەتی تاک دەسەڵاتی و پەنجا بە پەنجا خۆی فەرز بکات و هەموو پێکهاتە و کەمینەکانی فکری و مەزهەبی و ئاینی بەلاوە بنرێن و هەموو بنەماکان لەسەر زۆرینە خۆی دابرژێت و یاسای کەمینە ببێتە بنەمایەک خاوەن هیچ مافێک نەبێت.

چونکە ئەم نۆرمەی دیموکراتیکی ئەوروپایی لیبرالیزم وەک دەستەواژەیەکی زۆرینە لەسەر بنەمایی دەسەڵات زۆر ئافکار و ئاکاریی نابەجێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و تایبەت بۆ گەلی کورد کە هاوبەشی سیاستێک بکات لەناو دەسەڵاتی گەلانی زۆرینەدا چەند مەترسیدا و کێشەدارە هەمان کات لە سیاسەتی ناوخۆیدا گەورەترین قەیرانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، نموونەی حاشاهەڵنەگر سیاسەتی ئەمرۆی باشوورە و دارشتنەوەی دەستوورێکە کە زۆرینەی پەرلەمان و دەستەیەکی بچووک، چارەنووسی گەلێک بە ئارازوو خواستی خۆیان بەرێوەدەبەن و دەبێت هەرکەسیش بەم دوعا بڵێت ئامین. بۆیە کەم زۆر دەرئەنجامی مۆدێلی دەوڵەت+نەتەوەی خۆمان دەزانین کە هێشتا لەسەروبەندی خۆدارشتندایە چۆن بنەماو پێوەرەکانی دیموکراتیک پێشێل دەکات و هەوڵدەدات دەمامکی پاراستنی نەتەوەی بەردەوام وەک چەکێک بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و ئابووری و بازرگانی و نەتەوەیی و ئیداریی و بەڕێوەبردن بەکار بێنێت بەرێوەدەبات بۆئەوەی ستاتۆ و دەسکەوت و کیانێکی کورد بەدەستی هێناوە لەدەستی نەدات وابەستە کراوە بە پارت و بنەماڵەوە و دەستەیکە نوخبەی کورد کە خۆیان سەرپشک کردووە لە هەموو بڕیارێک لەسەر ئایندەی گەلیک، بۆیە کۆنگرە دەبێت ئەرکی نەتەوەی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل بکاتە مووڵکی هەموو تاکێک کورد، پارتی و ڕێکخراوەکانیش بە میکانیزم و شێوازی خۆیان بتوانن هەموو پێکهاتەکانی کوردستان لەخۆیان کۆبکەنەوە و وەسیلەیەکی بەهێزبن لە هۆشیارکردنەوە کۆمەڵگا لەبەرامبەر ئەرکی نەتەوەی. هەموو بڕیارێک بۆ ئەنجەدایی سیاسی و نەتەوەی دەبێت کۆنگرە پەردەیی شارەوە و پلانی پشتی پەردە بەڕێوە نەبات و لەسەربنەمایی کۆنگرەی سیاسی ڕێکخراو و پارتەکان خۆی قەتیس نەهێلێ، بۆیە هەوڵدان بۆ زهنیەتی نەتەوەی دیموکراتیک و باڵکێشانێ بەسەر کەش و هەوایی کۆنگرە دەتوانێت هیوایەکی زۆر گەورە بەخشێتە گەلەکەمان و ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ زهنیەتێکی دیمورکراتیک و دادپەروەریەکی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بنەمایە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان و کوردستانی بوون دەبێتە مەرجعیەتی هەموو پیکهاتەو کۆمەڵانی کوردستان و کۆمەڵگا و تاک و دادیی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەبێت لە ژێر ئەم چەترەدا سیاسەتی نەتەوەیی سەرکەووتوو دەبێت و هەموو کەسێک بە گیانی نەتەوەی و لێبووردووی پابەند دەبێت بە بڕیار و پێوەرەکانی چ وەک تاکی کورد و کۆمەڵگا و ڕێکخراوە

مەدەنی و حزبییەکانیش هیواکانمان لەسەر ئەم بنەمایە دارِشتووە و ئاواتەخوازین ئاستەنگی و بەربەستەکان رێگرنەبن بۆ وەرچەرخانێکی مێژووی و بەهادار کە خەونی ژیانێکی نوێی هەڵگرتووە.

سەرچاوە : کوردستان پۆست / رێکەوتی : ٢ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ... رەهەندە ستراتیجییەکانی ئەم کۆنگرەیە: دوو پارچە یەکدەگرنەوە



بەشی سیاسەت:

سەرەنجام دوای هەوڵێکی پچڕ-پچڕی سێ ساڵە، رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە لەهاوینەهەواری پیرمام کۆبوونەوەی بەرایی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەرێوەچوو. بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە ئومێدێکی زۆری لەلای کوردستانیانی هەر چوار لای کوردستان دروستکردووە. شارەزایانیش پێیان وایە کە بەرێوەبردنی ئەم کۆنگرەیە بۆخۆی دەبێتە گۆرپارێکی (متغیر) گرنگ بۆ پێشخستنی هەست و رەوتی نەتەوەگەرێتی کوردستانی. راستییەکەشی ئەمەیە کە ئەوەی هاتەکایەوە، بۆخۆی یەکێک لەیەکەمینەکان و یەکەم هەنگاوەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە. هەولێر ئەمجارەش یەکەمینێکی دیکەی ئیمزا کرد و خستیە سەر سەبەتەی کوردایەتی.

دەڵێن ئەوە کۆبوونەوەی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووە، بەڵام وەک شارەزایانیش دەڵێن تەنها ئەوەندە نییە، بەڵکو ئەگەر بەوردی سەیری بکەین، ئەوە تەنها کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان نییە، بەڵکو یەکەم "کۆنگرەی نێونەتەوەیی کوردستان"یشە. واتە بۆ یەکەمجار زۆرینەی رەهای نوخبەی سیاسی کوردستانی لەسەرانسەری جیهان پێکەوە کۆدەبنەوەو لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی خۆیان گفتوگۆ دەکەن، چونکە کوردەکان ئێستا راستەوخۆ لەچوار وڵاتدا تێکۆشانی مانەوە و بەرگرییان هەیە. بەپوختیش دەکرێ بگوترێ ئەوەی رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە لەهەولێر هاتەکایەوە، لەلایەک کاملبوونی بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەیی کوردستانەو لەلایەکی دیکەیشەوە دەرخەری ئەو راستیەیە، کە ئیتر کورد هێزێکی یەکلاکەرەوەی نەخشەی ئایندەی خۆرهەڵاتی ناوەراستن و بێ کورد هیچ گۆرانکارییەک لەم ناوچە گرنگەی دنیادا نایەتە کایەوە، چونکە گرنگترین پەیامی کۆبوونەوەکەی هەولێریش ئەوە بووە.

رەهەندە ستراتیجییەکانی کۆنگرە: دوو پارچەی کوردستان بەکردەوە یەکدەگرنەوە

ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست دەکوڵێت. سوریا بەکردەوە لەبەریەک هەڵدەوەشێت. عێراق رۆژبەرۆژ هەیمەنەی وەکو دەوڵەت لەدەستدەدات. تورکیا لەناوخۆیدا بەرەو جەمسەرگیری و شڵەژانێکی سیاسی نوێ ملدەنێت. ئەوەی لێرەدا راستەوخۆ پەیوەندی بەپرسی کوردەوە هەیە: لەسوریا سوپای سەر بەرژێم بەتەواوەتی هێزی خۆی لەسەر سێگۆشەی دیمەشق – حومس – تەرتۆس چرکردۆتەوەو لەم ناوچەیە دەیەوێ سەنگەرەکانی سوپای ئازاد پاکبکاتەوە. ئامانجە ستراتیجییەکانی رژێم چییە؟ زەمینەسازی بۆ هێشتنەوەی دەوڵەتەکە بەناوەرۆکێکی عەلەوی – بەعسی لەسەر ئەم سێگۆشەیە کە پایتەخت و تێکرای ساحیلی بەدەستەوە بێت. ئەم ستراتیجییە پەیوەندی بە پاراستنی ئاسایشی حیزبوڵلا و دەوڵەتی عەلەوی ئایندەشەوە هەیە. بەمجۆرە لەساحیلی عەلەوینشینی تورکیاوە تاوەکو ساحیلەکانی لوبنان دەکەوێتە ژێر هەژمونی میحوەری شیعە-ئێرانەوە. ستراجییەکانی روسیا و ئێرانیش بۆ دروستکردنی گەورەترین بەندەر و گەورەترین فرۆکەخانە لەم سێگۆشەیە ئەمە پشتراستدەکاتەوە. چونکە ئامانج پاراستنی یاخەی خۆرهەڵاتی دەریای سپییە.

لەولاشەوە دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (بەپشتیوانی سعودی و تاد) تێکرای هێزی خۆی لەناوچەکانی سێگۆشەی سوننی عێراق (دیالە – ئەنبار – موسڵ) و سێگۆشەی سوننی سوریا (ئێدلب – حەلەب – حەسەکە) چرِدەکاتەوەو هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی چاڵە نەوتەکانی حەسەکەش دەدات. لێرەدا تەقینەوەکانی موسڵ – کەرکوک و دیالە مانایەکی قووڵیان هەیە. ئامانجی دەوڵەتی ئیسلامی پێکەوەنانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شامە، کە دەوڵەتێکی ئیسلامی سەلەفی هاوپەیمانی عەرەبستان دەبێت و ناوچە سوننەکانی شام و عێراق یەکدەخات. ئەمە یەک شت دەردەخات، کە دەوڵەتی ئیسلامی بەتەمای ئەوەیە هێڵی نەوتی دیالە – کەرکوک – موسڵ – حەسەکە تاوەکو حەلەب کۆنترۆڵ بکات و بگرە لەشەرِی هێڵەکانی گواستنەوەی وزەدا چەند هێزێک لەپشت ئەم پلانەوەن. ئەم ناوچەیە خاڵی بەریەککەوتنی کورد و سوننە لەسوریا و لەعێراقیشە و لەمەولا شیعەی عێراق و عەلەوی سوریا بۆ کورد رۆڵی هاوپشت دەگێرِن. هەروەها ئەم پرۆژەیەی دەوڵەتی ئیسلامی یەک بەربەستی ستراتیجی لەبەرچاو نەگرتووە: هێزی کورد لەخۆرئاوا و هەرێمی کوردستان. ئێستا لەرۆژئاوا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و پشتیوانەکانی (سعودی – قەتەر و تورکیا) لەگەڵ کورد بەریەک

دەکەوێت. هۆیەکەی چییە؟

ئێستا هێزەکانی کورد بەتایبەت هێزەکانی لیوای جبهە الاکراد (هێزە کوردییە مەیلەو ئیسلامییەکان) و هێزەکانی یەپەگە بەرەو لێک نزیکبوونەوە دەڕۆن. یەپەگە دەستی بەسەر سەرێکانیدا گرتووە. ئێستا لەنێوان عەفرین – کوبانی و ناوچەی جزیرەدا تەنها دوو ناوەند هەیە، کە ئەگەر بکەونە دەست کورد ئەوە لەعەفرینەوە واتە لەیاخەی خۆرهەڵاتی دەریای سپییەوە تاوەکو دێرک لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەبێتە یەک هێڵی ستراتیجی، کە بەدەست کوردەوەیە و لێرەوە لەعەفرینەوە تاوەکو خانەقین بەکردەوە دەبێتەوە بەیەک هێڵ. هێڵەکەی رۆژئاواش لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا ئاوایە: دێرک – قامیشلوو – دربێسی – عامودێ – سەرێکانی – ئەلئەبیز – کووبانی – جەرابلۆس – ئەعزاز – عەفرین. لەدێرکەوە تاوەکوو سەرێکانی بەدەست یەپەگەوەیە. تەلئەبیەز بەدەست دەوڵەتی ئیسلامیەوەیە. کووبانی بەدەست یەپەگەوەیە. جەرابلۆس و ئەعزاز بەدەست سوپای ئازاد و دەوڵەتی ئیسلامیەوەیەو عەفرینیش بەدەست یەپەگەوەیە.

جا ئەگەر بێت و لیوای جبهەالاکراد کە سەر بەسوپای ئازادەو لەدەوڵەتی ئیسلامی هەڵگەڕاوەتەوە، بتوانێ شاری تەلئەبیز کۆنترۆڵ بکات، ئەوە هێڵە ستراتیجییەکەی کورد لەزاخۆ تاوەکو عەفرین کامڵدەبێ و بەمجۆرە بەکردەوە دوو پارچەی باشوور و خۆرئاوای کوردستان هیچ بەربەستێکی ستراتیجی لەنێوانیاندا نامێنێت و بەرەو یەکگرتنەوە دەڕۆن. لەبەر ئەمە گردەسپی یاخود تەلئەبیز وەکو پرجی پێکەوەبەستنی سەرانسەری کوردستان رۆڵ دەگێڕێت. بۆیە دۆخەکە لەخۆرئاوا لەوپەڕی هەستیاری خۆیدایەو پێویستە دەستەبژێری کورد لەرێگەی ئەم کۆنگرەیەوە تێکڕای توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم تەوقیتە بقۆزنەوە: ئەورووپا و ئەمەریکا دەوڵەتی ئیسلامی و بەرەی نوسرەتیان خستۆتە لیستی تیرۆرەوە. سوپای ئازاد لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی بەهۆی کوژرانی فەرماندەیەکیانەوە ئیعلانی شەڕی کردووەو تورکیا ناتوانێ چیتر بەئاشکرا پشتیوانی لەدەوڵەتی ئیسلامی بکات. لەملاشەوە لەهەرێمی کوردستان لەنەینەواوە بگرە تاوەکو بەرەی باشووری خانەقین هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەرەیەکی بەرینیان قایمکردووە بەرانبەر بەعێراقێک کە هەتا دێ روخساری دەوڵەتی پێوە دیارنامێنێت. لەباکووری کوردستانیش بەکشانەوەی گەریلاکان و دەسپێکردنی پرۆسەی چارەسەری دیموکراتی قۆناغێکی نوێ هاتۆتەکایەوە، کە ئەنکەرە ناچاردەکات پێشوازی لەدەسپێشکەری ستراتیجیانەی کورد بۆ ئاشتەوایی بکات. بۆیە بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەدۆخی کولایکولی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەلێک مەغزای ئاشکرا و شاراوەی هەن و بەڕاستی کاتەکە کاتی خۆی بووە.

چەند پێشنیارێک لەڕووی پەیکەری دەزگایی کۆنگرەکەوە

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کە بڕیارە لەم مانگەی پێشماندا بەڕێوەبچێ، پەیکەرێکی چۆنی دەخاتەوە؟ ئایا تەنها کۆنگرەیەک دەبێ وەکو کۆبوونەوەیەکی بەرین و کۆتایی پێدێت؟ یاخود ئەم کۆنگرەیە بۆ ئەوەیە بڕیاری دامەزراندنی دەزگایەکی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ کوردستانیان بدات؟ پێدەچێ ئامانج ئەوەی دووەمیان بێت. واتە شتێک لەبابەتی "جامیعەی عەرەبی" و کۆڕی جووەکان و مەجمەعی تامیلەکان و تاد. بۆیە لەمڕووەوە ئەم چەند پێشنیارە دەخەینەڕوو:

١- لەڕووی سیمبۆلەکانەوە: وا باشترە ئەم کۆنگرەیە پرسی ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، سیمبۆلە نەتەوەییەکان، رۆژ و بۆنە نەتەوەییەکان، نەخشەی کوردستان و شێوەزاری رەسمی یەکلایی بکاتەوە، چونکە گەلی کوردستان پێویستی بەوەیە لەدەست دوو ئاڵایی، چەند سروودی و چەند سیمبۆلی و چەند زمانی و چەند رێنوسی رزگاری بێت. ئەگەر سیمبۆل، ئاڵا و نیشانە و رۆژە نەتەوەییەکان ئەلفوبێ و زمانی رەسمی یەکبخرێن، ئەوە هەنگاوی کردەکی هێمایی بۆ یەکخستنی مەعنەوی نەتەوەیی کورد هەڵدەگیرێت. بەتایبەت پرسی زمانی فەرمی بۆ یەکخستنی گەلی کورد حەیاتییە و راستەوخۆ پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە.

٢- لەڕووی بڕیارەکانەوە: پێویستە پرسی دوو ناوچەی کوردنشینی دەرەوەی کوردستان بخرێتە خشتەی کاری کۆنگرەکەوە، ئەویش ناوچە کوردنشینەکانی: باکووری خۆراسان و باشووری قەفقازە. کوردەکانی باکووری خۆراسان ناوچەکەی خۆیان بەکوردستانی بچووک بەناودەکەن. ئەوانەی قەفقازیش لەمێژوودا بەکوردستانی سوور ناویان بردووە. بۆیە پێویستە لەسەر مافی بێ ئەملا و ئەولای گەلی کورد لەسەر ئەم دوو ناوچەیەی بڕیاری پێویست وەربگیرێت. هەروەها دەکرێ بەشێوەی نزمتریش ئەمە بۆ کوردەکانی ئانادۆڵ، شام و لوبنانیش دووبارەبکرێتەوە.

٣- لەڕووی پەیکەری کۆنگرەکەوە: ئەگەر ناوی "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" وەکو خۆی لەسەر دەزگاکەش دەمێنێتەوە، ئەوە پێویستە ئەم دەزگایە ناوەندەکەی لەهەولێر بێت. هەورەها پێویستی بەوە هەیە بارەگایەک یاخود کۆشکێکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە، کە لەڕووی روخسارەوە هەڵگری سیمبۆل و هێما مێژووییەکانی کورد بێت. وا باشترە بارەگای دووەمی ئەم کۆنگرەیە لەقامیشلوو بکرێتەوە. هەروەها دەبێ ئەمینداری گشتی یاخود سەرۆکی هەبێت. پاشان پێویستی بەئەمانەی گشتی هەیە لەگەڵ کۆڕی گشتی ساڵانەدا. دەشێ وتەبێژێکیشی هەبێ کە لەگەڵ سەرۆک یان سکرتێری کۆنگرەکەدا هەماهەنگی کامڵیان هەبێت.

٤- لەڕووی رێژەی بەشداربووانەوە: پێویستە رێژەیەکی کۆتا بۆ ژنان، لاوان و رووناکبیران و کەسایەتییەکان دیاریبکرێت. هەروەها رێژەیەک بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش لەبەرچاو بگیرێت. رێژەی پارچەکانیش یەکلاییبکرێتەوە، کە تێیدا پارتییە سیاسییەکان رۆڵی یەکلاکەرەوەیان تێیدا هەیە. لەپەنای ئەمەدا پێویستە کۆنگرە بەپێی ئەولەویەتی ستراتیجی پارچەکان کاربکات. بۆ نمونە ئەمڕۆ مەسەلەی رۆژئاوا گەلێک گرنگەو بگرە یەکگرتنەوەی کوردستانیش بەمەوە بەندە.

سەرچاوە : ماڵپەری سیڤل / رێکەوتی : ٢٧ ی تەمموز ( ژووئیەی) ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی، دەستکەوتێکی گەورەی خەبات وقوربانیدانی گەلی کوردستانە



رێبوار حەمەلاو شوانی

سازدانی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی، بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان خەونی لەمێژینەی هەموو گەلی کوردستانە، کوردستان. تاکو لەرێگەی ئەم کۆنگرەیەوە، گوتاری هەموو پارت و لایەنە سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان، یەکبخرێت و لەرێگەی بڕیارو راسپاردەکانی مافەکانی گەلی کورد، بەپێی گونجاوی بارودۆخی سیاسی دیاربکات. کۆنگرەی نەتەوەی کورد بەرهەمی بە یەکێک لە دەستکەوتە هەر گرنگ و خەبات وقوربانیدانی گەلی کوردستان هەژمار دەکرێت، کە لە سالانی هەشتاکانەوە، لە سەردەستی ئەندازیاری ئاشتەوایی، کاکە ئیدریسی جوانەمەرگ و بەهاوکاری هێز و پارتەکانی تری کوردستان، بەردی بناغەی بەستنی بۆ دانرابوو. بەلام بە هۆی لە بارنەبوونی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی کوردستان دواکەوت. بەلام ئەمجارەیان خۆشبەخاتە بە دەستپێشخەری و سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکەمین کۆبوونەوەی ئامادەکاری، بەئامادەبوونی چەندین پارت ولایەنی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەنجامدرا.بە باوەری من ئەوەی ئێستا لەم بەشەی خاکی کوردستان و لەژێر چەتری هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت، بە کرداریکردنی ئەو دروشمەیە کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە لەسەر زارمان بووە، یەک دەنگی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی گەلی کوردستانە. کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئاواتی دێرینەو خواست و ئامانجی کوردانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بووە کە رۆژێک بێت کورد بە ئازادی و لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان بتوانێ کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستێ، خۆشبەختانە ئێستا ئەم ئاواتە وا بەدی دێت و هەنگاوە کرداریەکانی لەسەر ئەرزی واقیع رەنگیداوەتەوە و سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پابەندبوونی خۆیان پێوە راگەیاندووە و بەشداری کۆبونەوەی ئامادەکاریەکانی کۆنگرەن کە بڕیار وایە لەنزیکترین دەرفەتدا لە هەولێر سازبکرێت. ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت لە یەک هەلوێستی کوردی هەر چوار چارچەکەی کوردستان، بەدرێژایی مێژوو کورد دۆخێکی لەم جۆرەی بۆ نەرەخساوە، ئەمە یەکەمینجارە لەمێژوودا هێزو لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەلات، باشور، رۆژئاوا، باکوری کوردستان پێکەوە ئامادەبن لەژێر یەک چەترێکدا کۆببنەوە، کە بڕیار وایە کۆنگرەکە ببێتە دامەزراوەیەکی نیشتمانی و لەمەودوا پرسە چارەنوسسازەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەم کۆنگرەیەوە سەرچاوە بگرن. بێ دوو دڵی دەتوانم بڵێم لە مێژووی ٥٠٠ ساڵی رابردوودا کورد دەستکەوتی لەم جۆرەی بەدەست نەهێناوە و بۆ داهاتووش مەگەر تەنها راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، لەم کۆنگرەیە گەورەتر بێت.بایەخ و گرنگی کۆنگرەی نەتەوەیی لەبەستنی کۆنگرەکەو کردنی بە دامەزراوەیەکی نیشتمانی، هاوکاتە لەگەڵ هەلومەرجێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان. کەواتا کاتی بەستنی کۆنگرەکە بایەخی بە ئەندازەی کۆنگرەکە گرنگی هەیە. خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو ئەو خەسلەتەی هەڵگرتووە کە هەمیشە پەیوەست و پەرۆشی شێوازی ئاشتیخوازانە بووە و لە پێگەی پرانسیپی یەکسانیشەوە هەمیشە ویستوویەتی لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەی هەبێ، بۆیە ئامانجی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد گەیاندنی دەنگ و پەیامی گەلی کوردستانە، کە نەتەوەیەکە خاوەن خاک و زمان و مێژوو و کەلتوور و ژمارەی روون و بەرچاوی دانیشتوانی خۆیەتی، نەتەوەیەکە تووشی هەڵمەتەکانی پاکتاوی نەژادی جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفاڵ بۆتەوە، ئەو نەتەوەیە وەک هەر گەل و نەتەوەیەکی دی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە و داوای مافە رەوا و یاساییەکانی خۆی دەکات لە چوارچێوەی پرانسیپەکانی ئاشتی و دیموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و رێزگرتنی بەرامبەر.بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگە لەم کۆنگرەیەدا پەیامی ئاشتی بە هەموو لایەک رابگەیەنین و وەک هەمیشە بە وڵاتانی ناوچەکەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رابگەیەنین کەوا ئێمەی کورد دەمانەوێ بە زمانی سەردەم واتە زمانی ئاشتی و زمانی دیالۆگ درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بدەین، ئەمەش پێگەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهێز دەکات و کورد دەکاتە ژمارەیەکی بەهێز و کاریگەرتر لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا.سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کورد یەک خیتابی نیشتمانیی گشتگیرو یەک پرۆژەی ستراتیژی بەهێزی هەبێت، ئەوە ئەو مەفهومە کۆتایی پێدێت کە پێشتر دەگوترا، پێویستە کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە تیایدایە چارەسەری بکرێت، ئەوەش وا دەکات کە کورد بەشێوەیەکی یەک دەنگی لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا سیاسەت بکات، چونکە هەبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی، واتە هەبوونی یەکێتی نەتەوەیی و بەهێز بوونی هێزو دواجار حیسابکردنی کورد لە هاوکێشە جیهانییەکاندا.هەروەها بەستنی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان دەستکەوت و بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستانە.

سەرچاوە : ماڵپەری : پارتی دێموکڕاتی کوردستان / رێکەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆچی؟



سەرکۆ عوسمان

بێ گومان کۆنگرەی نەتەوەیی داوا و ئاواتی هەموو کوردێکی وولات پارێزە لە مێژ زەمانەوە باسی لێ دەکرێت لاوانی وولات پارێز خەوی سەوز و سوری پێوە دەبینن کە رۆژژێک بێت کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا پێکەوە کۆببنەوەو نەخشەیەکی سیاسیی ئیستراتیجی بۆ ئایندەی گەلی کورد دابرێژن کە ئێستا لە جیهاندا بە یەکێک لە گەورەترین نەتەوە دەژمیرێت کە نەتەوەیەکە بێ وولاتە وەک ئەوەی لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتەوەکاندا هاتووە(Large Nations without state) واتە نەتەوەیەی بێدەوڵەت.

لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ئەم مەسەلەیە یەکێک بوو لە دروشمە بەهێزەکانی لاوانی کورد لە هەندەران وە کۆمەڵەی خویندکارانی کوردی ئەوکاتە بە بزوێنەری ئەم بیرۆکەیە ئەژمار دەکرێت ئەم مەسەلەیەیان کردبو بە دروشمی سەرەکی کۆمەڵە هەر بۆیە هەڵکەوتەی ئەو کۆمەڵەیە لە سەر ئەساسی چوار پارچەیی کوردستان دروست ببوو ، ئەو کات لە نێو ئەو هەموو کێشەو لێک ترازانەی لە نیوان پارتە سیاسیەکان و پارچەکانی کوردستاندا هەبوو، بەڵام هەردەم هەوڵ هەبوو بۆ سازدانی جۆرە کۆبونەویەک لە نیوان لایەنە سیاسیەکان و وولات پارێزانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەی کورد، لەو بوارەشدا رۆڵی بەرێز مام جەلال و شەهید دکتور عبدولرحمان قاسملو و هاورێکانیان بەرز دەنرخێنرێت، بەڵام مەخابن ئەم هەوڵانە هیچیان لێبەرهەم نەهاتو دۆخی بابەتیو خودی هەر لایەنێکو پارچەیەکی کوردستان هەورەوها مەسەلەی بەرژوەندی حیزبیو جوری پەیوەندیی لایەنە سیاسیەکانی کورد بە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ئەو مەسەلەیەی لە نیوان لایەنە سیاسیەکاندا بە تەواوی کاڵ کردەوەو تەنانەت بەلای زۆربەی سەکردەکانی کوردەوە وەک موستەحیلی لێ هاتبوو باسکردنی ئەم بیرۆکەیە شتێکی زۆر لاوەکیو دوور لە واقیعەوە سەیریان دەکرد تەنانەت زۆربەیان تا ئێستاش ئەوە بە کاری خۆیان نازانن و پێیان وایە ئەمە کاری سیاسیەکان نیە بەڵکو کاری بەرێز نوسەر "جەمال نەبەزە" لەگەڵ رێزی بێپایانم بۆ مامۆستا جەمال نەبەز کە هەموو ژیانی خۆی لە بیرۆکەی دۆزی نەتەوایەتی کوردا بەرێ کردووە بەڵام دەکرا سودێکی زۆر لە بۆچوونەکانی وەربگیرێت بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی.

پێش زیاتر لە ساڵێک من و هاورێم کاک عەلی کەریمی مەسەلەی سازدانی گۆنگرەی نەتەوەیمان لە چەند بۆنەیەکدا باس کرد بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەری لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانی کوردستان لە سەرجەم پارچەکانی کودستاندا، چونکە بە تیروانینی ئیمە ئیستا باشترین بارودۆخ بۆ کورد رەخساوە کە لە کۆنگرەیەکی وادا کورد خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکاتو پێمان باش بوو کە هەوڵی جدی بۆ ئەم مەسەلەیە بدرێتو رێگە نەدرێت چی تر لایەنەکانی دەسەڵات لە هەریمی کوردستان هەوڵی دواخستنی بدەن، چونکە پارتی و یەکێتی ناتوانن ئەم کۆنگرەیە وەک مەسەلەیەکی حەیاتی بخەنە بەرباس لەبەر کۆمەڵێ هۆکار کە پەیوەندی بە بەرژوەندی تەسکی حیزبایەتی خۆیانەوە هەیە هەروەها ئەو پەیوەندی سیاسیو ئابوریەی بە وولاتانی دراوسێوە هەیانە، بۆیە باشترین لایەن بەلامانەوە بزوتنەوەی گۆران بوو وەک لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن کە بەبێ بەرژەوەندی حیزبی بتوانێ ئەم مەسەلەیە بکاتە دروشمو بەرنامەی کاری خۆی، بەڵام مەخابن نەک هەر بەلایانەوە گرنگ نەبوو بەڵکو گۆرانیش باوەڕی بەم مەسەلەیە هەر نەبوو، بگرە ئەو هەوڵەی ئێمەش بێ بایەخ کراو ئیستاش لە بەرچاو ناگیرێت، بەم هەنگاوە گۆران و ئۆپۆزسیون نا ئومێدیەکی گەوریان لامان دروست کرد کە لەبەر سەرقاڵیان بە مەسەلە ناوخۆیەکانەوە ناپەرژێنە سەر مەسەلە نەتەوایەتیەکان هەرچەندە ئەزمونی چوار ساڵی رابردوو دەری خست کە پرۆسەی دیموکراسی لە ناو هیچ کۆمەڵگایەکدا بەتەواوی ئەنجام نادرێت ئەگەر کێشەی نەتەواتیەکان چارەسەر نەکرێت لە چوار چێوەی کیانێکی سیاسی سەربەخۆدا ،بۆیە دەکرا بزوتنەوەی گۆڕان خەباتی دیموکراسیانە ونەتەواەیتی بەیەکەوە گرێبدایە، بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە دەتوانن ئەم لینکانەی خوارەوە ببینن کە پێشتر بڵاو کراونەتەوە لەسەر ئەم بابەتە.

لە ئیستادا هەوڵێک هەیە بۆ سازدانی ئەم کۆنگرەیە ئەم جارە پارتیو مەسعود بارزانی خۆیان کردووە بە خاوەنی بەمەستی بەکارهێنانی بۆ بەرژوەندی خۆیان وەک بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە مەترسی لای زۆربەمان دروستکردووە کە بەکاربهێنرێت بۆ بەرژەوەندی لایەنێکو ئەرکە سەرەکیو راستەقینەکەی خۆی لەدەست بدات .

کونگرەی نەتەوەیی کورد نابێت بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆکو و ئەندامانی سەرۆکایەتی ببەسترێت، نابێت دابەش کردنی نوێنەری حیزبی و پارچەگیری لە کۆمیتە جیاوازەکاندا بکرێتە کێشە هەر حیزبە و لایەن و پارچەیەک هەوڵ و تەقەلایان تەنها ژمارەی نوێنەرو رێژەی بەشداربونیان پێ گرنگ بێت، هەروەها نابێت قورخ بکرێت لەلایەن لایەنێکی دیاری کراوەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی وەک ئەوەوی دەرکی پێ دەکرێت پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها هەوڵیان ئەوەیە سەرۆکی کۆنگرە بەدەست بهێنن بۆ سەرۆکەکەیان، ئەگەر بۆ ئەم پرسانە کۆنگرە ساز دەکرێت نەکردنی باشترە..

کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد دەبێت بۆ ناوەرۆکە راستەقینەکەی بگیرێت ئەویش ئیرادەیەکی راستەقینەی فرە لایەنەیە لەسەر بریاردانی چۆنێتی دیاری کردنی چارەنوسی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا ؟.

ئایا دەکرێت بیر لەوە بکریتەوە کە کورد یەکگرتوو بێت لە سنوری یەک دەوڵەتی یەکگرتوودا؟.
یان کورد لەگەڵ چ وولاتێکدا لەو وولاتانە ژیان بەسەر بەرێت بۆی باشترە لە ئایندەدا ؟
ئایا کورد کاتی ئەوەی نەهاتوو پیادەی مافێکی سروشتی خۆی بکات ئەویش ریفراندۆمە بەپێی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسین وەک مافێکی سروشتی هەر وەک ئەوەی لە باشوری سودان ئەنجامدرا؟.
ئایا کورد لە کوردستانی عیراقدا کاتی ئەوەی نەهاتووە ریفراندۆم بکات بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی؟.
ئەمە مانای ئەوەنیە بە کۆنگرەیەکی ئاوەها دەوڵەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێکدێت بەڵکو دەبێت تایبەتمەندی هەر پارچەیەک بەشێوەیەکی واقیعبینانە تاوتوێ بکرێتو هەلومەرجی هەر پارچەیەک لەبەرچاو بگیرێتو پلانێکی ئەمنی ستراتیجی نەتەوەی سەربەخۆ و یەکگرتوو دابرێژرێتو سیاسەتی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕست بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بکرێت.
ئەبێت ئەم پرسە گرنگانە بکرێنە دروشمی کۆنگرەو بە بڕیارێکی تۆکمەوە بێتە دەرەوە لە سەر دیاریکردنی چارەنوسی میللەتی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا ، لە کۆتایدا هیوادارم کونگرەی نەتەوەی کوردیش وەک کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لێبەسەر نەیەت هەموو جارێک کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی رێکبکەون لەسەر ئەوەی ڕێکنەکەون.

سەرچاوە : ماڵپەری سپی نیوز / رێکەوتی : ٤ی ئاگوستی ٢٠١٣

## چەند پێشنیارێکی "پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان" بۆ "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

سەرۆکایەتی هەرێم و کۆڕو کۆمەڵە سیاسییە کوردستانییەکان

لایەنەکانی بەشدار لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردستان

لە سەدەی رابردوودا ئێمەی کورد هیچ دەرفەتێکمان بۆ نەڕەخسا کە باس لە تەبایی و برایەتی و پێکەوە بوونی بەکردەوەی کوردستانییانە بکەین و بتوانین بە بێ ئەوەی هیچکام لە لایەنەکان باس لە بەرژەوەندیی خۆیان بکەن, باس لە کۆمەڵە ئامانج و هۆکارێکی مەزن بۆ پێکەوە ژیانی سیاسییانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوە مێژووییەکانمان بکەین.
لەم ساڵانەی سەرەتای هەزارەی نوێدا بە هاتنەئارای دۆخێکی تازە و لەبار, باسی یەکێتی نەتەوەیی و بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی و کوردستانییانە بوو بە خەونی لایەنە کوردییەکان و وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا ئەو کۆنفرانسە گرێ بدرێت.

رۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی ٢٥ رێکخراوو حیزب و لایەنی سیاسییە, دەیەوێ لەم کۆنفرانسەدا دەنگێکی دلێرانەی هەبێت.

بۆ ئەم مەبەستەش "پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان" وەک نەریتی نەتەوەیی و بەرپرسیارانەی خۆی, چەند پێشنیارێکی بۆ لایەنە رۆژهەڵاتییەکان بە تایبەتی ئامادە کردووە, کە دەیخەینە بەر دیدی ڕای گشتی کوردستان.ئەمەش بە هۆی ئەو ناکۆکییانەوەیە کە لە نێوان لایەنەکاندا دروست بووە, بۆیە بە ڕای پارتەکەمان, پرسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی گرنگتر و بەبایەختر لەوەیە کە ئێمە بە شتی لاوەکییەوە خۆمان ماندوو بکەین.

١- داواکارین پێش کۆنگرە, هەموو لایەنە رۆژهەڵاتییەکان لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و کۆنفرانسێکی رۆژهەڵاتییانە بۆ بەهێزکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ساز بکەن.
٢- هەموو لایەنەکانی رۆژهەڵات بە بێ جیاوازی بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکرێن. تاکو ئۆباڵی بانگهێشت نەکرانیان نەکەوێتە ئەستۆی هیچکام لە لایەنەکانی کۆمیتەی ئامادەکاری رۆژهەڵات. واتە پێداچوونەوە بە رێژەی بەشدارانی کۆنفرانسەکەدا بکرێت تا کۆنفرانسێکی نەتەوەییانە و کوردستانییانە و بە بەشداری هەموو لایەنە کوردییەکان بەڕێوە بچێت.
٣- داوا لە هەموو لایەنەکانی رۆژهەڵات بکرێت کە پشتگیری خۆیان بۆ کۆگرە بە مەبەستی سەرکەوتنی ئەو خەونە مێژووییەی کوردان دەرببڕن, بە بێ ڕەچاوگرتنی کۆمەڵە بایەخێکی سووتاو, کە لە سەردەمی ئێستادا مانایان نییە.

٤- داواکارین بەهایەکی زیاتر بە پرسی کوردەکانی دوور لە دیاری وەک خوراسان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بدرێت.

٥- داواکارین وەک لایەنە رۆژهەلاتییەکان بتوانین لەسەر کۆمەڵە خاڵێک ساخ ببینەوە کە کار لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی فرەلایەن بکات.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە، پارت و لایەن و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بریتین لە:

١- پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان
٢- ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردەکانی خوراسان
٣- رێکخراوی یاریکورد
٤- پارتی ئازادی و دیمۆکراسی کوردستان - پادک
٥- پارتی ناسیۆنالیستی کوردستان
٦- پارتی سەربەستی رۆژهەلاتی کوردستان
٧- پارتی سەربەستی کوردستان
٨- سپای رزگاری کوردستان
٩- بزوتنەوەی ئیسلامی ئەهلی سوننە و جەماعەت
١٠- یەکێتی دیمۆکراتی کوردستان
١١- بزوتنەوەی کۆماریخوازی کوردستان
١٢- رەوتی سۆسیالیستیی کۆمەڵە
١٣- پارتی ئازادی کوردستان - پاک
١٤- رێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان
١٥- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
١٦- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
١٧- حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
١٨- یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان
١٩- حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
٢٠- کۆمەڵە - حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٢١- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٢- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
٢٣- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
٢٤- کۆمەڵەی شۆڕشگێری رۆژهەلاتی کوردستان
٢٥- بەرەی نیشتمانی رۆژهەلاتی کوردستان

ئەنجومەنی سەرکردایەتی

پارتی لیبراڵ دیمۆکراتی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژ نیوز / رێکەوتی : ٣١ی ژووئیەی ٢٠١٣

## دەمیرتاش: کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئارامی لە ناوچەکەدا دێنێتە ئاراوە




هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراتی کوردستان گەشبینە بە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و دەڵێت "رەنگە چارەسەری دۆخی سووریا بکات". هۆشداریش دەداتە حکومەتی تورکیا کە بەدەم تەندرووستی ئۆجەلانەوە بێت.

سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP، کۆبوونەوەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بە سەرکەوتوویی وەسفکردو رایگەیاند "تاوەکو ئێستا کورد چ وەک ژێردەستە چ وەک چوارچێوەیەکی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا ژیاون، ئەمەش ئاستەنگ بووە هەم بۆ کوردەکان هەم بۆ ئەو وڵاتانە ، بەڵام ئێستا هیچ رێگرییەک لەبەردەم سازکردنی کۆنگرەی نەتەوەییدا نییە و سازکردنی ئەم کۆنگرەیەش ئارامی لە ناوچەکەدا دێنێتە ئاراوە".

دەمیرتاش دوای کۆنگرەی نەتەوەیی و گەڕانەوەی بۆ ئامەد لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا گوتی: "ئەم پێشهاتانە هاوسەنگییەکانی ناوچەکە دەگۆڕن، لەو کۆنگرەیەدا ئەوە روون دەکرێتەوە کە کورد چۆن و لە چ وڵاتێکدا دەژین".

سەبارەت بە رووداوەکانی سووریاش گوتی "هەموو دونیا بەدوای چارەسەری ئاڵۆزییەکانی سووریاوەن، بەڵام نایدۆزنەوە، بەڵام کوردەکان لە سووریا خاڵی چارەسەرین، رەنگە کۆنگرە پێشنیازی هێنانە ئارای پرۆسەی ئاشتی بکات".

سەبارەت بە رەوشی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان، دەمیرتاش گوتی "ئەگەر حکومەتی تورکیا بەڕاستی ئاشتی دەوێ، دەبێت ئاگای لە رەوشی تەندرووستی ئۆجەلان بێت، چونکە ئەگەر شتێک بەسەر ئۆجەلاندا بێت کارەسات روودەدات".

سەرچاوە : ماڵپەری رووداو نێت / رێکەوتی : ٢٤ی ژووئیەی ٢٠١٣

## رۆژئاواو و رۆژهەڵات سودمەندن لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی



سۆران خەڵەف

بیرکردنەوە و دانانی بەرنامە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە دیر زەمانەوە مانای هۆشیاری سیاسیەکانی میللەتی کوردە کە بە درایژایی مێژوو لە هەوڵدابوون بۆ بەستنی، چونکە کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێگی گرنگ و پڕبایەخە بۆ میللەتی کورد بەتایبەت لەم چرکە ساتەدا کە هەموان رۆژئاواو و رۆژهەڵات لەبەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدان کە لە نەخشەی سیاسی و جوگرافی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روودەدات. دەبینی نەخشە و سیاسەتی ناوچەکە پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ بە پراکتیکی و هەنگاو بە دوای هەنگاو روودەدات، بە بێ ئەوەی هیچ ئیرادەیەک هەبێت بتوانێت رایبگرێت لەگەڵ ئەوەش زۆر هەنگاو نراوە بۆ راگرتنی ئەو باڵانسە سیاسیە کەچی لە توانست و ئەتەکی هیچ لایەنێک نییە رایبگرێت. کورد وەتەنی (میوە کە پێگەیشت پێویستە لە دارەکە بکرێتەوە پێش ئەوەی خۆی بکەوێتە خوارەوە) ئەگەر لێرە بوەستین مەبەست لێیی روون و ئاشکرایە چونکە بێگومانین دانوستان و رێگەچارەی ئاشتیانە و سیاسیانە ئامانجێکی روون و قەناعەتباری لێدەکەوێتەوە، پێچەوانەکەی هەموو مانا لێکدراوەکانی دژی بەرژەوەندی داپلۆسێنەری لێبەدی دەکرێت.

بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و کۆبونەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان پەیامێکی ئاشتی و ئیتیکێکی سیاسیانەی حەکیمانە و شەفافانەیە کە پەیامێکە بە هەموو ئەو نەتەوانە دەڵێت کە کوردیان بەسەر دابەشکراوە ئێستا سەردەم سەردەمی میللەتانی زوڵم لێکراوە بەتایبەت رۆژهەڵات، لەو نێوەندەش میللەتی کورد، چونکە نەخشەی سیاسی رۆژهەڵات روو لە گۆڕانکارییە، بۆیە دەبینی ئەوروپا و ئەمریکا پێویستی بە ئاوینەیەکە بۆ ئەوەی ناچەکەی تێدا ببینێت بە جوانی بۆ بەرژەوەندییکانی خۆیان بۆیە لەم پێناوەدا هەموو پاڵپشتن بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

بۆیە لەم نێوەندەدا دەبینی خەونی لە مێژینەی میللەتی کورد دێتە دی یان قەراری لێدەدرێت کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یان پەیامی دروست بونی دەوڵەتی کوردی کە لەحاڵی ئێستا بناغەکەی بە تەواوی دروست بووە، لەلایەکی دیکەوە جەمسەر و روکنەکانی کێبرکێ و ململانێی سیاسی و تەعەسوبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رازی

دەبن،ئەمەش لەبەر رۆشنایی دروستبونی دەوڵەتی کوردی سنوور و هێڵی نێوان لایەنەکان بە دەوڵەت و لایەنی سیاسی لێک دوردەکەونەوە، بۆیە دەبینی لێکخشانی سیاسی روونادات لە نێوان میللەتانی دراوسێ و نزیک لە یەکتر، بۆیە سەقامگیری سیاسی و نەتوەیی بەدوای خۆیدا دێنێت. کە کوشتن و بڕین و ئاژاوە نانەوە بنبڕدەبیت لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە وەک ئەوەی ئێستا دەیبینی لە هەندێک وڵاتی دراوسێ.

ئەمە وەک ناوچەکە، بەڵام رۆژئاوا لە دروست بون و بە ئەنجام گەیشتنی ئەم کارتە نەتەوەییی و سیاسییە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی یان بۆ دیتە پێش ئەمەش لەچەند رووپەکەوە، لەلایەک کوردستان لە گەشەکردنێکی تەواودایە کە دەبینی لەسەرووی پێوەرە جیهانییەکانەوەیە کە دەگاتە%١١ ، بەمەش بازاڕ و سەرمایەیەکی باشی وڵاتانی رۆژئاوا دەبێت بەمەش وڵاتانی رۆئاواو ئەمریکا سەرمایەداری تەواو دەکەن و بەرژەوەندییەکانیان بە شێوەیەکی ئارام و لە ئەمنیەتێکی تەواو وەبەرهێنان دەکەن کە خزمەتێکی بەرچاو بە بوژانەوەی ئابوورییان دەگەیەنێت. ئیتر مەودای وەبەرهێنانی دوور مەودای نوییان بۆ دێتە پێش بەمەش هەندێکیان لە هەندێ جێگە پاشەکشە دەکەن کە ببوە جێگەی ململانێ و هاندانی گرابەهایی بۆیە رووەدەکەنە ئەم مەودا دوور بینەی کوردستان کە بەرژەوەندی ئابوری و ژێرخانی ئابووری باش دەبێت بۆیان.

بەمەش پرۆسەیەکی ئاشتیش لە رووی فکرەوە لە نێوان ئەوروپا و ئەمەریکا دروست دەبێت بەوەی ناوچەیەکی تێر لە ژێرخانی ئابووری و جێگەیەکی ستراتیژ لە نەخشەی جوگرافی بۆیان دێتە پێش بەمەش کارکرد ن و لێکخشانی سیاسی و ئابورییان دژیەک ناوەستێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاوکاری زیاتری یەکتر دەبن. لە رووی سیاسیەوە کارتر دەبن چونکە دەبێتە بنکەیەکی ستراتیژی و ناوچەیەکی هاوبەش و نزیک لە ناوچەکە، دەتوانم بڵێم کە ناوەراستی یان دەبێتە دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە دەبێت هەمووان پاڵپشتی سەرخستنی ئەو کۆنگرە چارەنوس سازە بین.

سەرچاوە : رۆژنامەی خەبات / رێکەوتی : ٤ی ئاگوستی ٢٠١٣

## عەتا قەرەداخی: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لەنێوان لاساییکردنەوە و پێویستبووندا



**عەتا قەرەداخی**

کاتێ زاراوەی کۆنگرەی نەتەوەییمان بەربای گوێ دەکەوێت، رەنگە راستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ یادەوەرییەکی تاڵ و زیندووبوونەوەی دەربڕینی کۆنگرەی نەتەوەیی عەرەبی (یان کۆنگرەی حیزبی بەعس – المؤتمر القومی). بەهەرحاڵ کوردیش وەکو هەر نەتەوەو ئیتنیک و پێکهاتەیەکی دیکە، بۆی هەیە کۆنگرەی نەتەوەیی خۆی گرێبدات. بەڵام دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات، کە دەپرسێت ئایا مەبەست لەکۆنگرەی نەتەوەیی چییە؟ ئایا لە چ پێناوێکدا دەبەسترێت؟ ئایا کێ ئەو کۆنگرەیە دەبەستێت؟ ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان ناسیونالیزم و کۆنگرەی نەتەوەییدا، یان لەنێوان غیابی ناسیونالیزم و کۆنگرەی نەتەوەیدا؟ ئایا چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان کۆنگرەی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەییدا؟ ئایا بەبێ بوونی ستراتیژی نەتەوەیی و بەبێ بوونی پرۆژەی نەتەوەیی بۆ دروستکردنی دەوڵەت کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ مانایەکی هەیە؟ ئایا ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە لەکوردستانی ئێستادا هەن، بەڕاستی چەندیان نەتەوەین و چەندیان بەجیدی لەو پێناوەدا کاردەکەن و چەندیا قورسایی ئەوەیان هەیە، کە بەناوی داخوازییەکانی کوردەوە بەشداری وەها کۆنگرەیەک بکەن؟

مەبەست لەکۆنگرەی نەتەوەیی کوردی کۆبوونەوەی هەموو لایەن و ئاراستەو تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی کوردە، پێکەوە بەمەبەستی رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی گشتی بۆ کارکردنی کورد لەکوردستانی گەورەداو دانانی نەخشەی کار بۆ گەیشتن بەئامانجی هاوبەش کە ئەویش ئامانجە نەتەوەییەکانە. ئامانجە نەتەوەییەکانیش ئەگەرچی لەڕوانینی حیزب و ئاراستە فیکری و ئایدیۆلۆجییە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردییەوە دەشێ جیاوازبن، بەڵام ئەگەر نەتەوەیی بن، ئەوا لەگەوهەردا یەک ئامانجی سەرەکی هەموویان کۆدەکاتەوە، کە ئەویش سەربەخۆیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییە لەسەر جوگرافیای کوردستان. کە ئەم تێڕوانینەش راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەئاستی پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردییەوە. کەواتە دەشێ لێرەدا بپرسین ئایا ناسیونالیزمی کوردی لەڕووی پەرەسەندنەوە گەیشتووەتە ئاستی هەڵگرتنی گوتاری ناسیونالیزم بەو مانایەی کە دروستکردنی دەوڵەت بووبێتە خاڵی سەرەکی لەگوتارەکەیدا؟ ئایا ئەگەر ناسیونالیزمی کوردی لەڕووی پەرەسەندنەوە گەیشتووەتە ئەو ئاستە، ئەی بۆچی نەیتوانیوە ببێتە ئایدیۆلۆجیاو بەرنامەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری ئەوتۆ، کە کۆی کۆمەڵگە بگرێتەوەو بەرەو ئەو ئامانجە ئاراستەی بکات؟ لەبارێکی وەهاشدا کۆبوونەوەی جەماوەر لەدەوری بزووتنەوەیەکی وەها فراوان و گشتگر و جوڵاندنی بەئاراستەی داواکاری راستەقینەی نەتەوە، نەک هەر بوارێک بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی ناهێڵێتەوە، بەڵکو لەبنەڕەتدا بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەلاوە دەنێت، چونکە کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ لێکتر نزیککردنەوەی دیدوبۆچوونەکانە بۆ یەکخستنیان و بەرهەمهێنانی گوتارێکی یەکگرتوو. بەڵام کاتێک لەناوەوەی کۆمەڵگەو لەئەنجامی پەرەسەندنی سروشتی خودی کۆمەڵگەدا تێڕوانینێکی وەها گشتگر دروست ببێت، مانای وایە چیتر پێویست بەوە ناکات لەدەرەوەڕاو لەشێوەی بڕیاری سیاسیدا هەوڵی دروستکردنی تێڕوانینی هاوبەش بدرێت. بەمانایەکی دیکە

کاتێک کە باس لەگرێدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی دەکەین، مانای وایە ناسیونالیزم وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری و وەکو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیش غائیبەو لەئاستی نادیارو نەبوودایە. لەبارێکی وەهاشدا نوخبەی سیاسی یان نوخبەی دەسەڵاتدار هەوڵی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەدات، بەمەبەستی کۆکردنەوەی دیدوبۆچوونی هەمووان لەچوارچێوەیەکدا بۆ دیاریکردنی جۆرێکی دیکە لەخەباتکردن.

ئێمە دەزانین تاکو ئێستا مەسەلەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەک بۆ کوردستانی گەورە، بەڵکو لەهیچ بەشێکی کوردستانیشدا نەبووەتە پرۆژە، نە لەلای حیزب و رێکخراوەکان نە لەلای جەماوەر. رەنگە تێڕوانینی لەوجۆرە لەسەر ئاستی تاکەکەس یان نوخبەیەکی کەم هەبێت، بەڵام ئەو رۆڵ و کاریگەرییەی لەسەر رای گشتی جەماوەر و لەسەر بڕیاری سیاسی لەکوردستاندا نییە. ئەو حیزب و رێکخراوانەشی کە لەکوردستانی گەورەدا هەن، بەتایبەتی ئەوانەیان کە ئامادەبوونیان لەسەر ئاستی جەماوەری و لەسەر ئاستی بڕیاردانیش هەیە، هیچیان بەئاشکرا هەڵگری پرۆژەی دەوڵەت نین. کەواتە لەبارێکی وەهادا دەبێ ئەو کۆنگرەی دەبەسترێت چ بەرنامەی کارو چ نەخشەرێگایەکی کارکردنی هەبێت؟ ئایا بەڕاستی لەپێناوی دارشتنی بەرنامەیەکدایە کە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت خاڵی سەرەکی و یەکەمینە تێیدا، یان لەپێناوی کۆکردنەوەی دیدو بۆچوونی لەوجۆرەیە کە کورد بەئاشتیانە خەبات بکات، بۆ بەدەستهێنانی مافی سنووردار لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە؟

ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی ئەمەی دووەمیانە، ئەوا دیسان ئەو بۆچوونە بەرجەستە دەکاتەوە، کە تاکو ئێستا گوتاری باڵادەست لەکوردستاندا گوتاری ناتەواوە، بەو مانایەی کە بارگاوی نەکراوە بەداواکاری سەرەکی نەتەوەیی کورد کە دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردستانە. ئەگەر کۆنگرەش بەو مەبەستە بێت، کە ئاراستەی خەباتی کوردی لەهەربەشێکدا ئاراستەی دەوڵەتی داگیرکەری ئەو بەشە بکرێت و بەشەکانی دیکەی کوردستان بەرامبەر بەخەباتی ئەو بەشە بێلایەن بن، ئەمەش دیسان دانانی تەواوەتییە بەوەدا، کە خەباتی کورد خەباتێکی پارچە پارچەیەو لەبارێکی وەهاشدا شتێک نییە ناوی یەکێتی نەتەوەیی بێت، بەو ئەندازەی کە دانانە بەو ئەمری واقیعەی کە پرۆسەی دابەشکردن بەسەر کوردستاندا سەپاندوویەتی. ئاشکراشە تاکو ئێستا روانینی باڵادەست لەنێو حیزب و رێکخراوە بەهێزو دیارەکانی کوردستاندا ئەمەی دووایانە، واتە هێشتنەوەی خەباتی هەربەشێک لەچوارچێوەی بەشەکەی خۆیداو ئاراستەکردنی دژی دەوڵەتی داگیرکەری ئەو بەشەو بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافی کوردی ئەو بەشە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فەرمانڕەوای سەر ئەو بەشەدا. وەکو ئەوەی کە ئێستا لەکوردستانی لکێندراو بەعێراقەوە دەیبینین، کە سەرباری رەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ بڕیاردانی جیاکردنەوەی ئەم بەشە لەدوو دەیەی رابردوودا، بەڵام هیچ هەنگاوێکی لەوجۆرە نەنراو سەرباری بوونی بنەماکانی دروستکردنی دەوڵەت لەم بەشەدا، نەتوانراوە زەمینەسازی نێودەوڵەتی و ناوخۆیش بۆ ئەو مەبەستە بکرێت. ئەوەتا بەردەوام بارودۆخی سیاسی لەم بەشەدا بەچەقبەستوویی ماوەتەوە، کە بەراورد بەبەشەکانی دیکە پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لاوازی گوتاری ناسیونالیزم و لاوازی خودی ناسیونالیزم هۆکاربوون لەبەردەم وەرگرتنی بڕیارێکی چارەنووسسازانەدا.

ئێستاش وەکو دەبینین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لەژێر چاودێری و بڕیار و تێڕوانینە دیارەکانی هەرێمی کوردستاندا گرێدەدرێت. بەو پێیە ناشێت تەسەوری بوونی بەرنامەیەک لەو کۆنگرەیە بکرێت، کە مەودای داواکارییەکانی لەوە زیاتر بێت، کە کورد لەم بەشەدا پێی گەیشتووە. هەروەک ناشێت پێشنیاری جۆرێک لەخەبات بکرێت، کە جیاواز بێت لەو شێوازی خەباتەی کە ئێستا سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان بڕوای پێیەتی، کە ئەویش خەباتی ئاشتیانەو دیموکراسیانەیە لەپێناوی بەدەستهێنانی بەشێک لەمافەکان. هەرچۆن لەماوەی رابردوودا بینیومانە کە سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەباشوور هەوڵیداوە ئاشتی لەنێوان کوردی باکوورو دەوڵەتی تورکدا دروست بکات، بەبێ ئەوەی تاکو ئێستا ئاستی ئەو داواکارییانەی کە کورد هەیەتی لەو رێکەوتنەدا دیار بێت و بەبێ ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیش هیچ هەنگاوێکی جیدی بەئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەو وڵاتەدا نابێت. کەواتە ئەگەر بپرسین داخۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چۆن لەئاشتی نێوان دەوڵەتی تورک و کوردی باکوور دەڕوانێت؟ بێگومان بێچەندوچوون ئەو وەڵامەمان دەستگیر دەبێت، کە کۆنگرە پاڵپشتی وەها هەنگاوێک دەکات. کەواتە لێرەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت، کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەمەبەستی دروستکردنی هەڵوێستێکی یەکگرتوو نییە لەهەموو کوردستاندا لەپێناوی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا، بەڵکو لەپێناوی دروستکردنی تێڕوانینێکدایە بۆ گۆڕینی شێوازی خەباتی نەتەوەیی کورد لەشێوازی خەباتی سەختی چەکدارییەوە بۆ شێوازی خەباتی مەدەنیانە. بێگومان ئەمە خاڵێکی گرنگە، ئەگەر بهاتبایە داگیرکەرانی کوردستان ئەو دەوڵەت و نەتەوە شارستانییانە بوونایە، کە لەمانای خەباتی مەدەنی و دیموکراسی لەپێناوی گەیشتن بەمافەکاندا تێبگەیشتنایە. بەڵام وەکو ئاشکرایە تاکو ئێستاش بۆچوونی پاکتاوکردنی رەگەزی و سڕینەوەی شووناسی کوردی لەلای داگیرکەرانی عەرەب و تورک و فارس بۆچوونێکی چەسپاو و ئامادەیەو لەهەر کات و ساتێکدا هەلیان بۆ رێبکەوێت لەجێبەجێکردنی ئەو ئامانجەیان دوودڵ نابن.

کەواتە دەتوانین بڵێین کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی لەغیابی ناسیونالیزمی خاوەن بەرنامەو پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەتدا، رۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت. هەروەک کۆنگرەی نەتەوەیی بەبێ بوونی ستراتیژی نەتەوەیی کوردی و بەبێ پرۆسەی یەکگرتن و یەکبوونی هەموو جەستەی نەتەوەیی کورد ناتوانێت شتێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت. بەڵکو لەم شێوەیەی کە ئێستا دەیبینین، سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان بەشێک لەو حیزب و رێکخراوانەو کەسانێک کە دیدوبۆچوونەکانیان قورساییەکی ئەتۆی نییە لەکوردستانداو دەیان دوکانی کاسپیکردن بەناوی حیزبەوە بۆ وەها کۆنگرەیەک کۆدەکاتەوە، بێجگە لەهەوڵدان بۆ سەلماندنی رابەرایەتیکردنی خۆی لەکوردستانداو، بێجگە لەهەوڵدان بۆ سەلماندن و سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەخەباتی ئێستاو ئایندەی کورد هیچیتر نییەو ناشتوانێت رۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر

کۆمەڵگەی کوردی و لەسەر ناسیونالیزمی روو لەگەشەکردووی کوردی هەبێت، کە تەنیا ئەوە لەئایندەدا وەکو بزووتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتی ئاستی ئەوپەڕی داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد دیاری دەکات و هیچ هێز و حیزبێکی ناوخۆیی و هیچ کام لەداگیرکەرانی کوردستانیش ناتوانن رێگری لەبەدیهێنانی داواکارییەکانی بکەن، چونکە داواکاری گشتی نەتەوەی کوردە. کەواتە ئێستا دەبینین کۆنگرەی نەتەوەیی وەکو شتێکی ناسروشتی دەستکرد خۆی نیشان دەدات و هەمان شێوەی ئەو هەموو کۆنگرە نەتەوەییانە دەردەکەوێت، کە عەرەبەکان بەگشتی و نوخبەی ناسیونالیستی عەرەبی لەماوەی نیو سەدەی رابردوودا بەردەوام بەستوویانە، بەبێ ئەوەی هیچێکی ئەوتۆی بۆ بەرهەم هێنابن.

سەرچاوە : ماڵپەری سیڤل / رێکەوتی : ٢٧ی تەمموز ( ژووئیە)ی ٢٠١٣

## بۆ ئەوانەی لە کونی دەرزییەوە تەماشای کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن!



هاودەنگ فارووق

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بەرهەمی هەوڵ و کۆششی هەزاران شەهیدی رێگەی رزگاریی کوردستان و بەری رەنجی چەندین تێکۆشەری مەیدانی سیاسیی ئەمڕۆمانە، لوتکەی کاڵفامی و بێویژدانییە، ئەوانەی لە کونی دەرزییەوە بە لێخنی تەماشای ئەم کۆنگرەیە دەکەن کە گوایە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن بێت، بینیمان هەندێ لایەن سەرەتا بە روحی تەسکبینی حزبییەوە خەریک بوو لەسەر نوێنەرێک و کورسییەک ئەم دەستکەوتە مەزنە نادیدە بگرن و ببنە ئۆباڵی بەربەست بۆ کۆنگرەکە، دەشبینین چەندین ناوەند و لایەنی سیاسیی ناوخۆ و دەرەکی لە رێی کەناڵی ئاشکرا و نهێنیدا، چ هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی کۆنگرەکە نەکرێت، بەڵام.

با لەوە گەڕێین، مەخابن کەسانێکی وەک ئاسۆس هەردی کە خۆی بە رۆشنبیر و نووسەر و میدیاکار دەزانێ، کەچی ئاوا بە کاڵفامی و سادەییەوە لە پرسێکی گرنگ و دەستکەوتێکی ئاوا مەزندا، بە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵدەشاخێ و خۆی لێ بێتە سوپەرشرۆڤەکار.

هەرئەوەشە وامان لێ دەکات لە بەرامبەر هەر تۆمەت و پەلامارێکی نارەوای وەک ئەو کەسە و هاوشێوەکانی دیکە، لە بەرامبەر خەڵکانێکی بێویژداندا، بێینە دەنگ!

جێی داخە، زمانی لەکەدارکردن و هێرشی داخلەدڵانە، لە دژی پارتی و سەرۆک بارزانی، ئینجا گۆنگرەی نەتەوەیی ، سەر و سیمای بەرپرسەکەی ئاوێنە و هەندێ کەس و لایەن و کۆمەڵێک بنکەی بە ناو رۆژنامەوانیی(ئەهلی) بن سێبەرو بنزمانحاڵی سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان – یان داپۆشیوە.

نامەوێت رستە بە رستە شرۆڤە چەواشەکارییەکەی ئاسۆس ، سەبارەت بە مانای کۆنگرەی نەتەوەیی راست بکەمەوە، چونکە ئەگەر سنووری هەستی بیستن و بینینی ئەو بەڕێزە بە رق و کینە زاخاو درابێت، ئیدی چ پێویستی بە کاتخەرجکردن هەیە.

ئەم جۆرە رۆژنامەنووسانە!! کە لەم ساڵانەی دواییدا وەک دۆمەڵان لە ناو جەستەی میدیای کوردیدا هەڵتۆقیون، خەیاڵیان وایە: رۆڵی گرنگی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ گەیشتن بە کۆنگرەی نەتەوەیی لەبیری خەڵکی کوردستان ببەنەوە و مێژوو و هەنگاوەکان بە پێچەوانەی راستەقینەی خۆی پیشانی رای گشتیی خەڵکی بدەن..

ئێمە لە خەمی نووسەرێکی لەو جۆرە تێدەگەین، کە بۆچی لە ئاست سەروەریی و پێشکەوتنی رۆژ بەرۆژی پارتی و دەستکەوتە مەزنەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و هەوڵی سەرۆک مام جەلال و بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی باشور و باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا، دووچاری شۆک و هێستریای کردوون، لەوەش تێدەگەین کە مەبەستیانە ئاو بکەنە ئاشی دوژمنان و ناحەزانی کۆنگرەکە، هەر بۆیەیشە لە بەرامبەر ئەم یەکبوون و گردبوونەوەیەدا دووچاری بێتاقەتی بوون و هەر رۆژە و سەرچۆپی بە کارتێکی سوتاویانەوە دەگرن، رۆژێک گوایە سنووری رۆژئاوا داخراوە، رۆژێک کۆنگرەکە بۆ ریکلامی هەڵبژاردنە..

ئەوانە نیگەرانن لەوەی 39 حزبی کوردستانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی بزافی رزگاریخوازی کوردستاندا، لە ژێر چەتری ئەمینی سەرۆک بارزانی و حزبە رەسەنەکانی دیکەی کوردستاندا، کە حکوومەتی کوردستانیان بەرهەم هێناوە، کۆ ببنەوە و سەربەرزانە چارەنووسی خەڵکی هەرچوار پارچەی وڵاتی پێوە گرێبدەن.

نوسەرەکەی ئاوێنەش یەکێکە لەوانەی ئازار دەچێژێ، بەڵێ ئازار دەچێژێ کاتێک پارتی خاوەنی بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەیی و پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و ئاوەدانی و پاراستنی ئاسایشی کوردستان بێت، بۆیە چەواشەکاری و موزایەدە سیاسییەکانیان لە دوای بیست و چوار کاتژمێردا بۆ رای گشتی ئاشکرا دەبن و بەتاڵ دەبنەوە.

ئەمانە ئیرەیی ناخی هەژاندوون، چونکە چەندی دەکەن: چاویان لە ئاست ئەو راستییە بەرچاوانەی کە هەرگیز نکۆڵییان لێناکرێ، هەڵنایەت.
لەبەر ئەوە چیتر زیادەڕۆیی و درۆ و دەلەسەی هەڵبەستراوی ئەم نووسەر و رۆژنامەنووسانە، نەک هەر نرخێکی نامێنێ، بگرە ریسوای مێژوو و ئایندەی گەشی وڵاتەکەشمان دەبن.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان پۆست / رێکەوتی : ٧ی ئاب ( ئاگوست ) ی ٢٠١٣

## یەکێتیی ستراتیجی سیاسی و کۆنگرەی نەتەوەی



بورهان عەبدولڕەحمان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردان، ئەسڵێکی سروشتی مێژووی هەیە، پارچەبوونی نیشتمانی کوردان بڕیارێکی سیاسی یەو ئەو مەساحەیەیە کە بەهێڵی دەستکرد دیاریکراوە بێ خواستی کوردان، هەر ئەو دابەشبوونەیە حیزبی کوردی بەرهەمهێناوە، لە هەناوی حیزبیشدا بەرگری و بەرخودانی لێ لەدایکبووە.
دابەشبوون و کەرتبوونی نیشتمانی کوردان تەنها دابەشبوونی خاکی نیشتمان نیە، دابەشبوونی مرۆڤ و نەتەوەی کورد و یەک گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هێزی سیاسی و سەربازی و ئابوریشی بەدوایی خۆیدا هێناوە.
خراپی باری ئابوری تاکی کورد، سیاسەتی دوژمنکارانەی سەردەستەی نەتەوەی کوردان لەکاتی حوکومڕانیدا، بێ ئیرادەیی لە سایکۆلۆژیەتی تاکی کورددا بەرهەمهێناوە و بەشداربووە لە کەرت و پەرتکردن و لاوازکردنی کوردان لە سەردەمی خۆیدا.
ئەندامانی حیزب و بزوتنەوە سیاسییەکان، کوڕی ئەو میلەتە کەرتو پەرتەن و تێکچوونی باری سایکۆلۆژین کە زەمەن و مەکان و سیاسەتی زۆرەملێی دوژمن بەسەریدا سەپاندوون، کە لە هەستانەوەدا لەرزۆک وکەم تەمەن بوون، لەگەڵ ئەو زەمەنە ئاڵۆسکاو شلەژاوەشدا سەرکردەو نوخبەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە دەرکەوتوون لە مێژووی دوورو نزیکماندا.
لە دروستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە مێژووی قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات، شۆڕشێک کە کاری لەسەر هەستانەوەی ئیرادەی تاکی کورد کردووە، ئیرادەیەک کە چەکوشی دوژمن و ئاوابوونی شۆڕشی ئەیلول بە باڵای بڕیبوون.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەستانەوەی ئیرادەی شۆڕشگێرەکان، کە شۆڕشیان لەدەستچوو بوو، ئیرادەی تاکی کورد کە هەموو هیواکانیان لە شۆڕشدا کۆکردبووەوە و شۆڕشیش کۆتایی هاتبوو، بەتایبەتی لە باشوری کوردستان کاری دەکرد و هێنایە بەرهەم.
کارکردن لەسەر چەمکی هەستانەوەی ئیرادەی کورد تەنها لە چوارچێوەی تاک لەناو شۆڕشدا نەوەستا لای سیاسەت و بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵکو کاری لەسەر کۆمەڵانی خەڵک دەکرد، کە پشت بە شۆڕش ببەستن بە ئیرادەی پشت بەخۆ و گەل بەستن ببێتە هەناوی هەستانەوەی تاک و شۆڕش.. ئەمەش بووبووە بنەمایەکی سەرەکی بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش و دروستکردنی هیوا بۆ درێژەپێدانی شۆڕشی نوێ.
هەستانەوەی ئیرادەو پشت بەخۆبەستن و گەل بەستن لە باشوری کوردستان و بەتایبەت لای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە فکرەو تیۆرەوە بۆ پراکتیک و لە پراکتیکەوە بۆ ئەزموون، کە لە ئێستاشدا لە گوتارو ئامانجی نەتەوایەتیدا رەنگی داوەتەوە.
پاڵپشتیکردنی شۆڕشی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان لە پارچەکانی تری کوردستان لە ئەزموونی پشت بەخۆبەستن وگەل بەستنەوە سەرچاوەی گرتووە، کە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان شانازی پێوەدەکات کە لەهەرکوێیەک پێویستیان بە یەکێتیی بووبێت ئیرادەو گوتارو کرداری یەکێتیی لێبووە.
ئەگەر بۆ ئەوکات پشتیوانی یەکێتیی نیشتمانیی بۆ شۆڕشەکانی پارچەکانی تری کوردستان ستراتیجێتی سیاسی هەبوو بێت بۆ ئێستا ستراتیجیەتی نەتەوایەتی هەیە.
ئەگەر دوێنێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری بۆ هەستانەوەو نزیککردنەوەی شۆڕشی کوردان کردبێت بە رابەرایەتی جەنابی مام جەلال، ئەوا ئەمرۆ بێ دوودڵی کار بۆ یەک گوتارو کرداری نەتەوەی کوردان دەکات.
ئەم هەوڵانەی ئەمرۆ دەدرێت بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بێگومان جەنابی مام جەلال دەستێکی باڵای هەبووە، تێیدا بەهاوکاری هاوڕێیانی ئەم ئارامی و ئازادییەی ئەمرۆی هەرێمی کوردستانیش جەنابیان رۆڵی شەخسی هەبووەو تێیدا لە دابینکردنی تەبایی و ئارامی هەرێمەکەمان، کە ئێستا سنگی بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان کردۆتەوەو هەموو چاوەڕوانی ئەو یەک گوتاری و یەکڕیزییەی گەلی کورد دەکەین، کە هیوامان هەیە ئەوەی دوژمنان لەماوەی دەسەڵاتی سیاسییان لێ تێکداوین دەست

بکەینەوە بە بنیاتنانەوە و گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی، ئەمەش گۆڕینە لە ستراتیجی سیاسییەوە بۆ ستراتیجی نەتەوایەتی.

سەرچاوە : ماڵپەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ٤ی ئاگوستی ٢٠١٣

## ڕەنگ دانەوە ئەرێنیەکانی دوای کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی .



دوای ئەوەی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی ساز کرا، ئەو کۆنفرانسە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە میدیا تورکییەکاندا لێ کەوتەوە، بە جۆرێک بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە گرنگییەوە باسی کۆنفرانسەکەیان کرد.

ڕۆژنامەی ئۆزگور گوندەم بە مانشێتێکی گەورە لەبارەی کۆنفراسەکەوە نوسیویەتی "بە ئامانجی ئاشتی و دیموکراسی، کورد بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەکات". هەروەها لە بەشێکی دیکەی بابەتەکەدا هاتووە کە کورد لەو کۆنفرانسەدا پەیامێکی بۆ نەتەوەکانی کورد و عەرەب و تورک و فارس نارد کە دەیەوێت بە ئاشتی لەگەڵ ئەوە نەتەوانەدا بژێت.

ڕۆژنامەی رادیکاڵیش لەبارەی کۆنفراسەکەوە قسەی خۆی هەبوو و تێیدا دوو لە بەناوبانگترین گۆشەنووسی ڕۆژنامەکە گۆشەی ڕۆژانەی خۆیان بۆ کۆنفرانسی ئامادەکاری تەرخان کردبوو، نووسەر ئەیوب جان لە ڕۆژنامەکەدا دەنووسێت "بۆ کوردەکان سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردووە"، ئەو لە درێژەی بابەتەکەیدا ڕوونی کردووەتەوە کە ئەوە جاری یەکەمە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، کورد لەبارەی چارەنووسی خۆیەوە کۆ ببێتەوە، هەروەها بابەتەکەی خۆی بە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان کوردی باکوور و تورکیا گرێ دەدات و دەڵێت "دەبێت کورد و تورک یان بەیەکەوە بە ئاشتی بژین، ئەگەریش بە ئاشتیانە نەژین، هەردوو لا زیانێکی گەورە بە خۆیان دەگەیەنن"، هاوکات نووسەر لە وتارەکەی خۆیدا بە گرنگییەوە وتەیەکی سەرۆکی هەرێمی بە نموونە هێناوەتەوە کە دەڵێت "سەردەمی چەکداری کۆتایی هاتووە، دەبێت بە ئاشتی چارەسەری کێشەکان بکرێت".

بەهێزی و پتەویی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم وای لە بەرپرسانی ئەو وڵاتە کردووە کە لە گۆشەنیگایەکی ئەرێنییەوە لە پرسی و کورد و ڕۆڵی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە بڕوانن، هەربۆیەش لە زۆربەی ئەو بابەتانەدا کە ڕۆژنامە تورکییەکان لەبارەی کۆنگرەی نەتەوەییەوە نووسیویانە، ئاماژە دراوە کە تورکیا بە گرنگییەوە لە کۆنفرانسەکە دەڕوانێت و بە وردی چاودێریی دەکات.

نوووسەری ناوداری تورک و دۆستی گەلی کورد جەنگیز چاندار، لەبارەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەییەوە دەڵێت "کورد هێز و باوەڕێکی زۆریان بە خۆیان هەیە، ئێستا کورد نیشانیان دا کە لەنێو خۆیان یەکگرتوون، ئەو نووسەرە ناودارەی تورک بە گەشبینییەوە باسی ئەوە دەکات کە کورد دەتوانێت کۆنگرەی نەتەوەیی ساز بکات.

ڕۆژنامەی میللیەت کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی بەناوبانگی ڕۆژانەیە، قسەیەکی سەرۆکی هەرێمی کردووە بە ناونیشانی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە کە گوتبووی "سەردەمی بێ چەک دەخوازین"، هەروەها لەناوەڕۆکی بابەتەکەدا نووسیویەتی کە بۆ یەکەم جار لە هەولێر بارزانی نوێنەری ٣٩ پارت و لایەنی کوردیی کۆ کردەوە.

ڕۆژنامەی زەمانی تورکی، لەبارەی کۆنفرانسەکەوە جگە لە گرنگیدانێکی زۆر بە کۆنفرانسەکە، وتەیەکی سەرۆکی هەرێمی بە نموونە هێناوەتەوە کە دەڵێت "کورد بۆ پاراستنی ناو و نازناوی خۆی بەردەوام خەباتی کردووە، هەروەها سەرۆک گوتوویەتی "خۆزگە مام جەلال و ئۆجەلانیش لەگەڵ ئێمەدا بەشدار بوونایە".

هاوکات ڕۆژنامەی "تورکیا"ی نزیک لە حکوومەتی ئەو وڵاتە، لەبارەی کۆنفراسەکەوە دەڵێت "کورد پەیامی ئاشتیی پێیە و بۆچوونیان وایە کە باشترین چەک بۆ چارەسەری کێشەکان، ئاشتییە".

سەرچاوە : ماڵپەری دەنگی کوردستان / ڕێکەوتی : ٢٨ی ژووئیەی ٢٠١٣

==============================================================================

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.. مێژوو و ئێستا و ئاینده



ئالان حەمە سەعید سالح

کۆبوونەوەی ٢٢ ی تەمووز کە ٣٩ لایەنی کوردستانی گەورە بەشداری تیدا کرد و بارزانی دەستپێشخەری بۆکرد و سەرپەرشتی کرد بە هایەکی گەورەو لێکەوتەی پۆزەتیڤی لەسەر گووتاری سیاسی کورد دروست دەکات. ئەوەی لێ چاوەروان دەکرێت کە کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بێت بۆ دۆزی رەوای کورد.

## مێژوو:

دروستکردنی گوتاری سیاسی یەکگرتووی کورد وستراتیژی کاری سیاسی کورد ومیکانیزمەکانی جێبەجێکردنی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە کاری لە پێشینەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەوبارەیەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی( ٩ )لە ، ٤-١٠-١٩٧٩ ، بریاری دا بە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی نیشتیمانی کوردستانی، کە نوینەری هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستانی گەورە لە خۆ بگرێت، بۆ ئەومەبەستەش شەهید ئیدریس بارزانی کە سەرپەرشتی پەیوەندییە گشتییەکانی دەکرد هەوڵی ئاکتیڤ کردن و بەرجەستەکردنی ئەو بریارەی دەدا و هەنگاوی پراکتیکی گەورەی لەوبارەیەوە نا، دوای چەندین دانیشتن لە ساڵی١٩٨٣ لە دیمەشق پروتۆکۆلێکی ١١ ماددەی لە نێوان بەریزان عەبدوڵا ئۆجەلان و شەهید ئیدریس بارزانی واژوو کرا." بۆ درێژەی رووداوەکانی ئەوکات خوێنەری بەرێز دەتوانیت بروانێتە ووتارێکی بەرێز فەلەکەددین کاکەیی لە رۆژنامەی رووداو لە بەرواری ٨-٤-٢٠١٣" . لەو هەوڵەی کە ئاماژەمان پێدا تێدەگەین کە دروست کردنی گوتارێکی یەکگرتوو ویەکانگیری نەتەوەیی خەمی لە پێشینەی پارتی بووە، وەپارتیش هەموو توانا و هەوڵەکانی بۆ خستۆتە گەر.

## ئێستا:

بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی کەهەیەتی، کە خۆی لە کیانێکی فیدراڵی سیاسی و یاساییدا دەبینێتەوە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە سوودی لێوەرگیرا بۆ کۆکردنەوەی گشت پارتە سیاسییەکانی کوردستانی گەورە بە تێکرای جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکانیانەوە، کۆبوونەوەکەی 22 ی تەمووز کە بارزانی سەرپەرشتی دەکرد کۆبوونەوەیەکی ئاسایی وتێپەر نەبوو، بەڵکو دەستپێکی چوونە قۆناغێکی سیاسی نوێ بوو کە بارزانی توانی هەموو پارتە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستی کوردستانی گەورەدا لە هۆڵێکی کوردانەدا کۆبکاتەوە و هەمووان لەخەمی دروستکردنی گوتارێکی سیاسی هاوبەش و یەکگرتوو بن. بارزانیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەناوی بەرێزان تاڵەبانی و ئۆچەلانەوە بە خێرهاتنی ئامادەبووانی کرد کە ئەمەش مۆزایکێکی سیاسیانەی رێبەرییانەبوو کە دۆخی ئێستای کوردی پێویستییەتی. جگەلە ئاماژەدان بە بێزراوی زمانی چەک و ویستی کورد بۆ زمانی ئاشتی. لە ئێستادا ئەو کۆبوونەوە دەستپێکەی کە ئەنجامدرا دەرخەری ئەو راستییەیە کە گۆرانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دۆخی کوردان لە ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی کوردستانی گەورە پێویستی بوونی گوتارێکی سیاسی هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ بارودۆخ و سەردەمدا، پێویستە لە پێشینەی کاری سیاسی پارتە کوردییەکان بێت لە کوردستانی گەورەدا.

## ئاییندە:

لێکەوتەکانی ئەو کۆبوونەوەیەی ٢٢ ی تەمووز و سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی و سەرکەوتنی کۆبوونەوەکە پێویستی بە نەفەس فراوانی گشت لایەنە سیاسییەکان هەیە، پێویستی بەدەرچوونە لە جوغزەی تەسکی ئایدۆلۆژییە حزبییەکان بۆ تێروانینێکی نەتەوەییانە کە خەمی نەتەوە لە ئاستە فراوانەکەی کوردایەتییدا بەرجەستە بکات. بۆ ئاییندەی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئەم کۆنگرەیە پێویستییەکی مێژووییە کە دەبێت بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی لە نێو هاوکێشە نوێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست خۆی ئەپدەیت بکاتەوە، نوێگەری لە بەرمەبناکردنی سیاسەتێکی مۆدێرنی کوردی تێگەیشتوو لە گۆرانکارییە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست پێویستی بەمەنزڵ گەیاندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردییە، خوێندنەوە بۆ دۆخی نوێی هەر بەشێکی کوردستان و ئامادەباشی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر گۆرانکارییەک وئەگەرێک بنەمای ئەقڵانی بوونی ستراتیژ و گوتاری یەکگرتووی کوردییە. بەوهیوایەی نیشتیمان کە کوردستانە لەسەروو هەموو ئایدۆلۆژییە تەسکەکانەوە دابنێین، سازش بۆ نیشتیمان و یەکگرتوویەکەی شەرەفێکی گەورەیە پێویستە هەموومان ئامادەگیمان هەبێت بۆی، ئەم دەرفەتە پێویستە نادیدە سەیر نەکرێت و بەتەواوی پربایەخ بکرێت کە زەمینەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی یەک رەنگ و یەک دەنگ بتوانیین مامەڵە لەگەڵ گۆرانکارییە نوێیەکان بکەین.

سەرچاوە : ماڵپەری رەوش پۆست / رێکەوتی : ٢٨ی تەمموز ( ژووئیە)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێک بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ گووتار و ڕەوتی جیهانی



کامیل نورانی فەرد

چەند ڕۆژ لەمەوبەر هێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ڕێگەی نامەێیکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بانگهێشت کران تا لەدەوری یەک,قسە و دیالوگ بکەن لە سەر چۆنیەتی بەڕێوە چوون وبەستنی ئەو کۆنگرەیە کە هیوا و خولیای چەندین ساڵەی گەلەکەمان بوو. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیش وەک هێزێکی خاوەن پێگەی جەماوەری و بە پێشوونە لە کوردستان....

,لە ریزی حیزبە بانگ کراوەکانی ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٢٢ بوو. هەواڵی بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوەیە و ڕێکەوتن لەسەر بەڕێوە چوونی کۆنگرەکە زۆر بە خێرایی مانشیتی یەکەمی ڕاگەیاندنەکانی بۆ خۆی تەرخان کرد و لە لاییکی دیکەوە هیوایێکی زۆری خستە ناو دڵی هەر تاکێکی کورد. ئاشکرایە ماوەێکی دوردرێژ بوو,قسە و باس لەسەر هەنگاوێکی لەم چەشنە دەکرا و هەر بۆیە ڕەنگە درێژە خایاندنی ئەو باسە, هەنووکەحاستی چاوەڕوانیەکانی لەسەر کۆنگرە و دەرەئەنجامەکانی یەکجار بەرز کردبێتەوە و ئەوەش لەلێدوان و قسەی ناو خەڵک و چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا خۆی دەردەخات. ئەوەی کە چەندە مەنتقیە ئێمە چاوەڕوانیەکی زۆرمان هەبێ لەو کۆنگرەیە و ئەنجامەکانی، بە باوەری من نابێ و نالوێ ڕوانگەکان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بەرانبەر بێ لەگەڵ کۆتایی کێشە و هەموو ئەو ناخۆشی و تاڵیانەی لەمێژوو دا بینیومانە. هەڵبەت ئەوەش بەو مانایە نایە کە پێش وەخت بێ هیوایی سەبارەت بەو کۆنگرەیە سێبەر بخاتە سەر کۆمەڵگا و ڕووناکبیران و بەکەم تەماشا بکرێ..,بە باوەری من خودی بریاری بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێکی گەورەیە لە چوارچێوەی پێش خستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و کێشەی کورد بە گشتی. مەنتق پێمان دەڵێ ئەو کۆنگرەیە دەبێ وەک تاقیگە و هەنگاوێکی سەرەتایی لێی بڕواندرێ و بێگومان بچووکترین دەستکەوتەکانیشی سەرەتایێک دەبن بۆ دەست خستنی دەسکەوتی گەورەتر و بەرنرختر. هەرچەند تا کۆتایی کاری کۆنگرە و دەرکردنی بەیاننامەی کۆتایی ناکرێ باس لەئەنجام و دەسکەوت و بریارەکانی ناو کۆنگرە بکرێ و بەڵام بەشێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی بەستنی کۆنگرەیێکی لەم چەشنە لەم قۆناغەی ئێستا لە پەیامەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی لەیەکەم دانیشتنی ٣٩ پارت و سازمانەکوردستانیەکە ڕەنگی دایەوە. لەو کۆبوونەوەیە دا بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەریمی کوردستان لە پەیامێکدا ووتی: ئامانجی سەرەکیی ئێمە لەو کۆنگرەیە بریتییە لەوەی هەموو لایەنە سیاسییە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ببنە خاوەنی وتار و ستراتیژییەکی هاوبەش کە لەسەر بنەمای گەیاندنی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان بۆ گەلانی ناوچەکەیە. ئێمە لەو کۆنگرەیەدا دەمانەوێ بە گەلانی عەرەب و تورک و فارس بڵێین، کە کورد چاوی لە پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە و یەکسانە لەگەڵ ئێوەدا. ئەو پەیامە روونە لەئەنجامی خوێندنەوەێکی واقعبینانە و قووڵ و ئاگادارانە لە هەلومەرجی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیەوە دێ.,پەیامێک کە هاوتەریبی گووتاری جیهانی و سەردەمیانەیە و دەیهەوێ بلێ لەهەمان کاتدا کورد ئینتما و بایەخی هاوبەشی هەیە و یەکگرتوویە ، پەیامی ئاشتی و پێکەوژیان دەنێری بۆ جیهان و هەوڵی ئاشتەوایی و پێکەوژیانی بەرانبەر لەگەڵ باقی مرۆڤەکان دەدا. ئاشتی و پێکەوژیان ئەو گووتارە بەهێزیە کە ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی هەیە و یەکێک لە بایەخ و مۆراڵە پڕ گرینگەکانی جیهانی ئەم سەردەمەیە. حاشا هەڵنەگرە کە ڕەوتی پێشکەوتنە جیهانیەکان هاوشانە لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرپرسیارەتی تاکەکان لەبەرانبەر یەکدی کە زەرورە لەو پێناوەشدا عەداڵەت وبەرانبەری بناغە و پایەکانی بێ . ئەگەرئەنجامی کۆتایی کاری کۆنگرەش هەمان ئامانجی پەیامی سەرۆکی هەریمی لێبکەوێتەوە، پەیامێکی زۆر بەهێز و بە جێ دەبێ بۆ سەرجەم گەلانی ناوچە و جیهان و کورد لە حاست پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی بە شێوەیێکی بەرچاو بەرەو پێش دەبات. هەرچەند زەرورە جیاکارییەک بکرێ لەنێوان گەلان و حکوومەتە دیکتاتۆرەکان و ئەو گووتارە مەزنە مرۆییە نەبەسترێتەوە بە چەمکی هێز و دەسەڵات و بەو پێیەش هێڵی سیاسی بۆ دارێژرێِ. بێ گومان دەوڵەتانێک هەن کە بە درێژایی مێژووی خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵات ئەوەیان دووبارە و سێبارە سەلمێندوَتەوە,کە ئەگەری گۆڕانیان تێدا مەحاڵە و بێگومان تەنیا بە چارەنووسێکی هاوچەشنی موعەممەر قەزافی و حوسنی موبارەک و سەدام حوسێن,کورسی و تەختی دەسەڵات بۆ جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵک بە جێ بێڵن و کۆتایی بە سەرەرۆیی و دیکتاتۆریەتەکەیان بێ. ئەوەش مایەی داخە کە لە هێندێک سەردەم و قۆناغ پێویستە ئاشتەوایی و پێکەوژیان بکرێتە قوربانی واقع و ڕاستیەکان و هەنگاو بەرەوپێشەوە بۆ ڕزگاریی. بە گشتی تیلۆرانس و پلۆرالیسم و پێکەوژیانی ئاشتیانە و ڕێزگرتن بەرانبەر ئەو چەمک و دیاردانەن کە کورد نابێ لێیان غافڵ بێ لە هەمانکاتدا کە ئەو پەیرەوی کردنە نەبێتە مایە بێ هەڵویستی و مڵدان بە ستەم و نارەوایی. لە کۆتایش دا پێویستە بوترێ کە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ روحی پێکەوژیان و یەکتر قەبووڵ کردن و یەکگرتوویی ناوخۆیی بێ. هەر چەند بەداخەوە هێندێک کێشە و ناکۆکی لەسەرەتای کارەکان بیندرا کە پاڵنەر و خوڵقێنەری هەمان عەقلی یەکتر قەبووڵ نەکردن و مەزنخوازیی ناتەندورستی ناوخۆیی بوو، بەڵام هیوادارم ئەو جۆرە ڕووداوانە لەداهاتوو دا کەمتر ببیندرێ و یان خود کۆتایی پیَ بێ و هەموو هێز و لایەنە سیاسی و مەدەنیەنیشتمان پەروەرو وشوَرشگێرو هەروەها و کەسایەتیە شوَرشگێرەکانی کورد لە دەوری یەک,بناغەی یەکگرتووی و تەبایی و ئاشتی ناوخۆیی دارێژن.

سەرچاوە : ماڵپەری خەبات میدیا / ڕێکەوتی : ١ی ئاگوستی ٢٠١٣

## هاتنە ئارای کۆنگرەی نەتەوەیی کورد



رێکان سەباح

لە سەرو بەندی هەڕەشەکانی تورکیا، لەژێر بیانووی شەڕی پەکەکە و بیانووی تورکمانەکانی کەرکووک، کە زۆر بە ئاشکرا دەیان گووت"وڵاتەکەیان ناتوانێت واز لە مەسڵەحەتی کەمینەی تورکمانی بهێنێت لە باکوری عێراق، کە لە بنەڕەتدا تورکن و لەوە دەترسێن لەلایەن کوردەکانەوە تووشی چەوسانەوە ببن". سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک هاتە جواب، کە لەو دەمە کۆمەڵێک لە نوسەرە کورت بینەکان و لایەنەکان بە شێوەی جیاواز جیاواز دەهاتنە سەر خەت و دەیان گووت: بارزانی کوردستان بەرەو شەڕ دەبات، ئەو کاتە بارزانی پەیامێکی گەیاندە تورکیا، کە هەڵگری دوو وێنە بوو، یەکەم بارزانی گووتی ئەگەر ئێوە لە پێناوی چەند سەد کەسێکی تورکمان دەستێوەردانی کەرکووک بە ڕەوا دەزانن، ئەوا ئێمە لە پێناوی 20 ملیۆن کورد بەرنامەمان دەبێت بۆ دیاربەکر و ناوچەکانی تری کوردستان، ئەو وتانەی بارزانی سەدمەیەکی گەورە بوو بۆ حکومەت و دەوڵەتی تورکیا، ئەگەر بچێتە ئەو شەڕەوە ئەگەری پارچەبوونی تورکیا زۆر ئاسان دەبێت، لە ئەگەری راپەڕینی کوردستانی باکور، دووەم بارزانی لەو پەیامەدا زۆر بە روونی ئاشکرای کرد، کە ئیتر سەردەمی رەشکردنەوەی کورد و نکۆلی کرد کۆتای هات. ئەو هەڵوێستانەی بارزانی لە لێکۆڵینەوەکانی ئەحمەد داود ئۆغلو رەنگی دایەوە، کاتێک دەڵێت: ئەو ئێتنیکە بەردەوام دەرگایەکی کراوەیە بۆ هەر دەوڵەتێک بیەوێت پشێوی تێدا دروست بکات. بۆیە لە لێکۆڵینەوەکانی دا زۆر بە روونی دەڵێت چارەسەرکردنی تاکە رێگایە. تورکیا بە ئاشکرا لە پاش ئەو هەڕەشانە ئەگەرێکی تری تاقی کردەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهێز کردنی پەیوەندی ئابوری و سیاسی بوو، لەو ماوەیەدا تورکیا تەواو نزیک بووە لە تێڕامان و بۆچوونەکانی بارزانی، ئەمەش دۆخێکی تری لە تورکیا دروست کرد، وایکرد تورکیا رۆژێکی نوێ لە مێژووی خۆی دەست پێ بکات، بە کرانەوە بە رووی دیموکراسی و چارەسەری پرسی کورد. یەکێک لە کێشەکانی بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی بەردەوام تورکیا بووە، تورکیا بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە، کە کورد بە هەموو شێوەیەک لە رەگەزی نەتەوەیی خۆیدا بگۆڕێت، بەڵام ئەوەی ئێستا لە نیەتەکانی تورکیا و لێدوانەکانی دەبینرێت، لە بەرامبەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەرهاوێشتەی ستراتیژێکی حەکیمانەی کورد بووە، لە فەترەی ویلایەتی سەرۆکایەتی بارزانیدا، چونکە لەو فەترەیەدا کورد دوو هەنگاوی زۆر گرینگی نا، یەکەم: کارکردن لەسەر نەهێشتنی ئاسەواری شەڕی ناوەخۆ، دووەم: کارکردن لەسەر دەرهێنانی شەڕی ناوەخۆ لە ئەقڵیەتی تاکی کورد دا، ئەم دوو هەنگاوە توانی کاریگەری لەسەر هێمنی و ئارامی نەتەوەی کورد دروست بکات و تەواوی هەوڵەکانی ئیقلیمی لەو بە یەکدادانەی کورد، ڤاڵا دەربێخی. بێگومان ئەو جۆرە ژینگەیەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بە دیموکراتیزە کردن بوونی نەتەوەی ئاشتیخواز و داواکاری پێکەوە ژیان لە ناوچەکەدا، دیارە بارزانی لەو دەرفەتەی ویلایەتی خۆیدا لە قۆناغی یەکەمی ستراتیژی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێم کاری لەسەر دوو بژاردەی گرینگ کردووە، یەکەم: کارکردن لەسەر نەهێشتنی ئاسەواری شەڕی ناوەخۆ. دووەم : بەرزکردنەوەی پەیامی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو کارکردن بۆ نەتەوەی دیموکراتی. ئەو دوو بژاردەیەی بارزانی لە تەمەنی ویلایەتی سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان راستەخۆ کاریگەری تەواوی لەسەر ناوچەکە دانا، وێنەیەکی نەتەوەی دیموکرات و پێکەوەژیان ئاشتی خواز بە جیهان نیشاندا. بۆیە وەکو یەکەم دەوڵەت هاتنە سەر خەتی تورکیا و بە ئیجابی وەسفکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەرهاوێشتەی ئەو رێرەوەی ستراتیژەی بارزانی بووە، لە قۆناغی یەکەمی هەنگاوەکانی دا.

قۆناغی دووەم و هێنانە ئارای کۆنگرەی نەتەوەیی زادەی ئامادەسازی زەمینە خۆشکردنی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، واتا هاتنە ئارای دەگرێتەوە بۆ قۆناغی یەکەمەوە، کۆنگرەی نەتەوەیی و گرینگی ئەو کۆنگرەیە، داڕشتنی ستراتیژیەتی کوردە بۆ پێشهات و گۆڕانکارییەکان، ئەگەر چی ئەوانە چەمکی گشتین و پێویستیان بە ورد بوونەوە هەیە، لە جیۆپۆلەتیک، جیۆستراتیجیک، ئیدیۆلۆژی، بەڵام ئەوە لێدەگەڕێین بۆ شارەزایان و ئەکادیمیەکانی ئەو بوارە لە کۆنگرە. لێکەوتەکانی بڕیاراتی کۆنگرە دەرگایەکی کراوەیە بۆ هەر بڕیارێک کە کورد لەو فەترەیەدا بیدات، واتا هەستیاری کۆنگرە کە لەو دۆخەی ئێستادا، پێشوازییەکە حکومەتی تورکیاو دەستپێکەکەی کە بە وتارێکی بارزانی بوو، هەڵێنجراوی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان لە چوارچێوەی گەلانی ناوچەکە وێنە کرد، بۆیە لەو دۆخەی ئێستادا کۆنگرەی نەتەوەیی کە زادەی دوو قۆناغی سەختی کارکردن بووە، پێویستە وەکو خۆی بگەیێنرێتە ئامانجەکانی خۆی و یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی، دەبێت داچۆڕێت لە ئامانجی حزبی، وەڵێ بە داخەوە دوور لە سەختی گەیاندنی ئەو قۆناغەی ئێستا و گەیشتن بە کۆنگرەی نەتەوەیی، هەندێک هێز دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەیی جارێکی تر شێواز و مامەڵەکردنیان بە ئەقڵیەتی کورسیخوازی تاودا، ئەگەرچی ئەو جۆرە کردارە نەخوازراو دوور لە بەهایی ئەخلاقی نەتەوەییە، بەڵام نابێت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەرفەت بە ئەقڵیەتی کورسیخوازەکان بدەن. ئاراستەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە مەبەستی حزبی بشۆنەوە، چونکە دەمێکە کورد لە پێناوی یەک بووندا هەوڵەکانی بە ئەنفال و کیمیاباران و نکۆلی کردن رەشکردنەوە لەبار بردراوە، بۆیە هاتنە ئارای ئەو قۆناغە موڵکی گەلی کوردە، هەر هەوڵێک پێچەوانەی قۆناغەکە، یەکسان دەبێت بە لەبار بردنی ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەیەک. ئەمەش بەرپرسیاریەتێکی دیرۆکی دەخاتە سەر ملی هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان.

"پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی وەکو خۆی بگەیێنرێتە ئامانجەکانی، یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی دەبێت داچۆڕێت لە ئامانجی حزبی"

سەرچاوە : ماڵپەری زاری کرمانج / ٥ی ئاب (ئاگوست)ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی لە نێوان ترس و ئومێددا!



فەرحان جەوهەر

دوای هەوڵو کۆششێکی زۆری هێزو لایەنەسیاسیەکانی کوردستان، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەمووشیانەوە سەرۆک بارزانی، خەریکە هێلە گشتییەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی بەرجەستە دەبن، وەک من ئاگادارم ماوەیەکی زۆرە پارتی کار بۆ گرێدانی ئەو کۆنگرەیە دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە راو بۆچوونی زۆرێک لە کادرە پێشکەوتووەکانی خۆی و خەڵکی رۆشنبیریش لەو بارەوە بزانێت، چونکە ئەمە بابەتێکی هەستیارو گرنگە، گەر بێتو کۆنگرە سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا بە دوای خۆیدا بێئومێدییەک لە ناو هەموو گەلی کورددا دروست دەکات، بۆیە نابێت وا بە ئاسانی سەیری هەنگاوێکی وا بکەین، ئەم کۆنگرەیە گەر بێتو سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەوا دەبێتە رووداوێکی زۆر گەورە لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، چونکە بۆ یەکەم جارە هەموو هێزە سیاسیەکانی کورد لە سەر یەک مێز لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوەو باس لە دانانی ستراتیژێک دەکەن بۆ کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان، هەنگاوی هەرە گرنتی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە وەلانانی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتییە، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە هەموو حزبەکان یان ئەوانەی بەشدارن، لە بڕیاری خۆیان سەربەخۆبن، روونتر بڵێم گرێدراوی بەرنامەی هیچ هێزو وڵاتێکی دەرەکی نەبن، لە بەرئەوەی کورد هەموو لایەکی دوژمنە، لە هەمووشی گرنگتر بۆ سەرکەوتنو بەردەوامی ئەو کۆنگرەیە سەرۆکایەتی کردنییەتی، گەر بێتو بارزانی سەرۆکایەتی ئەو کۆنگرەیە بکات، بە دڵنیاییەوە کۆنگرەکە لە سەر ئاستی ناوەخۆو دەرەوەش سەنگی دەبێت و بە ناچاری مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە بارزانی جگەلەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، یەک لە رابەرە مێژووییەکانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە، دوای نەخۆش کەوتنی مام جەلالو زیندانی کردنی ئۆجەلانیش، ئەرکە قورس و مێژووییەکە هەمووی کەوتۆتە سەر شانی بارزانی، بۆیە بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەو پێشنیارەی هەندێک کەس قەبوڵ بکرێت، کە سەرۆکایەتی ئەو کۆنگرەیە بە نۆرە بێت، هەر کات ئەمە روویدا، واتە قەبوڵ کرا، کورد گوتەنی "ئاو بێنە و دەستان بشۆ"، لەبەرئەوەی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کە دەکاتە نوێنەری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە هەموو پارچەکان، پێویستە سەرۆکێکی مێژوویی و کاریزمایی بێت، لە ئێستاشدا تەنها سەرۆک بارزانی رابەرو سەرکردەیەکی کاریزماییە، تا گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان و کورد لە هەموو پارچەکان بەمافەکانی خۆی شاد دەبێت، سەرۆکایەتی کۆنگرەیەکی وا تەنهاو تەنها بە سەرۆک بارزانی دەکرێت.

قۆناخی رزگاری نەتەوەییو نیشتیمانی هەمیشە پێویستی بە سەرۆکێکی مێژووییو کاریزمایی هەیە، بۆ ئەوەی زۆرینەی میللەتەکەی لەگەڵ بێت بۆ هەر رووبەروو بوونەوەیەک لەگەڵ نەیارانی میللەتەکەی، ئەگەرنا بیرکردنەوە لە دانانی سەرۆکایەتی نۆرەیی وەک عێراقی سەردەمی مەجلیسی حوکم و ئیئتیلافی ئێستای سوریای لێدێت، لە رۆژهەڵاتی ناوەراست هەمیشە میللەتان پێویستیان بە سەرۆکێکی بەهێز هەیە، لە بەرئەوەی خاوەنی دەستەو دامەزراوەیی کارای دەوڵەتی نین، بۆیە ناتوانن خۆیان بەبێ سەرۆک رووبەڕووی کێشە ناوخۆییو دەرەکیەکان ببنەوە، سەیری بزووتنەوەی کوردایەتی لە بەشی رۆژهەڵات بکەن، دوای نەمانی قاسملو حیزبە کوردیەکان چۆن پەرتەوازە بوونو خەبات لەو بەشە چۆن لاوازبوو!، گەر هاتباو لە باکوریش پەکەکە دەستبەرداری سەرۆکایەتی ئۆجەلان بایە بە هەمان دەردی ئەوان دەچوو، بەڵام ئەوان کارێکی زۆر عەقڵانیان کرد بەوەی ئۆجەلانییان هەر بە سەرۆکی حیزبەکەیان هێشتەوە هەرچەندە لە زیندانیش بوو، سەبارەت بە یەکێتیش تا ئەو کاتەی مام جەلال بە هەناسەش مابێت، زۆر لەوە باشترە بیر لە یەکێکی تر بکەنەوە، چونکە هیچیان خاوەنی ئەو کاریزمایەی مام جەلال نین، بۆیە هەر بزاڤێکی نەتەوەیی یان نیشتیمانی لە قۆناخی رزگاریدا، بەبێ سەرکردەی کاریزمایی مەحاڵە بتوانێت بەردەوام بێت، لەبەر ئەمەشە ئێستا لە سەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان تەنها سەرۆک بارزانی بە کردەنی لە گۆڕەپانی خەبات، وەک رابەرێکی مێژوویی و سەرۆکێکی کاریزمایی ماوەتەوە، بۆیە کورد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی، زۆر پێویستی بە رابەرایەتیو سەرۆکایەتی بارزانی هەیە.

کۆنگرەی نەتەوەی چەندە جێگای ئومێدە، ئەوەندەش جێگای ترسە، سەرکەوتنی کۆنگرەکە مانای وایە کورد لە گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی زۆر نزیک بۆتەوە، جێگای مەترسییەکەش ئەوەیە گەر بێتو سەرکەوتوو نەبێت، ئەوە مانای وایە دیسان کورد پێویستی بە قۆناخێکی ترەو هێشتا زۆرمان ماوە بیر لە دارشتنی ستراتیژیەتێکی یەکگرتوو بکەینەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری زاری کرمانج / ٥ی ئاب (ئاگوست)ی ٢٠١٣

## پێشنیارەکانی کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

بەڕێزان   ڕێکخەران و ئامادەکارانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

وێڕای دەستخۆشیی و ماندوونەبوونیی لە هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییانەی بۆ ڕێکخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کاریان کردوە و بۆ سەرخستنی ئەم ئەرکە نیشتمانییە هەوڵیان داوە، بەر لە هەموو شتێک ئێمە وەک کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، پێمان وایە ئەم پرۆژەی بەناوی کۆنگرەیی نەتەوەیی کوردستان لە ڕۆژەڤ دایە ئەگەر ناوەکەی کۆنگرەی نیشتیمانیی کوردستان بووایە پڕواتاتر و لەگەڵ پێکهاتەی فرەنەوەیی و فرەچەشنیی خەلکی کوردستان گونجاوتر دەبوو.
وەک کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، ڕێکخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بە هەر کەم و کووڕییەکەوە کە هەیبێت، بە دەسکەوتێکی گرنگ و مێژویی خەڵکی کوردستانی دەزانین و وەک ئۆرگانێکی پێویست و ڕێکخەر و کۆکەرەوەی هێز و لایەنەکان بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان بەرز و پیرۆزی دەنرخێنین. هیواداریین ئەم کۆنگرەیە لە ئاست پرسی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا بێت و ببێتە ئۆرگانێکی یەکلاکەرەوەی هەموو پرسە هەڵپەسێردراو و گرفتە ناوخۆیەکانی ئێستا و داهاتووی لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستان.
لە ڕوانگەی ئێمەوە پێویستە ئەو کۆنگرەیە ببێتە سەرەتای پێکهێنانی ئۆرگانێکی سیاسی و فەرمیی نیشتمانیی هاوشێوەی کۆمەڵێک دامەزراوەی هەرێمیی و ناوچەیی وڵاتان و نەتەوەکانیتر کە بێگومان خەڵکی کوردستانیش مافی خۆیەتی وەها دامەزراوەیەکی تایبەت بە خۆی هەبێت. بە بڕوای ئێمە پێویستە ئەو کۆنگرەیە لە ناوەڕۆک و پراتیک دا کۆنگرەی هەموو خەڵکی کوردستان بێت، وەک چاڤگەیەکی بێ لایەنی کوردستانی داکۆکی لە ماف و ئازادی و بەرژەوەندیی گشتیی و تاکی کورد بکات و تێکڕای خەڵکی کوردستان لەم ئۆرگانەدا هەست بە بوونی خۆیان بکەن. بە واتایەکی تر چاوەڕوانین کۆنگرە دوور بێت لە بەرژەوەندیی حیزبی، یەک لایەنی و دوو لایەنی. جیا لە نوێنەری لایەنە سیاسیەکان، نوێنەری هەموو کەمە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانی کوردستان و کەسانی سەربەخۆ و بێ لایەن و شیاو تێیدا بەشدار بن.
لێرەدا ئێمە وەک لایەنێکی سیاسیی کوردستانی لە سەر بنەمای هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە هەمبەر خەڵکی کوردستان، بیروبۆچوونی خۆمان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاراستەی ڕای گشتی و ڕێکخەران و بەرپرسانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان دەکەین:

### ١- پێکهاتەی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

ئا. . ئاشکرایە لە کوردستان جیا لە کەسانی سەربەخۆ، خەڵک بە گشتی بە سەر کۆمەڵێک لایەنی جیاواز دا دابەش بووە و هیچکام لە لایەنەکان نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان نین. لەسەر ئاستی دنیای دەرەوەش هیچکام لە لایەنەکانی کورد وەک نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان وەر ناگیرێن. لەسەر ئەم بنەمایە ئەرکی هەموو دڵسۆزان، هەڵسووراوان و ڕێکخەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانە کە بە بەشدارییپێکردنی هەموو لایەنەکان و لەبەرچاوگرتنی ڕای گشتی، ئەو کۆنگرەیە بکرێتە کۆنگرەی نیشتمانی نەوەک کۆنگرەی چەند لایەنی دیاری کراو بۆ ئامانجی تایبەت بێت. پێویستە ئەم کۆنگرەیە نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستان بێت. هەوڵ بدرێت لە سەر ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشدارییەکی فراوان لەم کۆنگرەیە دا هەبێت و هیچ لایەن و پێکهاتەیەکی کوردستان پەراوێز نەخرێت. هەوڵ بدرێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیر وبۆچونی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی یان گەورەیی و بچووکی بەشدارییان پێ بکرێت. پێویستە هەموو بەشداربووان بە یەکسانی بواریان بۆ بڕەخسێندرێت تا ڕا و سەرنجی خۆیان بەیان بکەن.
ب. هەموو ئەو کوردانەی بە هەر هۆیەک کەوتوونەتە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان بەگشتی، وەک لوبنان، خوراسان و هتد بانگهێشت بکرێن و نوێنەریان لەم کۆنگریەدا بەشدار بێت. پێویستە هەر لایەنێک کە لە پێناو ڕزگاریی و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و چارە سەریی کێشە ڕەواکەی تێبکۆشێ، بتوانێ ببێتە ئەندامی کۆنگرە. لە وەها بارودۆخێک دایە کە ئەو کۆنگرەیە دەبێتە کۆنگرەیەکی راستەقینەی خەڵکی کوردستان و دەتوانی خاوەن بڕیاری چارەنووس ساز بێت و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ بکرێت.
پ. بەبێ جیاوازی بانگ لە نوێنەری هەموو ئەو کەمە نەتەوەییانە بکرێت کە لە ناو خاکی کوردستان دا دەژین.
ت. پیویستە کۆنگرەی نەتەوەیی بە کردەوە گرینگی بە یەکسانیی ژن و پیاو بدات و هەوڵ بدات بە ڕێژەیەکی بەرچاو ژنان لەو کۆنگرەیەدا بەشدار بن.
ج. نوێنەری ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کەسایەتییە سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێستەکان، پسپۆڕان جیاواز لە بووارەکانی کۆمەڵناسی، مافناسی و مێژووناسی بانگهێشت بکرێن و بیر و بۆچوونیان گرینگی پێ بدرێت.
٢- بەڕێوەبەریی بە گشتیی لە کۆنگرەدا بە شێوەی هەرەوەزیی و دێموکراتیک بێت. سەرۆکایەتی بە شێوەی گەڕان (دەورەیی) و دوور بێت لە قۆرخکاری. هاوکات بەڕێوەبەریی هیچ پۆستێک لە دوو خولی بەدوای یەکدا زیاتر نەبێت.
٣- لە ئەگەری بەشدارییپێکردنی هەموو لایەنەکانی کوردستان کۆنگرە ئەو ڕەواییەی هەیە کە بە ناوی هەموو خەڵکی کوردستان، داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بکات بە فەرمیی جێگای نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان لە ناو پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بکاتەوە. پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی وەک نوێنەری هەموو خەڵکی کوردستان هەوڵ بدات بە فەرمی بە وڵاتانی دنیا ڕابگەیەنێ کە کێشەی خەڵکی کوردستان لە گەڵ ئەو وڵاتانەی دوور لە خواستی خۆی بەسەریاندا دابەش کراوە، کێشەیەکی سیاسی و یاساییە. کێشەی ماف و ئازادیی و بڕیاری چارەنووسی نزیک بە٥٠ ملوێن مرۆڤە و پێویستە بە شێوەیەکی بنەڕەتیی چارەسەر بکرێت. پێویستە ئەم پرسە وەک کێشەی گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت لەسەر گۆی زەوی سەیر بکرێت و هەوڵی چارەسەریی بدرێت.

٤- کۆنگرە بە هەموو لایێک ڕابگەیەنێ کە ئەو دامەزراوەیە بۆ دژایەتیی هیچ لایەنێک نییە بەڵکو پێداویستیەکی بارودۆخی کوردستانە و هەوڵ دەدات بە ڕێگەیەکی زانستی، سیاسی و ئاشتیانە ڕێچارەیەکی شیاو بۆ پرسی خەڵکی کوردستان بدۆزێتەوە. شیاوە لەڕێگای ڕاگەیاندنی کۆنگرە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە پەیامی ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان بە نەتەوەکانی عەرەب، تورک، فارس و هەموو لایەک بگەیەندرێت و شی بکرێتەوە کە خەڵکی کوردستان چاوی نەبڕیوەتە ماف و خاکی هیچ لایەک و تەنیا دەیهەوێت لەسەر خاک و زێدی خۆی وەک هەموو خەڵکی دنیا بە سەربەستی بژیت. پێویستە لەو پەیوەندییە دا ڕەچاوی سیاسەتێک بکرێت کە نەتەوەکانی هاوسێ، کورد وەک خۆی بناسن و لە نیازپاکیی، ئاشتیخوازیی و هاوسێیەتی بێ زیان بۆ وان دڵنیا بن و فشار بۆ دەسەڵاتی وڵاتەکانیان بێنن کە خەڵکی کوردستان دوژمنی ئەوان نییە و شەڕ لە گەڵ خەڵکی کوردستان لە بەرژەوەندی هیچ لایەک دا نییە. هەروەها ڕوون بکرێتەوە کە لە بەرژەوەندیی هەموو گەلانی ناوچەکە دایە کە گیانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکانی فارس، تورک، عەرەب و کورد پارێزراو بێت و خەرجیی و تێچووی شەڕ لە گەڵ خەڵکی کوردستان بۆ ئاوەدانی، خزمەتگوزاری و چارەسەریی بێکاریی بۆ هەر یەک لە وڵاتەکان بگەڕێتەوە و کاروانی پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە لە هەموو بوارێک دا خێراتر بێت.

٥- ویرای ئەوەی کە کۆنگرە پەیامی ئاشتیخوازانەی خۆی بە هەموو لایەک ڕادەگەیەنی و هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی پرسی خەڵکی کوردستان دەدات، هاوکات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئاشتیی یەک لایەنە نایەتە دی، کۆنگرە بەرنامە و پرۆژەی پێویستی بۆ بەرگریی خەڵکی کوردستان لەخۆیان هەبێت.

٦- کۆنگرە لە سەر ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە پێداگریی بکات. بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک لە سەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری، ڕەخساندنی هەلی کار بەبێ جیاوازی، خوێندنی خۆڕایی، بەرگریی لە هەژاران و چەوساوەکان و هەوڵی بنبڕکردنی چەوساندنەوە لە کوردستان لە هەموو بوارێکەوە، مافی ئازادی بیر و ڕا دەربرین، مافی پێک هێنانی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و پیشەیی، سەروەریی یاسا، دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ڕێی هەڵبژاردن، ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕ و ئاین و کەلتووره جیاوازەکان، یەکسانیی ماف و ئازادی ژنان لە بەرنامە و پلانی کەری کۆنگرە دا بێت.

٧- پێویستە کۆنگرەی لە بابەت مافی بڕیاری خەڵکی کوردستان لە سەر چارەنووسی خۆی پێداگریی بکات.

٨- کۆنگرەی نەتەوەیی شەڕی ناوخۆیی بە تاوان بناسێت و بڕیار بدات کە لە داهاتوو دا بە هیچ بیانوویێک شەڕی ناوخۆیی ڕووو نەدا. ئەو ناکۆکی و گرفتانەی لە ڕابردوو دا لە نێوان لایەنەکان دا ڕوویان داوە و ئێستاش بە تەواویی چارەسەر نەکراون، هەوڵ بدرێت لە ڕێگای دیالۆگ و لە یەکتر تێگەیشتن بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن و مێکانیزمی چارەسەریی گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. جێی خۆیەتی یەکەم داهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوە بێت کە ناکۆکی و دژایەتی یەکتر کردن و پەلاماردانی یەکتر لە نێوان لایەنەکان بگۆڕدرێت بۆ کێبەرکێی دێموکراتیکی لایەنەکان بەتایبەت لە بووارەکانی داهێنانی نوێ و پرۆژەی پێشکەوتووتر و خزمەتکردنی زیاتر بە خەڵک و نیشتمان. لەم پێناوەدا گونجاوە بەڵێننامەیەک بنووسرێت و واژۆ بکرێت کە لە داهاتوو دا هەموو لایەنەکان بە کردەوە پشت بە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن و ڕێز لە بڕیارەکانی بگرن.

٩- کۆنگرە پلانی هەبێت بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی کارکردن، لێکۆڵینەوە و گەشەپێدانی زمانی کوردی.

١٠- لە بەرنامەی کۆنگرە دا بێت کە لە داهاتوودا بە یارمەتیی کەسانی پسپۆڕ لە بووارەکانی کۆمەڵناسی، مافناسی و یاساناسییەو، پرۆژە یاسایەکی پێشکەوتوو، زانستیی و سەردەمییانە بۆ خەڵکی کوردستان دارێژن.

١١- ئێمە وەک کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان، بڕوامان بە سەربەخۆیی و یەکسانییە لە کوردستان و ئێستا لەم پێناوە دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازەکانی سیاسی و مەدەنی خەبات دەکەین. لە هەمان کاتدا ڕێز لە ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستان لە سەر چارەنووسی خۆیان دەگرین و ئەوەی خەڵکی کوردستان پەسندی بکات، ئیمەش ڕێزی لێ دەگرین. هاوکات هەر هەنگاو و هەوڵێک بۆ لێکنزیبوونەوەی لایەنەکان و یەکێتیی و یەکڕیزیی گەلەکەمان لە بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستاندا دەبینین، بە بەشێک لە باوەڕ و ئامانجی خۆمانی دەزانین، بەرزی دەنرخێنین و پشتگیریی دەکەین.

سەقامگیر بێت یەکێتی و یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان

سەرکەوێت شۆڕشی ڕەوای خەڵکی کوردستان

دای بڕیژین کۆشکی یەکسانیی ژیان

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

سەرچاوە :ماڵپەری هەلوێست / ڕێکەوتی : ١١ی ئاگوستی ٢٠١٣

## بەشداری نوێنەری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند سەرنجێک !!!!!!



**حیسام ئەحمەدی**

لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کورددا شاهیدی گەلێک قارەمانەتی و فیداکاری خەڵکی کورد بەگشتی و هێز و لایەنەکانی کورد بە تایبەتی بووین، کە بۆ رزگاری وڵات لە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران خوێنی خۆیان و گیانی خۆیان فیدا کردووە ، هێزی شۆرشگێری و باوەڕمەندبوونی کورد بە ئازادی توانیویەتی هەرچەشنە کەرەستەیەکی پێشکەوتووی شەڕ و گەورەترین هێزی داگیرکەران بەرەو شکەست و بە چۆکداهێنان بەرێت . بەڵام بەداخەوە هەمووکات و لە کاتی سەرکەوتندا نەبوونی یەکریزی و یەکتر قەبووڵ نەکردن جارێکی تر هەلی بۆ دووژمن رەخساندووە کە لەو بۆشاییەی لە نێو هێزی کورددا هەیە کەڵک وەربگرێت . هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکییە بۆ وڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی کورد بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانی نەیتوانیوە ببێتە خاوەن دەوڵەت !

لە ئیستادا کە باس لە گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی و بە گونجاو زانینی کات بۆ گرتنی ئەو کۆنگرەیە، بۆتە جێگای دڵخۆشی بۆ هەموو ئەو کەسانەی باوەڕمەندن کە" سەرکەوتن لە یەکریزی دایە " بەڵام بە پێی ئەو هەڵسەنگاندن و هەواڵانەی کە لە لایەن کەسانی سیاسی و لێکۆڵەر لە پرسە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان ، ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەگەری ئەوە هەیە لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و داگیرکەرانەی کە بە درێژایی مێژوو کوردیان چەوساندۆتەوە و کوردستانیان کردۆتە گۆمی خوێن ! بەشداری بکەن .

لە راستیدا ئەوەی جێگای سەرنجە و پێویست بە باس کردنە ئەوەیە کە ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی بە بەشداری نوێنەرانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەشکراوە و تا ئێستا حاشا یان لە بوونی کورد وەک نەتەوە کردووە بێت! نە تەنیا نابێتە هۆی دڵخۆشی کورد بەو کۆنگرەیە ، بەڵکوو بێمتمانەیی خەڵکی کوردستانی لێدەوێتوە .

چوونکە ئەوانەی لەو باوەڕەدان کە بوونی نوێنەرانی وڵاتانی داگیر کەر لە کۆنگرەدا پێویستە بۆ ئەوەی دەنگی کورد و داخوازییەکانی ئەو نەتەوەیە ببیستن ،من لەو باوەڕەدام ئەگەر بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشان لە داخوازی و داواکارییەکانی کورد تێنەگەیشتبن ، بێگوومان لە وەها کۆڕێکدا دەنگی کورد نابیستن ! بە تایبەت سەبارەت بە بەشداری نوینەری کۆماری ئیسلامی کە کارنامەیەک تیرۆریست بوونی دەمێکە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی نێو نەتەوەیی خراوەتە روو ، باشترین نموونەش دەتوانرێت ئاماژە بە تیرۆری رێبەرانی شەهید " دکتور قاسملوو و دکتور شەرەفکەندی " بکرێت! بۆیە بەشداری وڵاتانی داسەپاو بەسەر کوردستان لەو کۆنگرەیەدا ناتوانێ خزمەت بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بکات ، کەواتە نە وەها کۆڕێک دەتوانی دوژمن بینێتە سەر ئەو باوەڕە کە دان بە مافەکانی نەتەوەی کورد بنێت و نە دەتوانێ شوێنێکی گونجاو بێت بۆ بە نێو موزاکرە و ڕا گۆڕینەوە ! بەڵکوو پێویستە کۆنگرە لە راستای رێکخستنی ماڵی کورد و هاوپەیمانیبەتی کورد بێت ، نەک ....

لە کۆتایدا هیوا خوازین هێزەکانی کورد لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان هەڵویستی خۆیان لەو راستایەدا هەبێت و ئەو حەقە بە هیچ هێز و لایەنێک نەدرێت بۆ بەرژەوەندی خۆی وەها پێشنارێک بەسەر کۆنگرەیەک کە تایبەت بە نەتەوەیەکە زاڵ بکات ، چوونکە تا ئێستا ئەوە بۆ تاکی کورد روونە کە بۆ گرتنی کۆنگرە ی نەتەوەیی پرس بە وڵاتانی داگیر کەر و دژبەرانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد کراوە ، بەڵام ئەگەر بەشداری ئەو لایەنانە لە کۆنگرەدا ببێت ، نەتەنیا لە راستای بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد نابێت ! بەڵکوو رێڕەوی کۆنگرە لە راستای ئامانجەکانی دوور دەخاتەوە .

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلیوە / رێکەوتی : ٧ی ئاگوستی ٢٩١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و سەنگی کوردی رۆژهەڵات



**عەلی کەریمی**

ئەوەی خولیا و ئارەزووی هەر تاکێکی کوردی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بێت، یەکێتی و یەک گوتارییە لە دۆزی کێشەی نەتەوەکەمان.

کۆنگرە یان کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان بیرۆکەیەکی تازە نییە و بە قسەی زۆر کەسان هەر لە بیدایەتی هەشتاکانی سەدەی رابردوو قسە و لیداونی لەسەر کراوە.

عاقیبەت لەم یەکدوو رۆژەی رابردوو هەنگاوێکی عەمەلی بۆ هەڵێندرا و زیاتر لە ٣٩ حیزب و لایەنی هەموو پارچەکانی کوردستان لە هەولێر لە دەوری مێزێک کۆبوونەوە و وادیارە چەند بریارێکیشیان لەسەر داوە کە دەبێ لە ماوەی یەک مانگی داهاتوو ئەم کۆنگرەیە بێتە بەستن.

ئەوەی بۆ من و بۆ هەر تاکێکی کورد دەبێ پرسیار بێت، مەبەست و مەرام لەم کۆنگرەیە دەبێ چی بێت و بۆ وا لە ناکاو و ئاوا بە پەلە بوو بە ئەجێندای لایەنێکی باڵادەستی باشوری کوردستان!؟

خۆ ئەگەر بە شەفافی و دڵنیایی و بە زانیاری، ئەم کۆنگرەیە بۆ یەکگرتنەوەی ماڵی کورد بێت، بۆ دەست لەملان کردنی هێز و لایەنەکان بێت، بۆ ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێت کە کورد لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست یەک نەتەوەیە و دەبێ خاوەنی کیانی خۆی بێت، ئەگەر بۆ تفکردن لە شەری براکان بێت، ئەگەر بۆ بە ئاگاه کردنەوەی جیلی تازە و کۆن بێت بۆ هەستی کوردایەتی و وەگڕخستنەوەی سۆزی هاونیشتمانی و برایەتی لە نێوان پارچەکانی کوردستان و بۆ برا لە پشت برا بوون بێت و بۆ زۆر مەبەستی پیرۆزی تر بێت، ئەوە حەقە منیش و هەموو ئەوانەی وەک من بیر دەکەنەوە شانازی بەوە بکەین لەبەر دەرگای ئەم کۆنگرەیە پێڵاوی میوانە بەرێزەکان جووت کەین.

بەلامەوە سەیر و پرسیار بوو رێک لە ناو جەرگەی ئەم قەیرانە سەخت و پڕ کێشەیەی درێژکردنەوەی سەرۆکایەتی هەرێم بەم شێوە نایاساییە و لەبەردەم هەڵبژاردنە پڕ لە ئاڵۆزییەکانی مانگی ٩ دا و لە ئەگەری بەرێوە چووون و نەچوونی ئەم هەڵبژاردنانە و لە نەبوونی کەسایەتێکی وەک بەرێز مام جەلال و دیارنەبوونی چارەنووسی بەرێز ئۆجەلان، ئەرێ بەراست خێرە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئاواتی بەستنی ئەم کۆنگرەیەمان هەیە و وەدرەنگی کەوتووە، لە ناکاو ئاوا بەپەلە بریاری لێدەدەن و تەنیا ماوەی یەک مانگیشی بۆ دادەنێن و ئەم بریارە عەستمەش بە کۆی دەنگی هەموو لایەنەکانی پارچەکان نەبووە!

هەر ڕۆژی یەکەم کورسییییەکان دابەش کرا بۆ لێژنەی ئامادەکار و بەرێوەبردنی کۆنگرە: ٦+١ بۆ باکور، ٥ بۆ رۆژهەڵات، ٥ بۆ باشور، ٤ بۆ رۆژئاوا واتا ٢١ کورسی.

ئەگەر ئەم دابەشکردن لە سەر ئەساسی گەورەیی و عەشیمەتی ئەم بەشانەی کوردستان بێت کە دەبێ وا بێت، ئەوە ناعەدالەتێکی گەورەیە کە رۆژهەڵات و باشور وەک یەکیان حیسێب بۆکراوە!

نایشارمەوە رۆژی کۆبوونەوەکەی مەسیف سەلاحەدین لە بێ کەسی و داماوی لایەنەکانی رۆژهەڵات، دڵم بە خۆمان سوتاو و پڕ بەدڵ بۆشایی کەسایەتی وەک دکتور قاسملو و کاک فواد مستەفا سوڵتانی هەستی پێ دەکرا و دڵنیا بووم ئەوان لەوێ بان کۆبوونەوەکە گڕوتینی جیاوازی دەبوو. خۆ ئەگەر رۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستادا نەبایە و چەند ناوچەیەکی ئازادکراوی هەبوایە و هێزەکانی لە باشور ئاوا ملکەچ و چاو لە دەستی دوو هێزەکەی باشور نەبوونایە، ئەوە دیسان دڵنیام ئەم وەزنە کەمەیان بۆ رۆژهەلات دانەدەنا!

ئەوەی ئەم دوو رۆژە لە میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دیتم ( کوردستان تی ڤی- سەفین دزەیی)، ( زاگرۆس تی ڤی- عەبدولوەهاب)، (رووداو- فەلەکەدین کاکەیی) تەواو شتێکی ترمان پێ دەڵێن کە ئەوان تەنیا مەبەستیان دەسنیشاکردنی بەرێز مەسعود بارزانییە بۆ سەرۆکی ئەم کۆنگرەیە، بەتایبەت ئەم کاک وەهابە بە زمانێکی زۆر بازاریانە گوتی ئەم { پەکەکە ومەکەکەیە کەیفی خۆیانە بە ئۆجەلان دەڵێن سەرۆک! سەرۆک تەنیا سەرۆک بارزانییە}. (من بام لە جیاتی برادەرانی پارتی ئەم برادەرم ماوەیەک دوور دەخستەوە و تەنیا کاتی شەری براکوژی وەدیارم دەخستەوە)

لە گەڵ پیرۆزبایی لە وەفدی برایانم لە رۆژهەڵات بە هۆی تایبەتمەندی و دووری زیاتر لە 35 ساڵمان لە وڵات و ئەم تاریکستان و دۆزەخەی مەلایان بۆیان پێکهیناوین و بوونمان بە بێگانە لەگەڵ هاووڵاتیانمان لەم بەشەی کوردستان، بەلامەوە گرنگ نییە بەکام مەشروعییەت، بە حەق یان ناحەق بە نوێنەری ئێمەی خەڵکی رۆژهەڵات لە سەر ئەم کورسیانە دانیشتون، بەڵام برایانە و دڵسۆزانە لە لایەن خۆم و زۆر هاورێی و پێشمەرگەی دێرینی کۆمەڵە و دیمۆکرات داواتان لێدەکەم؛ لەبەر ئەوەی زیاتر لە 35 ساڵە هیچ چەشنە هەڵبژاردنێک لە رۆژهەڵات نەکراوە و تەنانەت لە نزیکەوە و بە ئازادی هاتووچووی ولاتیشمان بۆ نەکراوە و هیچ هێز و لایەنێکیش نازانێت بەراست وەزنی جەماوەریی چەندە، لە مستەوای بەرپرسیارەتی نەتەوییماندا بن، دڵفراوان بن و هیچ لایەک حەزف مەکەن و زەربی پێدا مەهێنن، تەنیا بەرپرسی حیزبەی خۆتان مەبن و بەرپرس بن لە عاست هەموو تاکەکان، ئەم راستییە مەشارنەوە کە ئەمڕۆکە زۆربەی ئەوانەی مێژووی خەباتیان هەیە و خاوەن شەهید و ئاوارە و دەربەدەری شارانن لەسەر ئەندام بوون و پێشمەرگە بوونیان لە حیزبەکانی ئێوە، لە دەرەوی چوارچێوەی حیزبین و لە گەڵ ئێوە نین و خۆشتان باش دەزانن ئەم رێژەیە یەکجار زۆرن، پێ داگری بکەن لە سەر رێژەی ئەندامانی کۆنگرە بە لە بەرچاوگرتن و عەیارەی عەشیمەت و دانیشتوانی رۆژهەڵات (بۆ نموونە پێشنیار بکەن بۆ هەر یەک ملیۆن کەس ١٠ ئەندامی کۆنگرە هەبێت)، بیرتان نەچێت کوردێکی زۆر لە رۆژهەڵات خاوەنی ئائین و مەزهەبی جیاوازن بە تایبەت لە ئوستانەکانی کرماشان و ئیلام و خوراسان، یەکدەنگی خۆتان بپارێزن بە هۆی بێدەسەڵاتیمان لە رۆژهەڵات تەنیا یەکدەنگیمان وەزنی خۆمان بۆ دەگەرێنێتەوە.

لە ئاخردا بە بێ بەرژەوەندی حیزبیتان ئەگەر ئەم کۆنگرەیە زانیتان بۆ خزمەت بە کورد و پێشەوەچوونی کێشەی کوردە لە جیهان، دڵنیا بن هەمووتان پشتان دەگرین و لە گەڵتانین. ئەگەریش بۆتان دەرکەوت ئەم کۆنگرەیە بۆ مەبەستی تایبەت و بەرژەوەندی کەسێک یان لایەنێک دەگیرێت و ئێمەمانان بەکار دێنن، لەسەرتان فەرز و واجبە تا بۆتان دەکرێت لە قاوی بدەن و بەشداری نەبن.

ئارەزووی سەرکەوتن بۆ هەر هەنگاوێک لە پێناو کورد و گەلانی کوردستان بندرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / رێکەوتی : ٢٤ی ژووئیەی ٢٠١٣

## پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی چیە؟



جەلال خۆشکەلام

پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی چیە؟ کۆمیتەی ئامادەکار لەسەر چ ئەساسێک دیاریکراوە؟
کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئامانجەکانی چین؟ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ڕووی قسەو پەیامی بۆ کێیە؟ بەڕای من ئەم کۆنگرە هەر لەسەرەتاوە نەیتوانی بنەماو ئامانجەکانی بە ڕوونی دەرببڕێ، بەڵکوو هەڕەمەکیو بێ بیرکردنەوە کۆنگرەی نەتەوەی خەریکە لەدایک دەبێ لەسەر چ بنەماو ئەساسێک ڕوون نیە. بەڕای من ئەگەر ڕوانگەو ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەیی ڕووی لە دەرەوە نەبێو بۆ ناوخۆیی کورد بێ ئەوا دەتوانم بڵێم ئەم کۆنگرە بەهایەکی گرنگی دەبێ، بەڵام ئەگەر پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی خارج بێ لە ناوخۆیی کوردستان و ڕووی قسەشی لە دوژمنانی کورد بێ، بەڕای من زەرەدی زۆرتر دەبێ لە قازانجی. ئێمە لە هەر بەشێکی کوردستان، دنیایەک کێشەی ناوخۆیمان هەیە، هەتا ئەو کێشە ناوخۆیانەش چارەسەر نەبن کۆنگرەی نەتەوەیی ناتوانێ پەیام و گوتاری هاوبەشی هەبێ بۆ دنیایی دەرەوەو خارج لە خۆیی. ئەم کێشە ناوخۆیانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە ڕوونی دەبینرێن، بەتایبەتیش لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هیچکام لەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان لە نێواندا دابەشکراوە تاکو ئێستا ئەو ئامادەکارییەیان تێدا نەبووە کە جوابی پەیامی ئاشتییانەی کورد بدەنەوە، لە حاڵەتێکدا کە کورد هەمیشە پەیامی ئاشتی لە دەست دا بووەو ڕایگەیاندوە، دەکرێ بڵێم لەو پێناوەشدا گەلێک قوربانی مەزنی داوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە، دوژمنەکانمان تا سەر ئێسقان دیکتاتۆرو نادیموکراتن. پەیامی ئاشتی بۆ دەوڵەت و نیزامێکی دیکتاتۆر، ئەگەر گوێشت لێبگرێت هیچ بەها و بەرهەمێکی نابێ و تەمەنێکی کورتی دەبێ. لەبەر ئەوە بەڕای من حزبە کوردییەکانی کوردستان بەگشتی نەیانتوانیوە پەیام و ئامانجێکی هاوبەشیان لەو ڕوانگەوە هەبێ بۆ ئەم کۆنگرەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدا. ئەوەندەی کە من دەیبیستم ئەم کۆنگرە ڕووی لە دەرەوە دەبێو گوێ نادا بە کێشە ناوخۆیەکان.
خۆ ئەگەریش پەیامی کۆنگرە بەرەو ڕووی دنیایی دەرەوە بێ، ئەوا بەشداری نەکردنی باشترین ئەلتەرناتیڤە، کە بە نەزەری من خۆ ماندوو کردنە لەم بارەوە، وە تەنها سەرفکردنی نیرو و ئەنەرژییە بۆ پارچەکانی کوردستان کە دەتوانن ئەم ئەنەرژیە بە شێوەیەکی باشتر بەکاربێنن.
ئەگەر دەستەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە لەو ڕووەوە چاوی لێ بکەین، کە ئامانجی کۆنگرەی نەتەوەیی کێشە ناوخۆییەکان دەبێ ئەوە دەتوانم بڵێم ئەو هەڵبژاردنەی کە حزبە ڕۆژهەڵاتییەکان کردویانەو لەو نێوەدا حزبە جیابووەکانی ناو دیموکراتو کۆمەڵە دەنگیان هێناوەتەوە، ئەوە زۆر لەبارو ئاساییە. کێشەی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو ئەواندا بەرجەستەیەو نوێنەرایەتی کردن بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانیشیان وابەستە بە خۆیانەوە. پەژاک و سازمانی خەبات نابێ سەربەخۆیی خۆیان لە دەست بدەن، بەڵکوو وەک چاودێرو بۆ هاوکاری کردنی حزب و کۆمەڵە درێغی نەکەن تا کێشە ناوخۆییەکانیان حەل دەکەن. پاشان بۆ دەورەیەکیترو لە پێناو یەکخستنی گوتاری هاوبەش بۆ ڕۆژهەڵات نوێنەرایەتی وەربگرن. چونکە هەردوو لایەن ڕۆڵێ گرنگیان هەیە لە دارشتنی گوتاری سیاسی کورد بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٦ی ژووئیەی ٢٠١٣

## مزگێنی کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەرکە چاوەروانکراوەکانی



عارف باوەجانی

کۆنگرەی نەتەوەیی وەک خەونی دەیانساڵەی گشت کوردە نەتەوەییەکانە، و هەردەم چاوەرێی دەستبەکاربوونی ئەو کۆنگرە بوون کە بتوانرێت کوردستانیان لە هۆڵێکدا و لە سەر مێزێک کۆکاتەوە.
لە نزیکەوە لە سەر یەکگوتاری کورد و یەکێتی و یەکریزی کورد شرۆڤە بکەن. لەو ماوەدا پەیتا پەیتا مەسەلەی کۆنگرەی نەتەوەیی سەریهەڵدەدا و دوای ماوەیەک دیسان لە بیر دەکرایەوە. لە ساڵی ٢٠١٢ دیسانەوە باسکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی هاتە ئاراوە، ئەو کاتە لە لایەن یەکێک لە پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشور داوا لە بەندەش کرا، کە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بۆچوون و پێشنیاری خۆم ئامادە بکەم، منیش بە شێوەی خوارەوە ڕاوبۆچوونی خۆم لە مەر پێشدەستپێکردنی کۆنگرە و ئەرکەکانی پاش کۆنگرەشم ئاراستە کردن، کە بە خۆشییەوە لە ٢٢ / ٧ / ٢٠١٣ یەکەم کۆبوونەوەی ئامادەکاری لێژنەی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان لە بەشی باشوری کوردستانەکەمان بەڕێوە چوو. لێرەدا پێم باشە کە دەقی ئەو نووسینەم وەک خۆی بخەمە بەر دەستی خۆێنەران و لێژنەی بەرێزی ئامادەکاری کۆنگرەش.

بۆ گشت لایەنە پێوەندیدارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

لەگەڵ سڵاو ڕێز.

بە شێوەی خوارەوە وەک سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆچوون و پێشنیارەکانم لە مەر پێشکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەخەمە بەردەستتان. کە بە ٢ بەش دەبێت، بەشی یەکەم پێش کۆنگرە و شێوەی بەشداریکردنی خەڵک. بەشی دووەم کۆنگرە و ئەرکەکانی.

تێ بی نی ئەم نووسراوە لە بەهاری ساڵی ٢٧١٢ی کوردی ٢٠١٢ زاینی ئامادەکراوە.

کۆنگرەی نەتەوەیی و چۆنیەتی بەشداریکردنی لایەنە کوردییەکان.

١- سەرەتا دروشمی سەرەکیی کۆنگرە، ( کوردستان یەک نەتەوەو یەکپارچەیە ) دیاری بکرێت.

٢- ئەو کەس و لایەنانەی کە هەڵدەستن بە ئامادەکاری بۆ ئەم کۆنگرەیە، سیاسەتێکی وا لەبەرچاو بگرن، کە هەموو لایەنێکی کوردستانی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن و دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەکی حیزبییانە، لەم کۆنگرەدا کە خەونی دەیاننساڵەی گەلەکەمانە بەشداری بکەن.

٣- بۆ باشتر بە ڕێوە چوونی کارەکانی کۆنگرە، پێویستی بە لێژنەیەکی سەرەپەرەستییە لە هەر ٤ پارچەی کوردستان.

٤- ئەو کۆنگرە چەند لێژنەی جیاواز هەڵبژێرێت بۆ کۆکردنەوەی پێشنیارەکانی باسکراوی ناو کۆنگرە و بە دواداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری ڕاست و دروست لە بوارە جیاوازەکانی کوردستاندا.

٥- هەموو چین و تۆێژەکانی ئاینی و ئایدلۆژیایی کوردستانی وەک، شیعەکان. یارسانییەکان، زەردەشتییەکان، جوولەکەکان، ئێزیدییەکان، لوڕەکان، فەیلییەکان. لەم کۆنگرەدا بەشدار بن. بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان کوردستان بە وڵاتێکی فرە ئاینی و فرە کولتوری و فرە زاراوەیی بناسرێت.

※ هەروەها پێویستە نوێنەری کوردستانیە دوورخراوەکانی لای وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو کە چەند وڵاتێکە، کوردەکانی خۆراسان. کوردەکانی لوبنان و هتد،،،، بۆ ئەم کۆنگرە بانگهێشت بکرێن.

٧- داوا لە ناتۆ و نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە لەو کۆنفرانسە بەشداری بکەن.

٨- بانگێشتنی میدیا ناودارەکانی جیهان بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی ئەو کۆنگرە زۆر دەوری کاریگەری دەبێت.

### کۆنگرەی نەتەوەیی و ئەرکەکانی

※ بۆ ئەوەی دەسکەوتەکانی کۆنگرە لە جێی خۆی بمێنێت و وەک زۆربەی کۆنفرانس وکۆنگرەکانی دیکەی پێشوو پاش تەواو بوونی پشتگۆی نەخرێت. کۆنگرە پێویستی بە بنکەیەکی سەرەکیە، کە لە حاڵەتی کۆبوونەوەو بە دواداچوونی هەمیشەییدا بێت.

※یا پێویستی بە دروستکردنی فیدراسیۆنێکی سەرتا سەرییە کە هەموو هێز ولایەن و ڕێکخراوەکانی کوردستانی تێدا ئەندام بێت، دروست بکرێت، و ساڵانە کۆنگرەکانی خۆی ببەستێت و ڕووداوەکانی کوردستان لە گشت بوارێکدا تاوتوێ بکات.

※.بە دروستکردنی لۆبییەکی یەکگرتووانەی کوردستانی لە گشت وڵاتانی دەرەوەی کوردستان، بە مەبەستی نوێنەرایەتی کردنی گەلی کورد لە تاراوگە و بە جیهانی کردنی دۆزی کورد. من بە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کۆنگرە دەزانم.

※ بۆ ئەوەی کارەکانی کۆنگرە بچنە قاڵبی کردارەوە. پێویستی بە چەند لێژنەیەکە وەک:

※ لێژنەی ئاسایشی نەتەوەیی کە ئەرکی بنبر کردنی شەری براکوژی کورد بە کورد و ئاشتەوایی هەمیشەیی لە نێو گەلی کورددا دەکات.

※ لێژنەی جۆغرافیایی گشتی کوردستان و چارەسەری کێشە هاوسنوورییەکان لەگەڵ دراوسێکانی کوردستاندا.

※ لێژنەی بە دوادا چوونی گشت سامانە ئابوورییەکانی سەر خاکی کوردستان.

※ لێژنەی بە دوادا چوونی زمان وزاراوە کوردییەکان.

※ لێژنەی بە دواداچوونی کوردە دابڕاو و دوورخراوەکان و سەرژمێری گشتی کوردستانیان لە جیهاندا.

※ لێژنەی بە دوادا چوونی گشت ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان.

※ لێژنەی پووچەڵکردنەوەی گشت ئاسەوارە خراپەکانی داگیرکەرانی کوردستان

※ لێژنەی بە دواداچوونی ژنانی ناودار و چالاکی بوارە جیاوازەکان و دروستکردنی فیدراسیۆنی سەرتاسەری ژنانی کوردستان.

※ لێژنەی مافی مرۆڤی کوردستان.

※ لێژنەی کۆکردنەوەی ئاکادیمی کارانی کوردستان، بۆ ئەوەی کەڵک لە تواناو زانستەکانیان بۆ کوردستانێکی لێهاتوو پێگەیشتوو وەربگیرێت.

※ لێژنەی نووسینەی نووسینەوەی مێژووی کورد لە دیدی نەتەوەییەوە.

※ جوغرافیای کوردستان و دەستنیشانکردنی سنوورەکانی بە گوێرەی ئەو پێوەرە راستەقینە کوردییانەی خۆمان هەمانە، یا لە بەڵگە مێژوویەکاندا هەن. نەک بە گوێرەی ئەو سەرچاوە ناڕاستانەی کە داگیرکەرانی کوردستان دیارییان کردوون.

※ لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لە سەر زمانی کوردی و چارەسەرییەک بۆ زمانێکی گشتی کوردستانی، و ئاماژەکردن بە زاراوە جیاوازەکانی هەرێمەکانی کوردستان.

※ ئامادەکردنی کوردستانیان بۆ بەرەو دەوڵەتبوونی گەلەکەمان لە هەر بەشێکی جیاوازدا، کە نموونەی ئیستامان باشوری کوردستان بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی تەواو ئامادەیە. ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو ڕووناکییەک دەروا کە لە درێژایی مێژوو چاوەڕێی بووە. بە پێی هەڕەشەکانی سەر ئێرانیش وا چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەرەو ڕووناکی برۆن. فشارەکانیش لە سەر تورکیا بەرەو زیاتر دەروات.

※ پێناسەکردنی کولتورە جیاوازەکانی کوردستانی و ناساندنیان بە جیهان، بە تایبەت گەشەدان بە کولتوری نەتەوەییمان و تێکەڵ نەکردنیان بە کولتوری داگیرکەرانی کوردستان.

※ گەشەدان بە ڕۆشنبیری و هونەری ڕەسەنی کوردی لە بوارە جیاوازەکاندا. وەک نموونەی بواری سینەما کە بە ئاسانی خۆی بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی گەشە کردوو.

※ گرنگیدان بە یانەی وەرزشی و کەسایەتییە وەرزشییەکانی کوردستانی، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەرزشەوە گەلەکەمان زیاتر بە جیهان بناسرێت.

※ دروستکردنی سندووقێکی دارایی لە بانکە ناودارەکانی جیهان بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو بە سەر کوردا، نموونەی کارەساتەکەی وان، پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان، کە ساڵانە بازرگان و لایەنە خاوەن ئیمکاناتە کوردییەکان ئابونەی خۆیان بخەنە ئەو سندووقەوە.

※ کۆنگرە داوا لە گشت کوردستانیان بکات، کە گرنگی زۆر بە بووژاندنەوەی کشت و کاڵی کوردستان بدەن، بۆ ئەوەی پەنا بۆ کرینی بەرهەمی کشت وکاڵی وڵاتانی دراوسێ نەبەن، و خاکی بە پیت وبەرەکەتی خۆمان بێبەرهەم نەمێنێتەوە.

※ هەوڵبدرێت بۆ کاناڵێکی سەرتاسەری کوردستانی و ڕۆژنامەیەکی گشتی بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی، بۆ یەکەخستنەوەی ماڵی کوردی وبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی کوردستان بە گۆیی جیهاندا.

ڕێز و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو لایەکتان.

عارف باوەجانی / سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢٤ی ژوونیەی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وچەند سرنجێک



لوقمان زەهرایی

لە دوای تەواو بوونی یەکەم کۆبونەوەی ٣٩ حیزبی بەشدار لە هەر٤ پارچەی کوردستان لە هەولێر ودیاری کردنی رێژەی ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە، نارەزایەتی بەشێک لە حیزبەکانی باشور ورۆژهەلاتی کوردستانی لێکەوتۆتەوە وئەو لایەنانە پێیان وایە کە پشت گوێ خراون ورێگە نەدراوە کە نوینەری حیزبەکانی وانیش ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی بن. بە پێێ هەوالەکان لە رۆژهەلاتی کوردستان پژاک وپارتی ئازادی کوردستان وسازمانی خەباتی کوردستانی ئێران نارازین لە ئاکامی کۆبونەوەی حیزبەکانی دیکەی رۆژهەلات وبۆ ئەو مەبەستەش گلەیی وگازەندە ورەخنەی خۆیان بردۆتە بەردەم سەرۆکی هەرێم وگۆیا ئەمرۆ لە گەڵ کاک مەسعود بارزانی کۆبونەتەوە، بەڵام بێ هێچ ئاکامێکی ئەرێنی کۆبونەوەکە کۆتایی پێ هاتووە.

بە باوەری من بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، نابێ تەنیا حیزبەکانی تێدا بەشداربن ونابێش هیچ کام لەو حیزبانەی کە خۆیان بە حیزبی کوردی دەزانن وباوەریان بە

کورد وکوردستان هەیە بخرێنە پەراوێزەوە. بەشداری هەموو حیزبە بچوک وگەورەکان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دا پێویستە ولەوش گرینگتردەبێ لەو کۆنگرەیە دا نوێنەرانی چین وتوێژەکانی دیکەی کۆمەڵگاش بەشداربن. مادام باس لە نەتەوە دەکرێ وباس لە چارەنووسی نەتەوەیەکی دابەش کراو بە سەر۴ وڵاتدا دەکرێ، بەشداری روناکبیرانی کورد، نوینەرانی ژنان، لاوان، خویندکاران، ماموستایانی زانکۆ، رۆژنامەوانان، نوسەران وماموستایانی ئاینی وریکخراوەکانی مەدەنی گەلێک گرینگە. لە غەیری ئەوە دا کۆنگرە دەبێتە کۆنگرەی حیزبەکان ولەو بەینەش دا ململانەی حیزبی وبەرژەوەندی حیزبی کێشە خولقێن دەبێ وکۆنگرە هیچ دەسکەوتی ئەرێنی ومەلموسی نابێ.

گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کە باس لە کێشەی سیاسی کورد ودیارکردنی رێگای چارە بۆچارەسەری ئەو قەزییە گرینگە دەکا حەساسیەتی زۆر لە لای داگیرکەران دروست دەکا وهەربۆیەش بەشداری نوینەرانی هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردی گەلێک گرینگە بۆ یەکیتی وتەبایی ویەکریزی لە هەمبەر داگیرکەران . ئەگەرلە ئێستاوە دووبەرەکی وناکۆکی دروست بێ، بە دڵنیایەوە کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ سەرکەوتنێک بە دەست ناهێنێ ووەکوو کۆبونەوەکانی " یەکێتی ولاتانی عەرەبی" لێدی کە جگە لە شەڕە دندوکە ولێک تۆران ودژایەتی یەکترکردن هیچ دەسکەوتێکی تری نابێ. با لەوەش گەرێێن کە بەراستی کام لەوهەموو حیزبانەی سەرساحەی سیاسی کوردستان نەتەوەیی بیردەکانەوە سیاسەت و ئامانجیان نەتەوەییە وبەرژەوەندی حیزبی وەسەرەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی ناخن؟

سەرچاوە : فیس بووک

## چۆن کۆنگرەیەکی نەتەوەیی؟!



هەڤاڵ نەژاد

دووشەممەی رابردوو ٢٢ی٧ی ٢٠١٣ بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردا، بەشێکی زۆری ئەو حیزبانەی لە ڕابردوودا خوێنی یەکدیان دەرشت و پێیانوابوو هەر خۆیان بەتەنها نوێنەر و رابەری هەموو کوردن، کۆبوونەوە و گوتیان کۆنگرەی نەتەوەیی دەبەستین. هەر ئەوەندە بۆ خۆی جێگەی دڵخۆشییە.

ئەگەرچی کاتی سەرنجراکێشی ئەم کۆبوونەوەیە هاوکاتە لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەم خولەی پەرلەمانی باشوور! دەکرێ وەک کارێک بۆ کەمکردنەوەی باس و خواسی ئەو کارە و لە بیربردنەوەی بێ. لە لایەکی دیکە بەهۆی نزیکی وادەی هەڵبژاردن، دەکرێ وەک بانگەشەیەکیش بۆ هەڵبژاردن بەکاربێ، بەگوێرەی وتاری سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا، بڕیارە دوای مانگێکی دیکە کۆنگرەکە ببەسترێت!

وەک لە راگەیدنەکانەوە باس کرا، دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، ئاگاداری ئەم کۆبوونەوەیە هەن و پێیان راگەیاندراوە! چۆن ئاگاداری و پێڕاگەیاندنێک؟ ئەمەیان دیار نییە و دەکرێ مرۆڤ بیری بۆ هەندێ بابەت بچێ. ئایا کاریگەریی بەرنامەی ئەو وڵاتانە لەم کۆبوونەوەیە و پاشتریش کۆنگرەکە ئەگەر ببەسترێ، نابێت؟ بەتایبەت بوونی دوو لایەنی بەهێزی ئەو کۆبوونەوەیە، کە وەک باس دەکرێت دۆستی دوو دەوڵەتی داگیرکەرن، یا لانیکەم پەیوەندییان باشە لەگەڵیاندا. پارتی دیموکراتی کوردستان، دۆستی تورکیا و لە ئێستاشدا ئاماژە بەوە دەکرێت پەیوەندیی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوڵەتی ئێران بەرەو خۆشبوونە، بەتایبەت دوای ئەوەی جەمیل بایک بۆتە هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان، کە وەک دۆستی ئێران دەناسرێ و پەیوەندیی پەکەکە لەگەڵ ئێراندا لە ڕێگەی ئەوەوەیە.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج، لە وتاری سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەکە و لەو راگەیاندراوەی پاش کۆبوونەوەکە بڵاوکرایەوە، ئەوەیە کە ئاماژە بەهەندێک قسەی سواو کراوە کە هەمیشە باس دەکرێن، وەک؛ مافی مرۆڤ، ئازادی، مافی ژنان، ئاشتی و پێکەوەژیان، هەروەها خەباتی سیاسیی بەبێ چەک! بەڵام بە یەک وشەش ئاماژە بە رەوشی رۆژئاوای کوردستان ناکات کە پێویستە بابەتێکی هەرە لەپێش و خێرا بێ و هەڵوێستێکی هاوبەش بۆ پشتیوانیی کوردانی ئەو پارچەیە دەرببڕن، کە شەڕ بەردەرگای پێ گرتوون.

لە کۆبوونەوە و وتار و راگەیاندراوەکانی کۆبوونەوەکەدا، ئاماژە بە زمانی دیالۆگ و ئاشتی کراوە، بەڵام ئاماژە بە زمانی ستانداردی کوردی نەکراوە کە بۆ کورد ئەم زمانە ستانداره، لەوانی دی باشترە! ئاخر ئێستاش کوردی پارچەکان لەیەک ناگەن و زۆرجار بە زمانی نەتەوەی داگیرکەر لەگەڵ یەک قسە دەکەین، کرمانجێکی باکووری لەم نووسینەی من ناگات! لەوەتی کورد هەیە، زمانی شەڕ لەگەڵ خۆی نەبێ، لەگەڵ کەس نەیبووە. زمانی ئاشتی و دیالۆگ، دەبێ داگیرکەران فێری بن، کە ئەستەمە. زمانی ستاندارد بۆ خۆمانە و بۆ ئەوەیە هەولێرییەک بزانێ ئامەدی و کرماشانییەک چی دەڵێن، بۆ ئەوەیە لەیەک نزیک بینەوە و هەست بکەین نەتەوەیەکین. ئەگەر بڕیاربێ کۆنگرە بکرێ پێویستە زمانی ستاندارد لە کارە هەرە پێشینەکانی کاری کۆنگرە بێ.

لە کۆبوونەوەکەدا، نوێنەری ٣٩ پارتی ٤ بەشی کوردستان (باکوور، باشوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا) بەشداربوون، بەڵام نوێنەری کوردانی خۆراسان و لوبنان و وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو، ...هتد تێدا نەبوون، ئەگەر بڕیاربێ ئەوانە کورد بن و کوردیش نەتەوە بێ و کۆنگرەکەش نەتەوەیی بێ، دەبێ نوێنەری ئەوانیشی تێدا بێت. هەروەها

مەرج نییە هەموو بەشداران حیزب بن. چەندین کەسایەتی نەتەوەیی لە پارچە جیاوازەکاندا هەن، سەر بە هیچ هێزێکی سیاسی نین، بەڵام کەسایەتیی نەتەوەیین و، لە رابردوودا بە گوێرەی توانایان کاریان بۆ ئەوە کردووە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت.

ئەگەر کۆنگرە بەسترا، زۆر گرنگە ئەنجامی کۆنگرە بە شێوەیەک نەبێ کە هەموو ئەوانەی دەها ساڵە هیواخوازی کۆنگرەی نەتەوەیین، پاشگەز ببنەوە و بڵێن خۆزگە هەر نەکرایە. لە وتاری سەرۆکی هەرێم و راگەیاندراوی کۆبوونەوەکە، هەروەها کار و کرداری هێزە بەشدارەکانی کۆبوونەوەکەدا زۆر باسی پێکەوەژیان دەکرێ، ئەگەر پێکەوە ژیان هەر ئەوەبێ کە تا ئێستا پێکەوە ژیاوین، هیچ! گرنگ ئەوەیە وتاری کۆنگرە پێکەوە نەژیان بێ، داگیرکەر لە ماڵی خۆی و ئێمەش لە ماڵی خۆمان، وەک دراوسێ پەیوەندیمان هەبێ.

زۆرینەی هێزە بەشدارەکان نەتەوەیی نین، هیواخوازین وتاری کۆنگرە ئەگەر بەسترا، بە هەمانشێوە نانەتەوەیی نەبێ. هەرچەندە ئەمەش چاوەروانییەکی زیادە لەو هێزانە. بەڵام چ بکەین، باش و خراپ ئەوانمان هەیە، ئەو هەبوونەی ئاوا هەن! بێ هیوا نیم، بەڵام هەرچی لێی دەروانم ئەم کۆنگرەیەش دەرمانی دەردمان ناکات، چونکە ناتوانم هیچ هیوایەک لەسەر ئەو هێزانە هەڵچنم، هیوادارم هەڵەبم.

لەگەڵ بوونی هەر کەموکورییەکیشدا، ئەنجامدانی ئەو کۆنگرەیە کارێکی باشە و جێگەی دڵخۆشییە، لانیکەم دەبێتە سەرەتایەک بۆ شکاندنی ئەو کۆتەی تا ئێستا ترس لە شکاندنی هەبوو. ئەگەر لەسەرەتاشدا ئەنجامی باشی نەبێ، دەکرێ لە داهاتوودا یەکێتی و یەک گوتاری نەتەوەیی لێ سەوز ببێ.

سەچاوە : ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / رێکەوتی : ٢٤ی ژووئیەی ٢٠١٣

## بۆ کەسایەتی، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەشدار لە کۆنگرەی نەتەوەیی



### چارەسەری پرسی کورد لە چوار پارچەی کوردستاندا

نوید کرمی

لە هەر قۆناغێکی زەمەنیدا شێوەو مێتۆدی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافو داخوازییە رەواکانی خەڵک لەلایەن ئەحزابی سیاسی بەپێی سیاسەتو هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی حاکم لەو وڵاتەو چۆنیەتی تێڕوانینو بەرخوردکردنی لەگەڵ ئەو داخوازییانە دیاری دەکرێ، بەڵام هەلومەرجی ناوخۆییو ناوچەییو جیهانی لە چۆنیەتیو چەندایەتی بەرەوپێشچوونی ئەو خەباتە کاریگەر دەبن.

کوردستان کە بەسەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیەو سووریەدا دابەش کراوە، هەر پارچە خاوەن جوڵانەوەو مێژووی تایبەت بە خۆیەتیو بەپێی هەڵسوکەوت و تێڕوانینی دەسەڵاتەکانی حاکم بەسەر هەر پارچە لە کوردستان پرسی کورد لە رووی ئاستی چارەسەری جیاوازی تێدایەو لە یەک ئاستدا نییە.

وەک دەبینین لە باشووری کوردستان ئێستا دەسەڵاتێکی کوردی حاکمییەت دەکات و کرانەوەیەکی یەکجار زۆر بە نیسبەت دێمۆکراسیو پرسی نەتەوەیی لە ئارادایە.

لە باکوور پاش ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانانەی رۆڵەکانی کورد چ لە شاخ و چ لەسەر شەقامەکان و چ لە پارلەمانەکانی تورکیەدا، ئێستا پرسی کورد گەیشتووەتە قۆناغی وتووێژو هەوڵی تەعامۆڵ و چارەسەری دەدرێت، کە مەوقعییەتی سیاسیی تورکیە لە جیهان و یاساو سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە بە نیسبەت پرسە ناوخۆییەکان کاریگەری یەکجار زۆریان هەیە.

لە تورکیەدا بەهۆی یاسای نیمچە دێمۆکراسی و هەوڵ و داخوازەکانی بۆ پەیوەستبوون بە یەکیەتی ئۆرووپا، دەرەتانی پێکهێنانی حیزبی سیاسی و خەباتی مەدەنی و پارلەمانی بە مەبەستی چارەسەری مەسەلەی کورد بوونی هەیە، بۆیە خەباتی چەکداری لەو شێوەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە (P.K.K) بەڕێوەی بردووە گونجاوی ئەو وڵاتە نەبووە، بەڵکوو بەو هۆکارانەی کە باس کران، لەو وڵاتەدا دەرەتانی چارەسەری مەسەلەی کورد لە رێگای خەباتی سیاسی و مەدەنی بوونی هەیەو دەکرێ لەو رێگایەوە بە ئاکامێکی باش بگات.

لە کوردستانی سووریە کورد بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی (بەشار ئەسەد)و شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، دەرواَت دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک بۆخۆی پێک بێنێت، ئەگەرچی هەندێ لایەن هەوڵی ئەوە دەدەن تا دەست بەسەر ئەو دەستکەوتانەدا بگرنو ئەو دەستکەوتانە بە حەزفو پەراوێز خستنی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان بە ناو خۆیەوە سەبت بکات، کە پێویستە کەسایەتییەکانی کورد لەو کۆنگرەیەدا لەقاوی ئەو سیاسەتانە بدەن و هەرجۆرە هەوڵێکی لەو شێوەیە لە لایەن هەر حیزب و لایەنێکەوە مەحکوم بکەن و بە کردەوەش پێشی پێ بگیردرێت.

بەڵام کوردستانی ئێران بەهۆی سیستەمی تۆتالیتەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و حاکمییەتی تئۆکراتێک و داخراوبوونی یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە، هیچ جۆرە کرانەوەیەک بە نیسبەت پرسی کورد لەو ولاتە نابینرێت، حیزبە کوردییەکان ناچار کراون تا وڵاتەکەیان بەجێبهێڵن، هیچ دەرەتانێک بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی لە ئارادا نییە. جگە لەوە خەڵکی کوردستانی ئێران بەردەوام لەژێر گوشارو سیاسەتەکانی کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تووشی دەیان و هەزاران دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبنەوە کە بە مەبەستی لەنێوبردن و بنبڕکردنی هەرجۆرە هەوڵ و بیرۆکەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە لایەن حاکمییەتەوە بەڕێوە دەچێ .

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە مانگی داهاتوو لە هەولیِری پێتەختی هەرێمی کوردستان دەگیردرێت، پێویستە تا بە ئاوڕدانەوە بە واقعییەتی سیاسی هەر پارچەیەک باس لە چۆنیەتی و شێوەی خەبات لەو پارچەیە بکات و هەوڵی تەواوی بخاتە گەڕ بۆ چەسپاندنی پلادفۆرم و یاسایەک بە مەبەستی یارمەتیدان و پشتیوانی سیاسیی حیزب و شۆڕشگێڕانی کورد لەو پارچەیە بۆ گەیشتن بە ویست و مافە ڕەواکانیان و لە ئاکامدا چارەسەری پرسی کورد لەو وڵاتە.

مەسەلەیەک کە وەک پرسیار دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعوود بارزانی چۆنو چەندە دەبنە پلادفۆرمو گوشارێک بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران تا پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا لە ڕێگای سیاسی و مەدەنییەوە چارەسەر بکات؟ چۆن ئێران دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەری لەو پارچەیەدا رادەستی حیزبە سیاسی و هەڵبژێردراوەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەکات؟ چۆن و بە چ شێوەیەک کۆماری ئیسلامی ناچار بە ڕێفراندۆمی یاسای بنەڕەتی ئێران بۆ جێگیربوونی یاسایەکی دێمۆکراتیک لەو وڵاتە دەکات؟

لە نیهایەتدا خەڵکی کوردستانی ئێران چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن، چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە تا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حیزبە سەرەکییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان پشتیوانیان بن لە وەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و یارمەتییان بدەن لەو ڕێگایەدا.

سەرچاوە : ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٥ی ژووئیەی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە "شەرعیەتدان بە ناشەرعیەت"؟



کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە

ڕێبوار کەریم وەلی

جارێ هەر لە سەرەتاوە ئامادەکارییەکان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بە مشتومڕ و بچووککردنەوەی بۆ ئاستی حیزبایەتی دەستیپێکرد. ئینجا قسە لەسەر ئەوەکرا کە کێ سەرۆکی کۆنگرە بێت و کێ رابەرایەتی بکات؟

ئەو دوو خاڵەی سەرەوە دەریدەخات کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کاتێکدا دەبەسترێت کە هێشتا وادەی نەهاتووە و پەلە کراوە لە بەستنەکەی . هۆکارەکەشی گەلێک روونە، نەبوونی ستاتۆیەکی یەکسان لەنێوان هێز و لایەنە بەشداربووەکانی کۆنگرە وایکردووە نەتوانرێت دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە کێ دەبێ لەسەر کام کورسی دانیشێت؟

بە واتایەکی دیکە باشووری کوردستان بە ناوە دانپێدانراوەکەی کە (هەرێمی کوردستان - عێراق)ە تاکە پارچەی کوردستانە ستاتۆیەکی جێگیری هەیە و دانپێدانراوە و دەتوانێ لەسەر ئاستی داوودەزگا بڕیاردەرەکانی وجودی هەبێ، ئەوانیدیکە حیزب و تەڤگەرن، بۆیە ئاستی کۆنگرەکەش بووەتە حیزبی و حیزبەکانیش ناهەقیان نییە ئەگەر بیانەوێ بۆ بەرژەوەندی حیزبیی خۆیان هەوڵبدەن.

ئەمە لایەکی مەسەلەکەیە، بەڵام پرسیاری جەوهەری ئەوەیە کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد چی دەبێت؟ کاتی خۆی کە بەرەی کوردستانی لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییە چەکدارەکانی باشوور دروستکرا، ئەم بەرەیە توانی بە کردەوە (بەرە) بوونی خۆی تاوەکو هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 بپارێزێت و هەڵوێست و بڕیارەکانی بۆ هەموو لایەک جێگەی ڕێز بوون و هێزەکان گوێڕایەڵی بڕیار و راسپاردەکانی بوون.

بەرەی کوردستانی میکانیزمێکی چ بۆ سەرکردایەتی و چ بۆ بڕیار وەرگرتن هەبوو کە توانی بە باشترین شێوە دەرفەتی زێڕینی ساڵی ١٩٩١ بقۆزێتەوە. ئێستا ئەم هاوسەنگییەی ئەوکات هەبوو بە هیچ شێوەیەک نابینرێت.

کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئەگەر تەنیا شتێکی سیمبوولی بێت، ئەوا ئەو هەموو مشتومڕەی پێویست نییە، بەڵام ئەگەر میکانیزمێکە بۆ بڕیار وەرگرتن لەسەر ئایندەی کورد لە ناوچەکەدا ئەوە دەبێ بتوانێ میکانیزمەکان دیاریبکات و بەشداربووانیشی پابەندی بڕیار و راسپاردەکانی بن، بەڵام دووبارە گرفتێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە کە ئەویش ئەوەیە قووڵایی وابەستەیی هێزە کوردییەکانی هەر چوار پارچە بە چوار وڵاتەکەی دراوسێ هێندە ڕۆچووە کە ئەستەمە بتوانرێت سیاسەتێک بەرهەم بهێنرێت تەجاوزی

بەرژەوەندیی مانەوەی حیزب و لایەنەکان بکات لە گۆڕەپانی سیاسیی ناوچەکەدا.

نموونەی هەرە زیندوو ئەو ڕێککەوتننامەیەیە کە لە هەولێر لەنێوان ئەنجوومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد واژوو کرا .

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە شەڕی براکوژی لە ڕۆژئاوا ، ڕێککەوتننامەکەی دروستکرد، بەڵام ئەو ڕێککەوتننامەیە دواتر بە کردەوە باڵادەستیی پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) ی کردە ئەمری واقیع . لەو ڕۆژەوە تائێستا کەوا ساڵێک بەسەر ڕێککەوتننامەکەدا ڕەتدەبێ، (PYD) پابەندی یەک خاڵ و بڕیاری ئەو ڕێککەوتننامەیە نەبووە کە لە هەولێر ئیمزا کراوە! تاکلایەنانە حوکمی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و هەر کەسێک بیەوێت بوونێکی سەربازی یان ڕێکخراوەیی هەبێت، یان دەکوژرێت یان دەڕفێنرێت.

هەموو ئەوانەش کە دەکرێن لەژێر چەتری ڕێککەوتننامەی بەنێوبانگی هەولێردا دەکرێن و هەموو کردارەکانیش شەرعییەت لەو ڕێککەوتننامەیە وەردەگرن.

سبەی کۆنگرەی نەتەوەیی تەحریمی شەڕی براکوژی دەکات، بەڵام پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بەردەوام دەبێ لەسەرکوتێکی سیاسیانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان! باسی خەباتی مەدەنی و ئاشتیانە دەکات، بەڵام PYD و YPG بەردەوام دەبن لە تاکڕەوی و گرتنی چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژئاوای کوردستان! باسی دانوستاندن و چارەسەری دەکات، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوام دەبێ لە ناردنی هێز بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێگە نادات هیچ هێزێکی دیکەش لەوێ کاربکات!

باسی هاوکاری و هاریکاری دەکات، بەڵام کاتێک دەروازە سنوورییەکان بۆ سەرانە وەرگرتن لە خەڵکی ڕەشوڕووتی ڕۆژئاوای کوردستان بەکاردەهێنرێن و دادەخرێن، دنیا بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خراپ دەکرێت!

سبەی هەموو ئەوانەش لەژێر چەتر و دروشمەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورددا دەکرێن ، کەواتە قسەیەکی شادڕەوان جەوهەر نامیق هەیە کە سەبارەت بە کۆنگرەی پارتی کردبووی، ڕێک بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردیش لە شوێنی خۆیەتی کاتێک گوتی:"کۆنگرە شەرعیەتدانە بە ناشەرعیەت" .

سەرچاوە : ماڵپەری ڕووداو نێت / ڕێکەوتی : ٦ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و بەکوردی کردنی ئیسلام..!



مەشخەڵ کەوڵۆسی

بەهەموو پێوەرەکان کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێکی گرنگ و پڕبایەخە، بەتایبەت لەم چرکەساتەدا کە نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە بەمانا فراوانەکەی دادەڕێژرێتەوەو سەردەم سەردەمی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

ناوچەکە پێدەنێتە ناو قۆناغێکی تازە لەمێژوی خۆیەوە، کەدەکرێ بە سەردەمی ئیمپریالیزمی تازە ناوی بنێین. جا ئەگەر لەسەردەمەکانی تردا، بۆ نمونە لەسەدەی بیستدا چانسی کورد نەبوبێت و ئیمپریالیزمی ئەوروپی( فەرەنسی و بەریتانی) هیچیان بۆ کورد پێ نەبوبێت و لەبەرانبەردا هەریەکە لەعەرەب و تورک و فارس بوبنە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی. ئەوا لەم قۆناغە تازەیەدا کورد کاندیدە بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێ، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کورد وەکو بکەرێکی تازەی سیاسی لەناوچەکەدا، کوردستانیش وەکو ژێرخانێکی گرنگی کانزای سروشتی، مادەی خاون و هێشتر سودیان لێوەرنەگیراوە. هەر دەست بردنێ بۆ کارتی کوردی تەواوی هاوکێشەکانی ناوچەکە دەگۆڕێت.

لەم گۆڕانەشدا هەم بەرژەوەندیەکانی کورد دابین ئەبن بەوەی خەونی لەمێژینەی دێتە دی و دەوڵەتی سەربەخۆ ڕا ئەگەیەنێت. هەم جەمسەرەکانی ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قایل دەبن، چونکە دروست بونی دەوڵەتێکی کوردی هێڵەکانی لێکخشانی لایەنە ناکۆکەکان دەبچڕێت و لەڕووی جوگرافیەوە بەرەکانیان لێک دوور دەخاتەوە. بواری ئەوەیان نامێنێ وەک ئیستا تێکەڵ ببن و یەکتر قەتڵ و عام بکەن. ئەمەش وادەکات بۆ ماوەیەکی درێژ پشو بدەن و جۆرێ لە ئارامی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە.

دیارە زلهێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانیش لەهاتنە پێشەوەی ئەو کارتە کوردیە هەم سودی ئابوری خێرا وەر ئەگرن و هەم لەڕوی ستراتیژی دوور مەوداشەوە پانتاییەکی تازەیان بۆ جوڵان و مانۆڕکردن دێتە بەردەم. جوگرافیایەکی تازەی جوڵەیان بۆ دروست ئەبێ کە بەمانای وشە ئامادەیە بۆ وەبەرهێنان لەمەودای دووردا. بەوەش ململانێکانیان خاوتر ئەبێتەوە چونکە بوارەکانی لێکخشانی زبریان کەمتر ئەبێتەوە چونکە هەلی تازەیان دێتە بەردەم بۆ وەبەرهێنانی ئابوری و دیپلۆماتی..هتد.

لەبەرانبەردا ئاشکرایە ڕێگەی ئەم سیناریۆیە بەگوڵ نەچێندراوە و تەنگ و چەڵەمەو کۆسپی زۆری لەڕێیە و تەخت کردنی کۆسپەکانیش بەر لەهەرشتێ خواستێکی بەهێزی کوردی پێویستە. جێگەی خۆشحاڵیە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئەو خواستە بەهێزەی کورد پیشان ئەدات. هەروەها ئاماژەیەکی ڕونیشە لەسەر ئەوەی سەرکردەکان و بژاردەی سیاسی کورد لە ئێستادا وشیاریەکی باشی بەرانبەر بارودۆخی ناوچەکە و پێگەی کورد تیایدا هەیە. هەمان ئەو بژاردە سیاسیەی سەدەکانی پێشو نیە کەلەوشیاریەکی

لاوازەوە توخنی بارودۆخەکان ئەکەوتن و دواجار هەلەکانیان لەدەست ئەدا.

بەبڕوای ئێمە یەکێک لەو نەخۆشیانەی کە تائێستا کورد نەیتوانیوە تێی بپەڕێنێ و هەمیشە زیانی گەورەی لەکورد داوە و لەم چرکەساتەشدا خەریکە ئەبێتە کۆسپی هەرە گەورە لەڕێی ئامانجە گەورەکەی کورددا. بریتیەلەوەی کورد نەیتوانیوە ئیسلامێکی ڕەسەن بەتام و بۆنی کوردی، بەتێگەیشتنی کوردی، بەرهەم بێنێت. قوتابخانەیەکی کوردی نیە کەبە ئەقڵی کوردی بەرەچاوکردنی بارودۆخی کوردستان لەدەقەکانی ئیسلام ڕابمێنێ و فەتواو دیدو بۆچونی ئاینیمان لەسەر کێشەکان بۆ بەرهەم بێنێ و مرۆڤی کورد ئاراستە بکات بەجۆرێک سودی دین و دنیای پێ بگەیەنێت و کۆمەڵگەی کوردیش بەرەوپێش بەرێت و بیگەیەنێتە کەناری ئارامی.

بەڵکو بەردەوام ئەقڵی ئاینی کوردی لەژێر هەژمونی ئەقڵی عەرەبیدابوە، بەڕادەی کەمتر لەژێر هەژمونی ئەقڵی ئاینی تورکی و فارسیدا بوە. ئەمەش وایکردوە ئەو نەتەوانە هەمیشە بەناوی ئیسلامەوە دەرفەتەکان لەدەستی کورد دەربکەن و لەچرکەساتە هەستیارەکانی مێژوی ناوچەکەدا، لەئان وساتی گۆڕانکاریە گەورەکاندا، ئاینیان کردۆتە میکانیزمی خەڵەتاندنی کورد و سەرقاڵ کردنی بەشەڕێکەوە کە شەڕی خۆی نەبوە. تەنانەت بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆیان لەئاین کوردیان کەمەندکێش کردوەبۆ گۆڕەپانە دوورەکان و لەوێ شەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکورد کردوە. سوارەی حەمیدیە لەسەدەی بیستەم دا باشترین نمونەی ئەم ڕاستیە تاڵە بێت.

لەئێستاشدا واهەمان سیناریۆ دووبارە ئەبێتەوە، ئەبینین بەگوێرەی بەرژەوەندی کۆمەڵگە عەرەبییەکان لەلایەن بیرمەندانی ئاینی عەرەبەوە فەتوا بەرهەم دێت. کەچی حەرفیەن لەکۆمەڵگەی کوردستاندا جێبەجێ ئەکرێ. هەرکات ئەوان پێویستیان بێ، لاوانی ئێمە جیهاد ئەکەن، تەنانەت لەدژی خودی خۆیشمان و لەم چرکەساتەشدا کە هەموو گرەوەکانی کوردی تێدا کۆبوەتەوە. وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەی بینین. بەهەموو وردەکاریەکانیەوە.

جا ئەگەر ئەو حاڵەتە ناتەندروستە لەماوەکانی ڕابردودا بۆ لاوازی وشیاری کورد گەڕابێتەوە. ئەوا لەئێستادا کە کورد کۆنگرەی نەتەوەیی ئەبەستێ بۆ دانانی پلانێکی نەتەوەیی تاکو کورد لەمیانەیەوە مامەڵە لەگەڵ کۆی ئەو بارودۆخەدا بکات کەئێستا هاتۆتە پێشەوە. ئەوا پێشنیار ئەکەم دیدی لیژنەکە فراوان و گشتگیر بێت و دەستنیشان کردنەکانیشیان بۆ کێشەکان واقیعی بن. تاکو چارەسەر و پلانەکانیان ڕاستەوخۆ بچنە خزمەتی کێشەی کورد و گەیاندنی کورد بەو ئامانجی سەربەخۆییەی کەلەئێستادا زۆربەی مەرجە بابەتیەکانی هاتونەتە دی و تەنها خۆ کامڵکردنی کورد و پلانێکی ژیرانەی ماوە.

بۆ ئەو مەبەستە بەپێویستی ئەزانم پێشنیاری دروستکردنی قوتابخانەی بەرهەم هاوردنی فەتواو خوێندنەوەی دین بەچاوێکی کوردیەوە. بخەمە بەردەم کۆنگرەیی نەتەوەیی. تاکو بەگوێرەی هەلو مەرجی کۆمەڵگەی کوردی فەتوا بەرهەم بهێنرێ و لەم چرکەساتەدا ئاین نەبێتەوە بەربەست لەبەردەم خەونی سەربەخۆیی کورددا. ڕاستە ئەم ئامانجە قورس و درێژخایەنە. بەڵام هەموو هەنگاوێک با دوریش بێت هەر ئەبێ سەرەتایەکی هەبێت. هەبونی پارت و کەسایەتیە ئیسلامیە کوردیەکانیش لەکۆنگرەکەدا خاڵێکی پۆزەتیڤە ئەکرێ ئەوان لەم لایەنەوە سود بە پلانە نەتەوەییەکە وەربگرن و وردەکاریەکانی جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارە بگرنە ئەستۆ. گەر پێویست بکات دەکرێ وردەکاری زیاتر سەبارەت بەم مەسەلەیە بۆ لایەنی پەیوەندیدار بخەینە بەرچاو. ئەگەر خودی پێشنیارەکە بەهەند وەرگیرا.

سەرچاوە : ماڵپەری خەندان / ڕێکەوتی : ٢٥ی ژوئیەی ٢٠١٣

## لە کونگرەی نەتەوەیی:



خالید محەممەد زادە

دیموکرات و کۆمەلە رازی، پژاک و پاک و سازمانی خەبات نارازی!

ناکۆکیو پێکەوە نەسازانی نۆ حیزبی رۆژهەلاتی کوردستان، ئەوانی ناچار کرد پەنا بەرنە بەر مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە سەر نوینەرایەتی کردنی کوردی رۆژهەلات لە کونگرەی نەتەوەیی کە بریارە لە شاری هەولیر ببەستریت. بەلام بارزانیش نەیتوانی کیشەکانیان چارەسەر بکاتو کوبوونەوە بی هیچ ئەنجامێک گواسترایەوە بۆ رۆژی شەمەی داهاتوو. ئەگەرچی لە کوبوونەوکەش سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەشداری نەکردو نوینەری پژاکیش بێدەنگی هەلبژارد وەک یەکێک لە بەشدارانی کوبوونەوەکە باسی کرد.

لە کوبوونەوەکەی ئەمرۆ، هەر دوو حیزبی دیموکراتو هەرسی کۆمەلە هەموو ناکۆکیەکانیان لە گەڵ یەک وەلا نابوو پێکەوە پێداگیریان دەکرد لە سەر مانەوەی ئەم لیژنە پێنج کەسیەی کە بۆ خۆیان پێکهینەری بوون. لە بەرامبەردا هەر یەکە لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستانو سازمانی خەباتی کوردستان نارازینو پێیانوایە پشتگوی خراونو فیلیان لی کراوە.

ئەوان رایانگەیاندووە دەبێت ئەو لیژنەیە هەلبوەشێتەوەو سەر لە نوی دابەش بکرێتەوە بە جۆرێک کە لیژنە نوییەکە پێک بیت لە ئەندامێکی دیموکرات، ئەندامێکی کۆمەلە، پاک، پژاکو سازمانی خەبات بەلام ئەم داوایە لەلایەن دیموکراتو کۆمەلەوە قبول ناکرێت، قبول کردنی ئەم داوایەش بێگۆمان ناکۆکی نێوان لایەنەکانی دیموکراتو کۆمەلە لە گەل یەکتر دەنیتەوە، بۆیە بریاریان داوە لەم حالەتەدا پشتی یەکتر بگرن.

لەم کوبوونەوەکەی ئەمرۆ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەشداری نەکرد. دەنگۆی ئەوەش هەیە کە نوینەرانی هەر یەکە لە پارتی ئازادی کوردستانو پارتی ژیانی ئازادی کوردستان کە بەشداری کووبونەوەکەی ئەمرۆی سەرۆکی هەرێم لە گەل لیژنە ٢١ کەسیەکە بوون دەعوەتی رەسمی نەکرابوون، بەلام ئەندامێکی پارتی ئازادی ئەم دەنگۆیە رەت دەکاتەوە. زانراوە ئەمرۆ بریار بووە تەنیا لیژنە پێنج کەسیەکەی رۆژهەلاتی کوردستان بەشداری بکەن لە کوبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم نەک کۆی ٩ حیزبەکەی رۆژهەلات.

بریار وایە رۆژی شەممەی داهاتوو کۆی ٩ حیزبەکەی رۆژهەلات دووبارە کۆببنەوە بە بەشداری یەکێتیو پارتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەی هەیانە سەبارەت بە نوێنەرایەتی کردنی کوردی رۆژهەلات لە کونگرەی نەتەوەیی. مەسعود بارزانیش بە حیزبەکانی رۆژهەلاتی ووتوە برۆن کیشەکانی خۆتان چارەسەر بکەن ئەو جار وەرنەوە

ئەندامێکی پارتی ئازادی کوردستان لە کۆبونەوەکە ووتی: هیچ لایەنێکی رۆژهەڵات ناتوانێ نوێنەرایەتی خۆیان بدەن بە دوو تەیفی کۆمەلە و دیموکرات . بەلام ئەم قسەیە لە لایەن ئەندامانی هەر دوو حیزبی دیموکراتو سی کۆمەلەکە گویی لی رانەگیراو. ئەوان سوور بوون لە سەرمانەوەی لیژنە پێنج کەسیەکە. بەلام لەوە دەچێت پارتیو یەکێتی پشتگیری ئەم "قۆرغ کاریە" نەکەن وەک بەشداربویەکی ناو کوبوونەوەکە باسی لێوە دەکرد.

نوینەری پژاک لە کووبونەوەکی ئەمرۆ بێدەنگی هەلبژارد رەنگە ئەمەش بگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دلنیایی لە میوانانی باکور وەرگرتووە کە کاربکەن بۆ مانەوەی ئەم پارتە لە لیژنە پینج قۆلیەکەی رۆژهەلات، لێژنەیەک کە تیادا دیموکراتو کۆمەلە بالادەستنو ئەوانیش بە هیچ جۆرێک پژاک بە هیزێکی رۆژهەلاتی کوردستان نازانن.

بارزانی لە کوبونەوەکەی لە گەل لیژنەی ئامادەکاری کونگرە داوای لە هەموو لایەنەکان کرد کە وەک نوێنەری نەتەوەی کورد کار بکەن نەک وەک نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان.


"شەماڵ بەشیری" بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان "پژاک" لە لێدوانێکدا بۆ نەوا وتی: یەکێک لە پرنسیپەکانی خەبانی ئامادەکاری تەوافوقە ، بەڵام لایەنەکانی رۆژهەڵات بەهۆی نزیکایەتی پێشوەخت رێکەوتنێک لە ئارادا هەبوو ، بۆ بێ بەشکردنی پژاک و سازمانی خەبات ، هەر لەبەرئەوەش بەشداری کۆبونەوەی ئەمرۆی دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەیان نەکرد.

لەلایەکی دیکەشەوە "بابا شێخ حسێنی" سکرتێری گشتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە لێدوانێکدا بۆ نەوا وتی: هەر ٩ لایەنەکەی رۆژهەڵات لەو ئۆتێلەی تەرخانکرابوو بۆ کۆبونەوەی نوێنەری لایەنەکان کۆبوینەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکان ، بەڵام نەگەیشتینە ئەنجام بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکان و پاشان کرا بە دەنگدان هەرسێ کۆمەڵە و دوو دیموکراتەکە توانیان ببنە ئەندامی دەستەی ئامادەکاریەکە.

بە هەر حال با چاوەری بین بزانین کۆبونەوەی رۆژی شەممەی ٩ لایەنەکەی رۆژهەلات دەبیت بە چیو کامەیان نوێنەرایەتی کوردی ئێران لە کونگرەی نەتەوەیی شاری هەولیر دەکەن. کونگرەیەک کە بی سەرنجدانە تەنانەت پێکهاتەی ئەندامانی هەر ئیستا لە کوردستانی رۆژهەلات رەخنەگری زۆرە

سەرچاوە : فیس بووک

## ئایا بۆ پێکهێنان یان نەهێنانی کونگرەی نەتەوەیی خەڵکی کورد تەنیا چاوەڕوانی ڕێکخراوە سیاسییەکان بن یان خۆیان ئەرکێکی زیاتریان دەکەوێتە سەرشان؟



فەرامەرز ئەڵماسی

کۆبوونەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بۆ پێکهێنانی کونگرەی نەتەوەیی هەواڵێکی زۆر دڵخۆشکەرە

بۆ هەموو کوردێک. بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو مەترسییانەی لەو وتارەی سەر ماڵپەڕی ئینتیرنیتی پێشمەرگەکاندا هاتوون ڕاستن. بڕوانە:

کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی لە لێواری هەڵوەشانەوە دا!

بەڕای من تەنیا خۆشحاڵی دەربڕینی خەڵک بۆ هاوکاری و یەکگرتنی ڕێکخراوە سیاسییەکان یان هەست بە مەترسی تێکچوونی

هاوکاریکردنی ڕێکخراوە سیاسییەکان نیشانەی وشیاری سیاسیی خەڵک نییە. ئەگەر خەڵکی پارچەکانی کوردستان وشیاری پێویستیان بوایە دەبوایە لە ڕێگەی پێکهێنانی ڕێکخراوی مەدەنی سەربەخۆ و لە ڕێگەی چالاکی ئەم ڕێکخراوانەوە لەو شوێنانەی دەرفەتیان هەیە زۆر دەمێکە ڕێکخراوە سیاسییەکانیان ناچار بکردایە بە هاوکاری و یەکگرتن، نەک ئەوەی تەنیا چاوەڕوانی دەستی ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان بن و لە کاتێکی وەهادا تەنیا بارەکەڵا و ئافەرین بۆ ئەوان بڵێن یان نفرین و دۆعای شەڕیان بکەن. ئەوان بە وشیاری سیاسیی دەیانتوانی و دەتوانن پێش بە دابەشبوونی ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەشێک لە سیاسەتە هەڵەکانیان بگرن کە زۆر دەرفەتی مێژووییان لەدەست داوە. ئیستەش خەڵکی وشیار و ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکان دەتوانن سنوورێک دابنێن بۆ ئەو مەترسییانەی بە هۆی مەزنیخوازی بەشێک لە ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکانەوە دێتە سەرڕێی یەکخستنی ماڵی کورد. لەبەر ئەوە دەڵێم ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکان، چونکە هەموومام دەزانین کە هەرکام لە ڕێکخراوە سیاسییەکان ڕێکخراوی مەدەنی پاشکۆی خۆیانیان هەیە و هەرکات بە پێویستی بزانن کەڵکیان لێ وەردەگرن و دەیانەوێ وای نیشان بدەن کە ئەوانە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی و بە وتەیەکی تر شەقامی کوردی دەکەن. ئەمە بەشێوەیەکیش فێڵ کردنە لەگەڵ کۆمەڵگە و لەگەڵ خۆ. بەداخەوە لە بەشی نیوەئازادی کوردستانی باشووردا ڕێکخراوە سیاسییەکان بەم کارەیان دەرفەتی زۆریان بۆ پێکهێنان و چالاکی ڕێکخراوی مەدەنی سەربەخۆ نەهێشتووەتەوە و ڕێکخراوە پاشکۆکانیان لەجێگەی ئەوان داناوە و هەروەها ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی لەم ڕەوتەی ئەوان دەکەن. بەڵام ئەگەر خەڵک وشیار بن دەتوانن هیزی خۆیان بە خێرایی ڕێک بخەن و کاریگەرییان لەسەر ڕێکخراوە سیاسییەکان هەبێ و تەنیا چاوەڕوانی مەیل و خواست و مەرحەمەتی شەخسی ئەوان نەبن کە ئایا دانوویان پێکەوە دەکوڵێ یان نە. هیوادارم ئەوەی بۆ پێکهێنانی کونگرەی نەتەوەیی کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان دەستی پێ کردووە هەرچی زووتر بە ئاکامی دڵخوازی خەڵکی کوردستان بگا.

سەرچاوە : ماڵپەری پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی : ٢٥ی ژووئیەی ٢٠١٣

## کونگرەی نەتەوەیی گەلی کورد هەنگاوێکە بەرەوسەرکەوتن،



سمکۆ بێکەس

لە مێژ ساڵە گەلی کوردی دابەش کراو بە داخەوە نەبوەتە خاوەن جێگە و پێگە ی خۆی و بە هۆی دابەش بوون بە سەر چوار وڵاتی جیاواز دا نەی توانیوە ببێتە خاوەن وتارێکی یەکگرتووی خۆی،

بۆیە بە سەرنج دان بەو هەل و مەرجەی کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی تێدایە و بە تایبەت پێگەی کورد لەم ناوچەدا و بوونی حکومەتی هەریمی کوردستان لە باشووری کوردستان و نزیک بونەوەی رزگاری ڕۆژئاوای کوردستان و کرانەوەی دەرگای دیالوگ بۆ چارەسەری پرسی ئاشتیانەی باکوری کوردستان و هەر چەند ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بێدەنگی دایە ، بەڵام بوونی وەها کونگرەیەک دەتوانێ دەرگایەکی کراوە بێت بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە داهاتوو دا بە سەرنج دان بەم راستیانە دەردەکەوێ کە چارەسەری کێشەی کورد لە سەر ئاستی جیهانی و ناوچەکەدا جیگەی بایەخە و گرینگە ولەو پێوەندی یەدا کورد پێویستی بە یەک ریزی و یەک پارچەیی و یەک وتار و گوفتاری هەیە.

گرینگی ئەم کونگرە زۆر هەڵ دەگرێ و لەوەی کە بە خۆشی یەوە زۆربەی زۆری هەموو لایەنە سیاسی یەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و خەڵکانی تریش لەم کونگرەدا بەشدار دەبن و هەر وەها چەند تەوەرێکی گرینگی تیدا باس دەکرێ، وەک زمان، کولتور، فەرهەنگ و ئەدەب و سیاسەتی کوردی و زۆر شتی تر و بە تایبەت پرسی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێستاو داهاتوو دا، ئەمە دەسکەوتێکی گرینگ دەبێت بۆ لێک تێگەیشتن و پێگەیشتنی هەموو لایەن و خەڵکانی تر و هەر وەها پەیامێکی گرینگ دەبێت بۆ دەسەڵات دارانی دنیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت ئەووڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژین، تا تێ بگەن ئیتر کاتی زمانی شەڕ بە سەر چووە و ناتوانرێ تا هەتایە نەتەوەیەکی چەندین میلیونی وەک کورد لە سەر خاکی خۆیان کە کوردستانە فەراموش بکەن و دەبێت هەنگاوی جیدی هەڵ بگرن بۆ چارەسەری پرسی کورد لە و وڵاتانەدا کە کوردی تێدا دەژین ، بە سەرنج دان بەو خالانەی کە باسمان کرد دەبێت زۆر گەشبین بین بەم کونگرە و هیوای سەرکەتن و پێشکەوتنی بۆ بخوازین و هیواداربین نەک یەک جار بەلکو دەیان جار لەم شێوە کونگرانە بگیردرێ تا کوو ماڵی کورد یەکگرتووتر و پێشکەوتوتر بیت و دوژمنانی کوردیش یەکگرتویمان ببینن تا چی تر مافەکانی نەتەوەکەمان پێشێل نەکەن و ئەم کونگرە ببێتە کلیلی چارەسەری کێشەی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و گەل بە ئاواتە لە مێژینەکانی بگات.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢٣ی ژوئیەی ٢٠١٣

## پارتی سەربەستیی کوردستان پێشوازی لە کۆنگرەی نەتەوەیی و هەڵویستی سەرۆک بارزانی دەکات.

پارتی سەربەستیی کوردستان پێشوازی لە کۆنگرەی نەتەوەیی و هەڵویستی سەرۆک بارزانی دەکات.
بە خۆشحاڵییەوە دوای ساڵانێکی زۆر چاوەڕوانی بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کورد.
بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی بە پەلەی بۆ لایەنە کوردستانییەکان بڵاوکردەوەو، داوای کۆبوونەوەی بە پەلەی لایەنەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان کرد، بۆ دروستکردنی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە. کە بەخۆشیەوە ئەمڕۆ ٢٢/٧/ ٢٠١٣ لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرە پێکهات.
وەک پارتی سەربەستیی کوردستان کە بەهۆکارێکی تەکنیکی نەمانتوانی لە کۆبوونەوەی یەکەم بۆ دیاریکردنی لێژنەی کۆنگرە بەشداری بکەین. بەڵام بەوپەڕی خۆشحاڵیەوەپشتیوانی خۆمان بۆ ئەو هەنگاوە نەتەوەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی دەردەبرین، هەروەها پشتیوانی و ئامادەیی تەواوی خۆمان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد پێشان دەدەین.
هیواخوازین کە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە زوترین کات دەستبەکار بێت و گەلی کوردستان خۆشحاڵ بکات. هەوەها ببێتە ڕێکخراوێکی گشتی هەمیشەیی کوردستان، هەروەک کۆمکاری عەرەبی بۆ عەرەبەکان، یەکێتی ئوروپا بۆ ئوروپییەکان و یەکێتی ئەفریقا بۆ ئەفریقیەکان و زۆر ڕێکخراوی دیکەی تایبەتی نەتەوەکانی جیهانی. ئەم کۆنگرەش ببێتە هۆکاری دروستبوونی ڕێکخراوێک کە ماڵی زیاد لە ٥٠ ملۆین کورد و نەتەوەیی کورد لە ژێر چەتری ڕێکخراوێکی سەرتاسەری کۆکاتەوە.
بە هیوای بەرێوەچوونی هەرچی زووتری کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان.
هەر شەکاوە بێت خەبات و یەکرێزی نەتەوە سەربەرزەکەمان.
ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢٢ی ژوویەی ٢٠١٣

## هەندێ دیدو سەرنجی پێویست بۆ بەردەم کۆنگرەی نەتەوەیی



لەتیف فاتیح فەرەج - ئارام شوانی

وەک بڕیارە بەر لەکۆتایی ئەمساڵ و لە ئایندەیەکی نزیکدا بە بەشداری زۆرترین لایەن و ڕێکخراوی کوردی کوردستانی گەورە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ببەسترێت، بۆ ئەو مەبەستەش لە چەند رۆژی رابردودا سی و نۆ حیزبی کوردی لە باشوری کوردستان کۆبونەوەیەکیان ڕێکخست، بۆ ئەوەی رێوشوێنەکانی ئامادەکاری بگیرێتە بەر، ئەوەی بۆ ئێمەی کورد جێگەی بایەخە، بۆ قسە لەسەرکردن ئەوەیە دەبێت ئەم کۆنگرەیە بە پەیمانێکی شەرەفەوە دەربچێت، بۆ حەرام کردن و بە خیانەت نیشاندانی شەڕی ناوخۆو ، هەروەها پەرە بە گیانی لێبوردەیی و یەکتر قەبوڵکردن و پێکەوە هەڵکردن بدات، ئەوە جگە لەوەی ئەرکی کۆنگرەیە لیژنەو دۆسیەی جیاجیا بۆ دوێنێ و ئێستاو ئایندەی کوردستان بکاتەوەو لەسەر کۆی پرسە هەستیارەکان بوەستێ و پێکیشەوە هەمو لایەنەکان بەڵێنی ئەوە بدەن کە لە هاوکاری و هاوئاهەنگی و پێکەوە کارکردن زیاتر هیچی تر بەرانبەر بە میللەتو بەیەکتر نەکەن، هەروەک دەبێ بۆ رابردوی هەندێ لە کارو کردەوەی لایەنە جیاجیاکان دەرهەق بە یەکتر و دەرهەق بە کوردستان داوای لێبوردن بکرێت، پێویستە لیژنەکانی ئامادەکاری بە وردی لەسەر ئەم بابەتە هەستیارانە بوەستن.
کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئەوەیە ریزەکانی کوردایەتی یەکخرێت و ئومێد و هیوا بۆ مرۆڤی کورد بگێڕێتەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە ئیدی لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە، بەتایبەت ئەگەر بزانین ئەم کۆنگرەیە لە کاتێکدا دەبەسترێت کە پێنج سەد ساڵ بەسەر شەڕی چاڵدێران و یەکەمین دابەشکردنی کوردستاندا تێدەپەڕێت، بۆ ئەمەش پێویستە کورد هەڵوەستە لەسەر پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورک و فارس و عەرەبدا بکات و لەسەر بنەمای وەک یەکی و هاوئاستی مامەڵەیان لەگەڵ بکات، دەکرێ دۆسیەو فایلی تایبەت بەو پەیوەندیانە هەبێت و بەوردی لەسەر ئەوەی چی بکرێت و چۆن و بە چ شێوازێ وەڵامی پرسیارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و ئاییندە بدرێتەوە.
لە کۆنگرەدا دەبێ شەرم نەکرێت لەوەی بەوردی قسە لەسەر پێکەوەژیانی ستەمکارانە یان دراوسێییەتی بە ئاشتی بکرێت، بەو مانایەی دەکرێ لەگەڵ دراوسێ دێرین و دیرۆکیەکانمان چۆن بژین و چۆن چارەسەری برینەکانی رابردومان بکەین بەو جۆرەی کە ئایندەمان ئایندەیەکی ئارام و پڕ لە ئاشتی و یەکتر قەبوڵکردن بێت، بۆ ئەمەش دەبێ راو سەرنجی ئەوانیش وەربگرین .

کۆنگرەیی نەتەوەیی یان نابێت ببەسترێت یان دەبێت لەئاستی خواستەکانی مرۆڤی ئێستای کوردا بێت و ئەو دڵنیایە بداتە کوردیش کە چی تر روبەڕوی هەڕەشەو جینۆسایدو سڕینەوە نابێتەوە، ناکرێ کۆنگرە هەر بۆ مەبەستی ئەوە ببەسترێ کە وەک بانگەشەیەکی میدیایی چاوی لێبکرێت، هەروەک پێویستە کۆنگرە رون و رەوان و ئاشکرا سەرزەنشت و رەخنەی هەمو ئەوانە بکات کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیەوە تا ئەمڕۆ ئەوان دۆخێکی نەخوازراویان خوڵقاندو هەر ئەوەش بو بەهۆی ئەو هەمو ستەمکاریەی لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ درێژەیان هەیە.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی / رێکەوتی : ٢ی ژووئیەی ٢٠١٣

## رێی ئاوەدان بۆ کۆنگرەی کوردان



ستران عەبدوڵڵا

ۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان خەونی لەمێژینەی بزووتنەوەی کوردایەتییە لەهەر چوار پارچەی نیشتمانەکەماندا.
هەر هەنگاوێک بەو ئاراستەیە بنرێت، بەرجەستەکردنی ئەو خەونەو نزیککردنەوەیەتی لەواقیعی سەرزەمینی کوردستاندا. بۆیە ئەم وێستگەیەی ئێستا پێی گەیشتووین کە بەم نزیکانە کۆنگرەکە بکرێت پێشکەوتنێکی جێی دڵخۆشییە.
بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆنگرەکەو رێککەوتن لەسەر لانی کەمی ستراتیژیی کوردایەتی سەرتاسەریی، گرەوە راستەقینەکەیە.
بۆ ئەمە دەبێ کۆنگرە کۆی دیمەنی کوردستان و ناوچەکەو باری سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبەرچاو بێت. هەڵبەت باسکردنی ئاڵۆزییەکانی بەردەم کورد بۆ بێ ئومێدکردن و دەستبەرداربوون نییە، بەڵام شاردنەوەی تەحەددیات و رێگرییەکانی بەردەم نەتەوەی کوردیش بەتەنیا نابێتە پەرژینی پاراستنمان، نادیدە گرتنی تەحەددیاتەکان لەزەرەرو زیانەکانی نامانپارێزێ، بەڵکو ناسینەوەیان و ئامادەکاری بۆ نەبەردی بەرەنگاربوونەوەیان، لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە، رێگای زێڕینی بەزاندنێتی، رێگای راستەقینەی هێنانەدی ئامانجی نەتەوەیی کۆنگرەی نەتەوەییە. دیارە سیاسەتی کوردایەتی لەباشوور کەتەجرەبەیەکی حوکمڕانی هەیەو لە بەشەکانی تری کوردستانیش کە لەقۆناغی شۆڕشگێڕیدایە، شتێک گۆڕانکاریی و رەوشی نوێی دونیای رەچاو کردووە، بۆیە ئەمڕۆ بەئاشکرا شان لەشانی ئەرکی وا پیرۆز دەدات.
لەم سەرەتای سەدەی نوێ و بەدواهاتووەکانی بەهاری عەرەبی کەدارمانی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی لەئەفسانەوە کردە واقیع، گەلی کورد بەچاوی تیژیی چەوساوەو بندەستانەوە پێشبینی باهۆزی گۆڕانکاریی دەکات و هەقێتی لەبەندو داوەکانی سەدەی دڵڕەقی بیستەم تەوەللا ببێت. پێدراوەکانی بەردەست وایە:
عیراق: بەهاری خۆی لەڕووخانی سەددامەوە دەستپێکردووەو سەرەڕای تەنگژەکانی بەغداو کوردستان هێشتا ئەم وڵاتە ئومێدی کورد دەلاوێنێتەوە.
سوریا: یەک لەنیشتمانە ئاڵۆزەکانی بەهاری عەرەبییەو کوردستانی رۆژئاواش لەجێی خۆی جوڵاوە.
تورکیا: بزووتنەوەی کوردایەتی لەوێ گەرمەو تورکیاش کەسەرەتا خۆی وەک عەرابی بەهاری عەرەبی دەردەخست ئەمڕۆ لەگەڵ پێدراوی نوێی کەوتنی تەجرەبەی ئوسوڵی لەمیسرو زەمین لەرزە کزەکەی (مەیدانی تەقسیم) رووبەڕوو بۆتەوە، بەهارێکی کوردی لەوێ بەڕێوەبوو، لەجێی بەرەنگاربوونەوەی حکومەتی (دادوگەشەپێدان) بەئاشتی باوەشی پێداکردو هێشتاش دەرکەوتەکان ماون.
ئێران: کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەولەویەتی داوە بەزۆرانبازی لەگەڵ کۆمەڵی نێودەوڵەتی و دۆسێی ئەتۆمی و باسی نەتەوەی کوردی نەکردۆتە رۆژەڤەوە. بەڵام خۆ ئەمە تاسەر نابێت و تارانیش هەست بەم گۆڕانکارییانە دەکات، دەورانی رۆحانیش کەدەخوازێ کرانەوە رەچاو بکات سەرەنجام بەڕووی کورددا دەکرێتەوە. کۆی ئەم پێدراوانە دەریدەخەن بەهاری گۆڕانکاریی لەدەوری دەستکاری رژێمە سیاسییەکان و دەستکاری جوگرافیای حوکمڕانی دەخولێتەوە.
ئەمەش ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی کۆنگرە کەستراتیژی سەرکەوتووی وا رەچاو بکات کە بەشداری کورد لەستراتیژی کۆنگرەیی ناوخۆیی وڵاتەکانی هاوبەشی کوردستاندا سەنگین و کارا بکات. ستراتیژەکە بۆ بەشداری و ئاگاداری بێت لەگۆڕینی جوگرافیای حوکمڕانی نوێ و لەسنووری دەوڵەتەکاندا هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جێگرەکانی ئێستاو هێزە دەرکەوتووەکانی ئایندە بناسێت و بەگوێرەی ئەوە هاوپەیمانێتی و جەمسەرگیری خۆی دیاری بکات.
ئەمە کەهێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان خیتابی گفتوگۆو ئاشتی و پێسەلماندنی مافەکانی کورد لەوڵاتانی ناوچەکە رەچاو دەکەن خیتابێکی نەرم و نیان و بیانوو برە، دەبێ کۆنگرە بەکردەوە ئەم رێبازە تەبەنی بکات و کوردایەتی هەر چوار پارچەی بۆ هان بدات، تەشویقی هەموویان بکات کەئەم بژارە سەرکەوتووەو رێگا بۆ بژارەی گەورەتریش خۆش دەکات.

سەرچاوە : کوردستانی نوێ / رێکەوتی : ٢٤ی ژووئیەی ٢٠١٣

## گەنجان و کۆنگرەی نەتەوەیی



**شاخەوان عومەر سلێمان**

لە ئاداری ٢٠١١ لە شاری ئامادی باکوری کوردستان کۆنفرانسی یەکەم، لە ئاداری 2012 لە هەولێری پایتەختی باشوری کوردستان کۆنفرانسی دووەم بەڕێوەچوو، بەداخەوە لەم ساڵدا دوو کۆنفرانس بەناوی سێیەم کۆنفرانسی لاوانی چوارپارچەی کوردستان لە رومێلان رۆژئاوای کوردستان و کەمپی دۆمیزی شاری دهۆک بەستران.

کە هۆکاری دابەشبوونی رای ئەندامانی کۆنفرانسی دووەمی باشوری کوردستان لەسەر کەرتبوونی کۆنفرانسی سێ وەک هەموو هەڵوێستە لاواز و پەرتەوازە و لەیەکتر نەگەیشتنی کۆبیری نەتەوەییمان ئازار بەخش و خەم دروستکار بوو، بەبیر هاتنەوەشی بۆخۆی خەفەتبارمان دەکات.

رێکخستن و بەستنی ئەو چوار کۆنفرانسە بە هەموو خاڵە باش و خراپەکانی لە بەرژەوەندی دۆزی نەتەوەییی کورد بوو، لاوان کە نوێنەرایەتی رێکخراوەکانی کوردستانی گەورەیان دەکرد، بە یەک رەنگ و یەک دەنگ بەشداریانکرد و گوتارێکی هاوبەشی گەنجانەی موتربەکراو بەهەست و بیری نیشتیمان پەروەری لێ دروستبوو، من وەکو ئەندامی دووەم و سێیەم کۆنفراس هەستم بە بوونی گەنجی کورد وەک یەک گیان و یەک جەستە دەکرد، کەش و هەوای ناو رۆژانی کۆنفرانسیش پڕبوون لە تێکەڵبوون و ئاوێزانی و ئاوێتەبوونەوەی دڵی لەت لەتکرا و خاکی بەش بەش بووی کوردستانی گەورە لەیەک بۆتە وچوارچێوە دا.

جیا لەوەی بڕیار و پێشنیار و راسپاردەکانی سەرجەم کۆنفرانسەکان کۆمەڵێک خاڵ و بڕگەی گرنگی بەهێزکردنی دۆستایەتی و برایەتی و یەکگرتوویی گوتاری لاوانی کوردی نیشان ئەدا، لەناو هەموو کۆنفرانسەکانیش بە زیاتر لە خاڵێک داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی گەورە دەکرا بە زووترین کات پەلەبکرێت لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.

کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردیش کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵ ببەسترێت، دەکرێ ببێتە هەوێنی هێنانە ئارای گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەیی نیشتمانی سەرتاسەری بۆ کورد، ئەو هەنگاوە کە زۆر دەرنگ وەختە و دواکەوتوە لە روی کاتی ئەنجامدانی، هیوای هەموو کوردێک لەوەدایە ئەو رووداوە کۆتایی بە ناتەبایی و لێکترازن و شەڕی ساردی نێوان تەوژم و رەوتە سیاسیەکانی کورد بهێنێت، لە کوردستانی گەورە بەگشتی و لە باشوری کوردستانیش بە تایبەتی، ئومێد دەکەین ئەو تێنەگەیشتن و لێکحاڵی نەبوونەی لە سێیەمین کۆنفرانسی لاوان دروستبوو، ببێتە ئەزموونێک بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی و کۆتایەکەی بە بڕیاری باش و بەجێ بۆ کێشەی رەوای گەلەکەمان ببینین.

*سەرچاوە : ماڵپەری خەندان /٢٤ی ژووئیەی ٢٠١٣*

## ئۆپۆزسیۆن و کۆنگرەی نەتەوەیی



**لەتیف فاتیح فەرەج**

من پێشتر لەگەڵ ئارام شوانی هەندێک دیدو سەرنجمان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی نوسی، تا رادەیەکی زۆر دیدو سەرنجەکان بۆ ئەوە بون بڵێینچ جۆە بەشداریەک و بۆچی،ئێستا دەمەوێ زیاتر بڵێم، باشە لە بنەڕەتا ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ دادگایی کردنی دوێنێ و ئەمڕۆی خۆمان و هەڵەکانمان نەبێت، بۆچی ببەسترێت، هەروەها ئەگەر کۆنگرەیەکهێزە سەرەکیەکانی ئۆپۆزسیۆنی باشوری کوردستانی تیا نەبێت و دواتریش بەوە تاوانبار بکرێن کە ریزی کوردەواری تێک ئەدەن، بۆچی ببەسترێت، ئەگەر کۆنگرەیەک پیاوێکی وەک مام جەلالی تیانەبێت کە ئێستا بەهۆی نەخۆشیەوە لە ئەڵمانیایە، یان پیاوێکی وەک عەبدوڵائۆجەلان کە لەگەڵ مام جەلالدا زۆر لە مێژە لە خەمی کارێکی ئاوادان بەستنی لە پای چی، لە کاتێکا چ مام چ ئاپۆ یەکێکیان لە زیندانی تورکانەو یەکێکی دیکەیان لە نەخۆشخانە واتە هەردو لە ژیاندان، جگە لەوە دەبێ ئەوە بزانین کە ئەگەر کۆنگرەیەک کۆنگرەیی نەتەوەیی بێت وکەسایەتی وەک نەوشیروان مستەفا یان عەلی باپیری تیا نەبێت بونی بۆ، هەروەها ئەو کارە پێویستی بەوەیە لانیکەم بۆ یادی ٥٠٠ ساڵەی شەڕی چاڵدێران لە ٢٠١٤ ببەسترێت.

من نزیکەی ساڵێک لەمەوپێش هەمان داوام کرد، بۆچی ئێستا ئەوەندە پەلە دەکرێت و خێرە ئێمە لەلایەک دەرگا بەڕوی رۆژئاوادا دادەخەین، لەلایەک لە کوردستان مەستی قۆرخکاری و داگیرکردنی پۆستەکانین و لەولاشەوە هێشتا بنکەی سەربازی تورکی لەسەر سینگ و بەرۆکی کوردستانی باشورەو تا ئێستاش ئەردۆغان و دارو دەستەکەی بۆ کوشتنی خانەوادەکەی ئۆسکارو ئۆسکاری زارۆڵەداوای لێبوردنیان نەکردوە، خێرە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستین، ئەگەر بڕیارە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستین پێویستە بزانین دەمانەوێ چی بکەین و بە نیازی چین،کۆنگرەی نەتەوەیی لانیکەم دەبێ لە ئاستی ناونانەکەیدا بێت، دەبێ کۆنگرەی کۆکەرەوە بێت نەک کۆنگرەی پیاهەڵدان کە لە ئێستاوە دەستی پێکردوە، من پێشتر لەسەر کۆکەرەوەو بابەتگەلی لەو شێوەیەم نوسیوە بەتایبەت لەسەر رۆڵی کۆکەرەوە، لەوەدەچێت گرفتێکی گەورە لەم بستە خاکەی ئێمە ئەوە

بێت کە پێویستە یەک رەنگ کرێین، ئەمەشجۆرێکە لە دەردە کورد و هیچی تر، کۆنگرە بۆ ئەوەنیە کەکەسی تیابکرێتە پاڵەوان لام وایە هەندێک لە دۆستە قەڵەم بەدەستەکانم لەم مەسەلەیە ناگەن، بۆیە ئەوان یەکسەر دەستی تۆمەت بە جۆێ بۆ هەندێ کەس و لایەن درێژ دەکەن، وەک ئەوەی دوای کۆنگرە یان لەناو کۆنگرەکەدا دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنرێ، ئەوە جگە لە وەهم هیچی تر نیە تورکیا ئەگەر بزانێ باس لە دەوڵەتی کوردی دەکرێت هەزارو یەک کێشەی بۆ دروست دەکات، دەی ئێمەش چاومان برپیوەتە موبارەکەی تورکیا، هەندێک لە میدیاکانیش ئەوەیان بە شانازیەوە باسکرد کە گوایە تورکیا بە مەرجەکانی خۆی پشتگیری کۆنگرە دەکات، ئەی مەرجی کورد لە بەرانبەردا چیە، خۆ ئێستا کوردستان بازاڕێکی گەورەی تورکیایە، لەکاتێکا تورکیا بەردەوام هەستی خۆخاوەنی و بون و نەتەوەیی بون لە مرۆڤی کوردا دەکوژن.

من دەمەوێ لێرەدا لەسەر بابەتێکی دیکەش قسە بکەم باشە کە تۆ باس لە کۆنگرە دەکەیت لە کوردستان بەتایبەت کۆنگرەی نەتەوەیی دیارە مەبەست بەتەنێ کوردەکەیە، لێ نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە لەو کوردستانەدا نەتەوە گەلی دیکەش هەن کە دەبێ لانیکەم لە پەراوێزی کۆنگرەدا باسی ورد و چڕو پڕیان لەسەر بکرێت.

دیارە بەستنی کۆنگرە بۆ کورد کارێکی باشە بەتایبەت ئەگەر بزانین، تا ئێستا نەک لەنێوان پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا کە دوژمن و دیارە بەیەکەوە نەگونجانی خۆشمان پارچە پارچەی کردون، نەیاری و نادۆستی و پێکەوە نەگونجان هەیە، بگرە لەناو یەک پارچەشدا بەزەقی ئەو کێشەیە بونی هەیە، بۆیە ئەگەر سەرەکیترین ئامانجی کۆنگرە ئەوە نەبێت کە بە کۆی جیاوازیەکانمانەوە لە دەوری یەک مێز کۆمانبکاتەوە، نەبەسترێ باشترە، بەتایبەت ئەگەر بزانینتا ئەم چرکە ساتە هێشتا ئەگەری بەشداری ئۆپۆزسیۆن لاوازە.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی / رێکەوتی : ١ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان!



**موئمین زەڵمی**

لە مێژە حزبەکانی چوار پارچەی کوردستان کار بەسازکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەن و لەدوا هەوڵیشدا کۆبوونەوەی فراوان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی لەهەولێر بەڕێوە چوو, ئامادەکاری پراکتیکی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی دەستپێکرد.

لە یەکەمین کۆبوونەوەدا ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی دیاریکران کە٢١ ئەندامن و شەش ئەندام بۆ کوردستانی باکور و بۆ هەریەک لە پارچەکانیتری کوردستانیش پێنج ئەندام دیاریکران.

لە دابەشکردنی 5 ئەندامەکەی لیژنەی کوردستانی باشوردا یەکەم زەنگی شکستی کۆنگرەی نەتەوەیی لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە لێدرا.

بە پێی ئەو دابەشکردنەیەکێتی و پارتی هەریەکەیان ئەندامێکیان دەبێت و بۆ سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆنیش دوو ئەندام و بۆ حزبەبچووکەکەش یەک ئەندام دانرا.

هەر لەگەڵ ئاشکرابوونی دابەشکردنەکەی یەکێتی و پارتی کەوەک هەمیشە بێحسابکردن بۆ دەوربەریان ڕووبەرووی هەڵوێستی توندی ئۆپۆزسیۆن و بەتایبەتیش کۆمەڵی ئیسلامیی بوونەوە.

وەک لەدابەشکردنەکەدا هاتبوو کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتووی ئیسلامیی کەدوو هێزی کاریگەر و جەماوەریی فراوانی کوردستانن و لەهەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداش سەنگ و قورساییان هەیە و بەهەردووکیانەوە یەک ئەندامیان لەلیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەدا دەبێت.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی کورت بۆ ئەم بڕیارەی پارتی و یەکێتی و شێوازی دابەشکردنەکەبکەین دەردەکەوێت کە پارتی و یەکێتی عوقدەی ژمارەیان هەیە و هەمیشە دەیانەوێ خۆیان لەخەڵکیتر پێ زیاتر بێت.

ئەگەر باس لە پەراوێزخستنی ئیسلامییەکان بکەین, ئەوەچەندەمینجارە پارتی و یەکێتی وەڵامی وەفاداری و سەرراستی کۆمەڵ و یەکگرتوویان بە پەراوێزخستن داوەتەوە.

من پێم وایە هەنگاوەکەی کۆمەڵی ئیسلامیی و (هەڵبەت بەسوپاسەوەهەڵوێستەکەی برایانی یەکگرتوو و گۆڕان) لەبایکۆتکردنی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە و ئەگەری بایکۆتکردنی کۆنگرەی نەتەوەییدا هەڵوێستێکە لەجێگەی خۆیدایە و دەبێت لەسەری سوور بن.

بۆ دەبێت هەموو شتێک لەخزمەتی پارتی و یەکێتی و کادیری حزبی و بەرپرسی حزبی و عەشرەتی حزبی و خانەوادای حزبیدا بێت ! ئەو خەڵکەیتر ناسنامەی وڵاتێکیترە؟

ئۆپۆزسیۆن لە4 ساڵی ڕابردوودا بەوتنی (نا) دەردێکی گەورەی دایە پارتی و یەکێتی و ئەبێ دەرکیان کردبێ لەم وڵاتەدا فیفتی بەفیفتی نەماوەو ئەبێ خەڵکیتر قسەی هەبێ, خەڵکیتر مافی هەبێ.

هەموو پێوەرەکان لەکوردستان بۆ بەراوردی حزبەکان یەکسانن ئەوەتەنها غەش و تەزویر و خروقات و دزیین وایانکردووە پارتی و یەکێتی دەوڵەمەندانەتر لەحزبەکانیتر

خەڵک بۆ خۆیان بکرن.

پارتی و یەکێتی هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەیان خستۆتە خزمەتی مانەوەی خۆیان و زیادکردنی دەنگەکانیان و ژمارەی کورسییەکانیان بەرێگای ناشەرعی.

لە شاخدا, چی جیاوازییەک هەبوو؟ پێشمەرگە و سەرکردەکانی ئیسلامییەکان بەغیرەتتر و شەهامەتتر نەبوون لەوانەی پارتی و یەکێتی, ژمارەکان یەکسان نەبوون؟ سەنگەرەکانی ئیسلامیی گەورەتر نەبوون لەعەلمانییەکان؟ داستانەکانی کەرکوک و کۆرێ و پردێ و قەرەداغ و راپەرین و راوەدوونانی بەعس شاهید نین لەسەر ژمارەی هێز و توانای ئیسلامییەکان.

لە شاردا , زیاتر لە٢٠ %ی جەماوەری ئیسلامیی لەبەرامبەر تەنها ٦٠%ی پارتی و یەکێتی ئەڵبەت بەتەزویر و خروقات و سەقەتکردنی سیستەمی سیاسی, جگەلەخۆدەوڵەمەندکردن و خۆقەڵەوکردنی پارتی و یەکێتی لەسەر پارەی میللەت چیتری لێدەخوێنرێتەوە.

کۆنگرەی نەتەوەیی ئەگەر بەئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بێت و موزایەدەی هەڵبژاردن نەبێت بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە! دەبێ مافی هەموو پێکهاتەکان بدات, هەرێمی کوردستان زۆرترین رێژەی حزبی بچوکی دەستوخەتی پارتی و یەکێتی لێیە و دەبێ قەدری ئیسلامییەکان بگیردرێت.

پارتی و یەکێتی , ئەو (هەشت) حزبەی قوتیان کردوونەتەوەو لەهەموو هەنگاوێکدا لەگەڵیاندان و ئەشهەدوبیلایان بۆ دەکەن لەبابەتی دابەشکردنی کورسییەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەییدا جیا دەکەنەوە, زۆر بەرِووی ئەمەی خوارەوەکێشەی ژمارە(عوقدەی ژمارە) ی پارتی و یەکێتییە:

پارتی (١) + یەکێتی (١) + حزبەهاوپەیمانەکانی پارتی و یەکێتی (١) = ٣ ئەندام

ئۆپۆزسیۆن (گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتوو) = ٢ ئەندام

مافێکی سەرەتایی ئۆپۆزسیۆنە کە٣ ئەندامی لەم لیژنەیە و هەموو کۆمیتە و کۆنفرانس و کۆنگرەیەکدا هەبێت چونکەلەحاڵەتی بوونی هەڵبژاردنێکی نەزیهە و تەندروست پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان نیوەی دەنگی هەرێمی کوردستانیان هەیە.

پێم سەیرە هەندێک چاودێری سیاسی دەرک بەم بازارسازییەی پارتی و یەکێتی ناکەن و خۆیان گێل بکەن لەوتنی راستییەکان.

ئۆپۆزسیۆن بەپێداگری و وتنەوەی (نا) بەرامبەر بریاری بەرژەوەندخوازانەی پارتی و یەکێتی لەژوورەداخراوەکاندا دەیسەلمێنێت هەڵبژاردنی تەندروست سەنگ و قورساییەکان یەکسان دەکاتەوەو هەموو هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە دەبێ یەکسان بن.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان نیوز

## رۆژهەڵاتی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی



زکری مووسا

لەو چەند ساڵەی دواییدا دۆزی کورد لە باکوور پێشڤەچوونی زۆر باشی بەخۆیەوە بینیوە. چیدی حکوومەت و ناوەندە دەوڵەتییەکانی تورکیا ناتوانن نکۆڵی لە بوونی کورد و مافەکانی بکەن. کرانەوە و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ئەو زەمینەیەی رەخساندووە کورد لە ژیانی سیاسیی ئەم وڵاتەدا ببێتە یاریکارێکی بەهێز. دۆخی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا هەرچەندە تەمومژاوی دێتەبەرچاو بەڵام بووەتە ئەمری واقع و گشت لایەک ناچارن رەچاوی بوونی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بکەن و ئەگەر کوردەکان دەست بە یەکرِیزیی بگرن و خۆیان لە دووبەرەکی بپارێزن دەتوانن دەستکەوتی مەزن مسۆگەر بکەن. چیرۆکی باشووری کوردستان لەگەڵ ئەوەی پرپەتی لە نەهامەتی و سەرکوتکردن بەڵام دواجار گەلی کوردستان سەرکەوت و ئێستا هەرێمی کوردستان جێگەی خۆی لە هاوکێشەکاندا کردووەتەوە و بووەتە فاکتەرێکی بەهێزی یارییە سیاسییەکانی ناوچەکە و ئومێدی سەرەکیی هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانە.

تەنیا بەشێکی کوردستان کە بەرِوەرِووی دەرگەی داخراو بووەتەوە و هیچ جۆرە رووناکاییەک بۆ هیوا نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەدی ناکرێت، رۆژهەڵاتی کوردستانە. لەوێ نە کرانەوەی لە چەشنی تورکیا بەدی دەکرێت و نەیش وەک رۆژئاوا شەپۆلی گۆرِانکارییە خێراکان دەرگە بەسەر کورد دەکاتەوە و دۆخەکەشی سەرتاپا جیاوازە لەگەڵ باشووری کوردستان. زۆر لە چاودێران وای بۆ دەچن ئەو دۆخە پرِ لە نائومێدییە تەنیا کوردەکان ناگرێتەوە بەڵکو زۆر لە پێکهاتە و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش لەگەڵ بنبەستێکی کوشندەدا دەستوپەنجە نەرم دەکەن.


لەسەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە هەولێر دەبێ کۆنگرە چ رێنوێنی و پێشنیارێک بۆ کوردانی رۆژهەڵات بخاتە روو؟ ئایا هیچ ناوەندێک هەیە گوێ بۆ پەیامی ئاشتیخوازی و دیالۆگ و پێکەوەژیانی گەلی کورد لەوبەشەی کوردستاندا شل بکات؟ ئایا ناوەندە بریاربەدەستەکانی ئێرانی ئەو ئامادەییان هەیە دەستبەرداری ئەو بۆچوونە بن کە کورد و داواکانی بە هەرِەشە بۆ سەر سەروەریی وڵاتەکەیاندا دەزانێت؟

رەنگە گەورەترین هەڵە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد لە ئێراندا لە دوای شۆرِشی ئێرانیدا رووی دابێت. لەو هەڵەیە هەم کوردکان بەشدار بوون کە دەستیان بۆ

خەباتی چەکداری برد و هەمیش هەڵەی دەستەڵاتدارانی ئەو کاتی ئێران کە تەنیا ڕێکاری سەرکوت و بەکارهێنانی چەکیان تاقی کردەوە. ئەوە وای کرد کە ئێستایشی لەگەڵدا بێت ترس لە کورد و داواکانی هانی دەستەڵاتدارانی ئێرانی بدات کە لە چاویلکەی ئەمنییەوە سەیری کێشەی کورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن. چارەسەری کێشەی کورد لەوێ پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی ستراتیژییەتی هێزە کوردییەکان هەیە کە لەسەر بنەمای ئاشتی بنیاتنرابێت و پێویستیشە دۆسیەی کورد لە ئێراندا لە ناوەندە ئەمنییەکان بۆ ناوەندە سیاسی و هزرییەکان بگوازرێتەوە. دەبێ گشت لایەک لەوە بگەن کە چارەسەری کێشەی کورد فاکتەرێکە بۆ بووژانەوە و سەقامگیری. ئەزموونی هەرێمی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە کورد قەت نابێتە سەرچاوەی هەڕەشە. بۆ ئەوەی ئێرانییەکان لە قووڵایی کێشەی کورد بگەن و ترسەکانیان بڕەوێتەوە پێویستە هەم کۆنگرە و هەمیش هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات بە جدی لەگەڵ ناوەندە سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئایینییەکانی ئێرانیشدا بدوێن و پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و دەستپێکێکی نوێ و بنیاتنەر ئاراستەی هەموو لایەک بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەری خەندان / ڕێکەوتی : ٢ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو قورسایی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان



رەفعەت موورادی

بێگومان بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد خەونێکی دەیان ساڵەی تێکۆشەرانو غەمخۆرانی پرسی نەتەوەیی گەلی کوردەو چ پێشترو چ لە ئێستادا زۆر کەسو لایەن هەوڵیان بۆداوەو هەموو کوردێکیش بەچاوی ئۆمێدەوە سەیری دەکات، هەڵبەتە بەمەرجێک ئامانجەکانی هەمان ئەو ئامانجە نەتەوەییانە بێت کە گەلەکەمان لە پێناویدا قوربانی بۆ داوە؟ نەک بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتیو خۆ فەرزکردنو خۆ بەرزکردنەوە، سەنگی مەحەکیش بۆ هەڵسەنگاندنو نرخاندنی ئاستی چۆنایەتی ئەو کۆنگرەیە، دوورکەوتنەوەیە لە دەمارگرژییە حزبی، ناوچەییو جەمسەرییەکانی پێکهاتە بەشداربووەکانی ناو کۆنگرە، لەم کورتە باسەدا نامهەوێ نە خۆم و نە خوێنەر بە ڕەشبینییەوە بەپیری دوارۆژو دەسکەوتەکانی کۆنگرە بەرم، بەڵام کورد وتەنی مانگ...؟

لەچۆنیەتی دابەشکردنی کورسی لێژنەکانی ئامادەکارییەوە بیگرە تا چۆنیەتی بانگهێشتو ...هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی لە بەڕێوەبردنی ئەم کۆنگرەیە هەست بەهەندێ گومانو هەندێ بێبەرنامەیی دەکرێت، ئەگینا کۆنگرە پێشوەخت دەبێ دەستەی ئامادەکارییەکەی بەرەزامەندی هەموو لایەنەکان دابناباو بۆ دیاریکردنی نوێنەرو کورسی نوێنەرایەتیی حزبو لایەنەکان پشت بەهەندێ داتاو زانیاریی ببەسترابا کە ڕێگای لە سەرهەڵدانی هەر جۆرە ناکۆکییەکو هەست بەبچووکبوونەوەیەک بگرتایە، خۆشبەختانە گەورەیی و بایەخی کۆنگرەکە فاکتەرێکی گرنگە لەبەردەم تەشەنە نەکردنی ئەو ناکۆکیو خەمساردییە خوازراو یان نەخوازراوانەوە، ئەگینا چارەنووسی ئەم کۆنگرەیەش باشتر لە کۆنگرەو پلاتفۆرمەکانی پێشوتر نابێت، بەڵام خاڵی گرنگ لەم وتارەدا کە بەداخەوە لە کۆنگرەی نەتەوەییدا ڕەنگبێت گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرێتو زۆر پێویستیشە لەسەری هەڵوێستە بکەین، گرنگیو بایەخی بەشێکی ستراتیژو چارەنووسازی کوردستان بەناوی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان کە هەم لە ڕووی جوگرافیای سیاسیو هەم لەڕووی ئابووریو مێژووییەوە کلیلی شوناسی نەتەوەیی کوردەو لە ئێستاشدا وەک قووڵاییەکی ستراتژیک ناکرێو ناشێ چاوی لێبنووقێنینو وەک خۆی سەیر نەکرێت، ناوچەیەک کە چەند پارێزگایەکی گرنگ وەک کرماشانو ئیلامو بەشێک لە لوڕستانو ئیلام لەخۆ دەگرێتو بەژێدەرو میراتی ئاینیو زمانیو کەلتووری گەلی کورد بەئەژمار دێت، بۆیە نابێ بەهەمان ئەو هەڵانەی جارانو هەڵەی ستراتژیکی حزبەکانمان دووچار ببینەوەو چاویلکە سیاسییەکانمان بە تەنها بەردەم خۆمان ببینو بکەوینە ناو ئەو هەڵە مێژووییەوە کەبەداخەوە ئەسیمیلاسیۆنی زمانیو کەلتووریو تەنانەت ناسنامەیی لێکەوتۆتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ئەم پرسە ڕوون بکەمەوە دەپرسم: لەلێژنەکاندا چ کەسانێک نوێنەرایەتیی ئەو پانتاییە جوگرافیاییە دەکەن؟ لە بەشە کورسی لانیکەم حزبە کوردییە ڕۆژهەڵاتییەکان پشکی ئەو هەرێمە کاریگەرە چەندە؟ تا چەندە کار کراوە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی لەو ناوچانەداو چ وزەو توانایەکی میدیاییمان بۆ گەیاندنی پەیامی کۆنگرەو ئامانجەکانی خستۆتە گەڕ؟ کاناڵە ئاسمانییە کوردییەکان چەند خولەک لە بۆشایی بەرنامەکانیان کە بە گۆرانیو کلیپی کوالیتی نزمەوە پێشکەشی بینەرانی دەکەن بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە تەرخان کردووە؟ سەرەڕای ئەم پرسیارانەو دەیان پرسیاریتر دەپرسم: لەم هەلومەرجەدا کە نە دەرگای ئازادیو نەدەرگای حزبایەتی بەڕووی ئەو ناوچانەدا نەکراوەتەوە، کێ نوێنەرایەتی ئەو جوگرافیا پانو بەرینە دەکاتو دەبێ ژمارەی نوێنەرەکانی چەند بێت؟ هێشتا لە سەرەتای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەییداین، هیوادارم دەنگی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان بگاتە گوێ هەڵسوڕاوانو ئامادەکارانی ئەو کۆنگرەیەو لە قورساییو گرنگی ئەو بەشە لەکوردستان تێبگەن، هاوکات لە ئەنجوومەنو کەسایەتیو نووسەرو ڕۆشنبیرەکانی باشووری خۆرهەڵات دەخوازم کە وەک مافی بەرامبەرو وەک ئەرکی نەتەوەیی هەوڵبدەن دەنگو ڕەنگی راستەقینەی خۆیان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بەرجەستە بکەن.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێک بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ گووتار و رەوتی جیهانی



کامیل نوورانی فەرد

چەند رۆژ لەمەوبەر هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە رێگەی نامەیەکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بانگهێشت کران تا لەدەوری یەک، قسەو دیالوگ بکەن لەسەر چۆنیەتیی بەرێوە چوونو بەستنی ئەو کۆنگرەیە کە هیواو خولیای چەندین ساڵەی گەلەکەمان بوو. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیش وەک هێزێکی خاوەن پێگەی جەماوەریو بە پێشوونە لە کوردستان لە ریزی حیزبە بانگ کراوەکانی رۆژی دووشەممە ٢٠١٣/٧/٢٢ بوو. هەواڵی بەرێوەچوونی ئەو کۆبوونەوەیەو رێکەوتن لەسەر بەرێوە چوونی کۆنگرەکە، زۆر بە خێرایی مانشێتی یەکەمی راگەیاندنەکانی بۆ خۆی تەرخان کردو لە لایەکی دیکەوە هیوایێکی زۆری خستە ناو دڵی هەر تاکێکی کورد. ئاشکرایە ماوەیەکی دوورو درێژ بوو قسەو باس لەسەر هەنگاوێکی لەم چەشنە دەکراو هەر بۆیە رەنگە درێژە خایاندنی ئەو باسە هەنووکە حاستی چاوەروانییەکانی لەسەر کۆنگرەو دەرئەنجامەکانی یەکجار بەرز کردبێتەوەو ئەوەش لەلێدوانو قسەی ناو خەڵکو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا خۆی دەردەخات. ئەوەی کە چەندە مەنتقیە ئێمە چاوەروانیەکی زۆرمان هەبێ لەو کۆنگرەیەو ئەنجامەکانی، بە باوەری من نابێو نالوێ روانگەکان بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بەرانبەر بێ لەگەڵ کۆتایی کێشەو هەموو ئەو ناخۆشیو تاڵیانەی لەمێژوو دا! بینیومانە. هەڵبەت ئەوەش بەو مانایە نایە کە پێشوەخت بێهیوایی سەبارەت بەو کۆنگرەیە سێبەر بخاتە سەر کۆمەڵگاو رووناکبیرانو بەکەم تەماشا بکرێ. بە باوەری من خودی بریاری بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەنگاوێکی گەورەیە لە چوارچێوەی پێشخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردو کێشەی کورد بەگشتی. مەنتق پێمان دەڵێ ئەو کۆنگرەیە دەبێ وەک تاقیگەو هەنگاوێکی سەرەتایی لێی برواندرێو بێگومان بچووکترین دەستکەوتەکانیشی سەرەتایەک دەبن بۆ دەستخستنی دەسکەوتی گەورەترو بەرنرختر. هەرچەند تا کۆتایی کاری کۆنگرەو دەرکردنی بەیاننامەی کۆتایی ناکرێ باس لەئەنجامو دەسکەوتو بریارەکانی ناو کۆنگرە بکرێ، بەڵام بەشێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەستنی کۆنگرەیەکی لەم چەشنە لەم قۆناغەی ئێستا لە پەیامەکەی بەرێز مەسعود بارزانی لە یەکەم دانیشتنی ٣٩ پارتو سازمانە کوردستانییەکە رەنگی دایەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەریمی کوردستان لە پەیامێکدا ووتی: ئامانجی سەرەکیی ئێمە لەو کۆنگرەیە بریتییە لەوەی هەموو لایەنە سیاسییە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ببنە خاوەنی وتارو ستراتیژییەکی هاوبەش کە لەسەر بنەمای گەیاندنی پەیامی ئاشتیو پێکەوەژیان بۆ گەلانی ناوچەکەیە. ئێمە لەو کۆنگرەیەدا دەمانەوێ بە گەلانی عەرەب، تورک و فارس بڵێین، کە کورد چاوی لە پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەو یەکسانە لەگەڵ ئێوەدا. ئەو پەیامە روونە لە ئەنجامی خوێندنەوەێکی واقعبینانەو قووڵو ئاگادارانە لە هەلومەرجی ناوخۆیی، ناوچەییو جیهانیەوە دێ. پەیامێک کە هاوتەریبی گوتاری جیهانیو سەردەمیانەیەو دەیهەوێ بڵێ لە هەمانکاتدا کورد ئینتماو بایەخی هاوبەشی هەیەو یەکگرتوویە، پەیامی ئاشتیو پێکەوژیان دەنێری بۆ جیهانو هەوڵی ئاشتەواییو پێکەوژیانی بەرانبەر لەگەڵ باقی مرۆڤەکان دەدا. ئاشتیو پێکەوە ژیان ئەو گوتارە بەهێزیە کە رەهەندێکی نێونەتەوەیی هەیەو یەکێک لە بایەخو مۆراڵە پڕ گرینگەکانی جیهانی ئەم سەردەمەیە.

حاشا هەڵنەگرە کە رەوتی پێشکەوتنە جیهانییەکان هاوشانە لەگەڵ بەرز بوونەوەی بەرپرسیارەتی تاکەکان لەبەرانبەر یەکدی کە زەرورە لەو پێناوەشدا عەداڵەتو بەرانبەری بناغە و پایەکانی بێ . ئەگەر ئەنجامی کۆتایی کاری کۆنگرەش هەمان ئامانجی پەیامی سەرۆکی هەریمی لێبکەوێتەوە، پەیامێکی زۆر بەهێزو بەجێ دەبێ بۆ سەرجەم گەلانی ناوچەو جیهانو کورد لە حاست پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەشێوەیێکی بەرچاو بەرەو پێش دەبات. هەرچەند زەرووره جیاکارییەک بکرێ لەنێوان گەلانو حکوومەتە دیکتاتۆرەکانو ئەو گوتارە مەزنە مرۆییە نەبەسترێتەوە بە چەمکی هێزو دەسەڵاتو بەو پێیەش!

هێلی سیاسی بۆ دارێژرێ. بێگومان دەوڵەتانێک هەن کە بەدرێژایی مێژووی خۆیان لەسەر تەختی دەسەڵات ئەوەیان دووبارەو سێبارە سەلماندۆتەوە کە ئەگەری گۆرانیان تێدا مەحاڵەو بێگومان تەنیا بە چارەنووسێکی هاوچەشنی موعەممەر قەزافیو حوسنی موبارەکو سەدام حوسێن کورسیو تەختی دەسەڵات بۆ جەماوەرو کۆمەڵانی خەڵک بەجێ بێڵنو کۆتایی بە سەرەرۆییو دیکتاتۆریەتەکەیان بێ. ئەوەش مایەی داخە کە لە هێندێک سەردەم و قۆناغ پێویستە ئاشتەواییو پێکەوژیان بکرێتە قوربانی واقعو راستییەکانو هەنگاو بەرەوپێشەوە بۆ رزگاریی. بەگشتی تیلۆرانسو پلۆرالیسمو پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو رێزگرتنی بەرانبەر ئەو چەمکو دیاردانەن کە کورد نابێ لێیان غافڵ بێ لە هەمانکاتدا کە ئەو پەیرەوی کردنە نەبێتە مایە بێ هەڵویستیو مڵدان بە ستەمو نارەوایی. لە کۆتایشدا پێویستە بوترێ کە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ روحی پێکەوە ژیانو یەکتر قەبووڵ کردنو یەکگرتوویی ناوخۆیی بێ. هەر چەند بەداخەوە هێندێک کێشەو ناکۆکی لەسەرەتای کارەکان بیندرا کە پاڵنەرو خوڵقینەری هەمان عەقلی یەکتر قەبووڵ نەکردنو مەزنخوازیی ناتەندورستی ناوخۆیی بوو، بەڵام هیوادارم ئەو جۆرە رووداوانە لەداهاتوو دا کەمتر ببیندرێو یان خود کۆتایی پێبێو هەموو هێزو لایەنە سیاسیو مەدەنییە نیشتمانپەروەرو وشۆرشگێرو هەروەهاو کەسایەتییە شۆرشگێرەکانی کورد لە دەوری یەک، بناغەی یەکگرتووی تەباییو ئاشتی ناوخۆیی دارێژن.

سەرچاوە : ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## سەید فەرهاد حەیدەری: کورسییەکانی رۆژهەڵات لە نێوان دوو لایەن دابەشکرا



"برِوا ناکەم ئێمە وەک کۆمەڵگەی یارسان بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دا بکەین."

ئامادەکردنی: جەمال نەجاری

پاش ئەوەی رۆژی دووشەممە ٢٢ی ٧ی ٢٠١٣دا لە نووسینگەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی ٣٩ لایەنی سیاسیی هەر چوار پارچەی کوردستان لەسەر داوا و بە سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بۆ باسکردنی هەنگاوەکانی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و دانانی لیژنەی ئامادەکاری ئەنجامدرا بە شێک لە لایەنە کوردییەکان نارەزاییان دەربرِی کە بۆچی خراونەتە پەراوێز و ئاورِیان لێ نەردراوەتەوە، یەکێک لەو لایەنانە رێکخراوی "یاریکورد"ە کە رێکخراوێکی سیاسیی یارسانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

یاریکورد لە راگەیاندراوێکدا بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە هەنگاوێکی گەورە دەزانێت بۆ لێک نزیکبوونەوەی لایەنە کوردییەکان بەڵام لەهەمان کاتیشدا رەخنە لەوە دەگرێت کە لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان و کۆمەڵگەی یارسان هیچ کەسایەتییەک و لایەنێک بانگهێشت نەکراون.

سەید فەرهاد حەیدەری کەسایەتیی دیاری ئایینی یارسان و بەرپرسی رێکخراوی یاریکورد کە نیشتەجێی پاریسە، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رادەگەیەنێت: ئێمەش وەک هاوڵاتانیانی دیکەی کوردستان دەمێکە چاوەروانی بەرێوەچوونی وەها کۆنگرەیەکین، چونکە کوردستان ولاتێکی مەزنە و نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکی گەورەیە و دەبوایە هەموو لایەنەکان لە کۆبوونەی سەرەتاییدا ئامادە بوایە بۆ ئەوەی بیرورای خۆیان دەرببرِن و ئەزموون و تواناییەکانی خۆیان بخەنە روو، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دەبیندرێ ئەوەیە کە نوێنەری هەموو لایەنەکان لەو کۆنگرەیەدا ئامادە نابن و نوێنەرانی کامەیەتییە ئایینییەکانی کوردستان و رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان لەبیر کراون.

سەید فەرهاد حەیدەری رایگەیاند: شەش ساڵ لەمەو بەر لە نزیکەوە چاوم بە یەکێک لە رێبەرانی گەلی کورد کەوت، کاتێ من باسی کۆمەڵگەی یارسانم کرد ئەو رێبەرە وتی: تا ئێستا من نەمزانیوە شتێک بە ناوی کۆمەڵگەی یارسان لە کوردستان بوونی هەبێت! ئێستا هەر ئەمانە دین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بەرێوە دەبەن کە بە تەواوی کوردستان ناناسن و ئاگاییان لەسەر هەموو پێکهاتەکانەوە نییە، ئەگەر سەیر بکەین ٢٠ لایەن و رکخراوی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە هەر کام لەمانە نوێنەرایەتی چین و توێژێکی تایبەت دەکەن، بەڵام ٩ لایەن بانگهێشت کراون و دەبینین هیچ لایەنێک لە کۆمەڵگەی یارسان لە ئیلام و کرماشان و خورەمشار و دەوروبەری هەمەدان دەعوەت نەکراوە!


سەبارەت بە هۆکاری بانگێشت نەکردنی لایەنەکانی یارسان، سەید فەرهاد حەیدەری سەرسوورِمانی خۆی دەردەبرِێت و ئاماژە بەوە دەکات لە ماوەی رابردوودا لە ئێران سێ هاوڵاتی یارسانی بەهۆی نارەزایی دەربرِین ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردا و هەموو راگەیاندنە کوردییەکان هەواڵی یەکەمیان تایبەت بوو بە کێشەی یارسانەکان لە ئیران بەڵام کە باس لە کۆنگرەی نەتەوەیی دەکرێت فەرامۆش دەکرێن! نەتەوەی کورد هەر ئەوانە نین کە هەڵگری ئایینی ئیسلامن، لە ناو نەتەوەی کورددا چەند ئایین و بیروباوەرِی جیاواز هەیە، کولتووری جیاواز هەیە، شێوەزاری جیاواز هەیە، ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد تەنیا کوردە موسوڵمانەکان بەشدار بن ئەوە مەشروعیەت پەیدا ناکات.

ناوبراو گوتیشی: برِوا ناکەم ئێمە وەک یارسانەکان بەشداری کۆنگرەی نەتەوەیی بکەین، چونکە کێشە بەتەنیا هی من نییە و مافی زۆرینەی لایەنەکان پێشێل کراوە. ئێمە هیوای زۆرمان بەو کۆنگرەیە هەبوو، رێز و حورمەتم بۆ دیموکراتەکان و کۆمەڵەکان هەیە، بەڵام ئەو پێنج کورسیەی کە بۆ بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دیاریکرابوو، لە نێوان دوو حیزب (کۆمەڵە و دیموکرات) دابەشکرا و لایەنەکانی دیکە فەرامۆش کران.

سەید فەرهاد حەیدری لە کۆتایی لێدوانەکەیدا رایگەیاند؛ ئەگەر دەرفەتی باش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە لایەنەکان درابا بۆ نەمانی کێشەکان و بۆ ئەوەی نوێنەرانی هەموو لایەنەکان بەشدار بوایەن، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەخوازم و ئومید دەکەم کۆنگرە بۆ یەکسانی کۆمەلایەتی کار بکات و کوردستان لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەرەوە بۆ کوردستانێکی بەرهەمهێنەر ببات و لە رووی ئابوورییەوە کوردستان ببێ بە وڵاتێکی بەهێز و ئەوانەش کە بەشدار دەبن ببن بە مامۆستایانی راستەقینەی دیموکراسی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

سەرچاوە : ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / رێکەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە حزبی مەکەن...



رابەر رەشید- پردێ

دەرسیم دیبەگەیی

بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، خەونێکی لە مێژینەی دڵسۆزانی کوردو هەندێک لە کەسایەتیو لایەنە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی بووە. ساڵانێکە هەوڵێکی بەردەوام لە ئارادایە بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیە، بەو ئومێدەی دەرئەنجامی بەستنی ئەو کۆنگرە نەتەوەیی گشتگیرە ببێتە هۆی رەواندنەوەی گرژیو درڕۆنگی نێوان زۆرێک لە هێزە سیاسییە کوردییەکان لە هەر چوار بەشی کوردستان و چیدیکە حزب نەبێتە ریش سپی و زمانحاڵ لە دانان و دارِشتنی کارنامەی کۆنگرەکەو جڵەوی بەڕێوەچوونیشی لە قامکی ئەودا نەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی لە رۆژانی رابردوودا بەدیکراو لە یەکەم کۆبوونەوەی ئامادەکاریدا، لەسەر بنەمای پێکهاتەی حزبی لە هەر چوار بەشی کوردستان، نوێنەرایەتییەکان دەستنیشان کران و کەسانی پسپۆڕو کارامەو سەربەخۆ بوونیان لە لیژنە ئامادەکارییەکە نەبوو. هەرچەندە کۆبوونەوەکە –وێڕای تێبینییەکی زۆر لەسەری و- بە هەموو کێماسییەکانیشییەوە، هەنگاوێکی گرانبەهایەو بۆتە مایەی خۆشحاڵی دڵسۆزانی کورد لەسەرانسەری جیهاندا، لەبەرئەوەی یەکەمجارە لە مێژوودا کوردانی هەرچوار بەشی داگیرکراوی کوردستان، ئاوا پێکەوە کۆببنەوەو گفتوگۆو گەنگەشە لەسەر ئایندەی نەتەوایەتی خۆیان بکەن، بەڵام پێکهاتە حزبییەکەی لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەکە، گومان لەسەر ئەنجام و سەرکەوتنی بەستنی کۆنگرەی ناوبراو دروست دەکات، چونکە لە دەرەوەی ئەو حزبانەش کەسانی شارەزاو پسپۆڕی بەتوانا هەن کە توانای خستنەڕووی پێشنیاری لۆژیکی و واقعیی ئەوتۆیان هەیە کە –بە دڵنیاییەوە- لەناو زۆربەی حزبە بەشداربووەکاندا ئەوجۆرە کەسە پسپۆڕو شارەزایانە بوونیان نییە، بۆیە ئەگەر مەبەست بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەیەکی مێژوویی گشتگیری نەتەوایەتییە، ئەوا دەبێت بۆ کاتی بەستن و بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ناوبراو، کەسانی پسپۆڕو خاوەن ئەزموونی دەرەوەی چوارچێوەی حزبەکان سەرپەرشتی گفتوگۆکان بکەن و لەژێر سێبەری گوماناوی حزب دەریبهێننە دەرەوەو رێگە لە پاوانکاریی حزبایەتی و بەرژەوەندیی کەسێتی بگرن، چونکە بڕیارو راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە، ئەگەر –لێبگەڕێن- سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەوا دەبێتە کارنامەیەکی هەمەلایەنە بۆ کارکردن لە پێناو پرسە نەتەوایەتییەکان لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان.

سەرکەوتنی کۆنگرەکەو دەرچوون بە کۆمەڵێک بڕیارو راسپاردەی نەتەوایەتییانەی پەیوەست بە واقیعی هەر چوار پارچەی کوردستان و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارو راسپاردانە، سەنگی مەحەکی سەرکەوتن و تەمەندرێژیی ئایندەی ئەو کۆنگرەیە دەبێت، چونکە بە بێ ئەنجامدانی ئەرکەکانو بەدواداچوونیان رەوشەکە پێشناکەوێت و لەسەر ئاستی کورستان و ناوچەکەو جیهانیشدا کاریگەریی ئەرێنیی نابێت.

یەکێک لەو بڕیارە گرنگانەی کە پێویستەو دەبێت لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بدرێت، قەدەغەکردن و حەرامکردنی شەڕی کورد بە کوردو بە خائینکردنی ئەو هێزو لایەنانەی کە پەنای بۆ دەبەن و دەیکەن، چونکە ئەوەتا رەوشی رۆژئاوای کوردستان لە مەترسییەکی گەورەدایەو مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورەی کوردبەکوردی لێدەکرێت، حزب و هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە درڕۆنگی و ناکۆکییەکی تەمومژاویدان و لەوێش مەترسی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە لە ئایندەدا لە ئارادایەو لە باشووری کوردستانیشدا بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لەسەرووی بەرژەوەندیی نەتەوایەتیدان و هەرکاتێک بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کەوتنە مەترسییەوە، هیچ دوور نییە شەڕ کوردبەکورد رووبدات. ئەمە جگە لە مەترسیی شەڕی کوربەکوردی بەشێک لەگەڵ بەشێکی دیکەی کوردستان. بۆیە مەرجی سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەرکردنییەتی لە قۆزاخەی بەرژەوەندی و پاوانکاریی حزبی و رێگەنەدان بە دەستێوەردانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە چۆنیەتی بەڕێوەچوون و دەرئەنجامی کۆنگرەکە. بەهیوای بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی راستگۆیانەو دارِشتنی ستراتیژێکی نەتەوایەتیی واقعییانە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان نێت / رێکەوتی : ١٣ی ژووئیەی ٢٠١٣

===================================================================

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

## ڕاگەیاندنی هاوبیرانی کوردایەتی سەبارەت کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

**پارت و ڕێکخراوەکان**

ڕۆژی ٢٢ / ٧ / ٢٠١٣ لەسەر داوای بەڕێز مەسعود بارزانی و بەبەشداریی ٣٩ پارتی سیاسیی کوردی، کۆبوونەوەیەک لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، سازکرا.

ئێمەی هاوبیرانی کوردایەتی، لەو ڕوانگەیەوە کە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، یەکێکە لە خواست و ویستەکانمان و لە ساڵی ١٩٧٩دا ئەو بیرۆکەیەمان خستە پێش چاوی هەندێ لایەن و ساڵی ١٩٨٥ بۆ هەمان مەبەست دەزگای کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان دامەزرا، بەچاوێکی پڕبایەخەوە ئەڕوانینە بەستنی کۆنگرەیەکی نە تەوەیی بۆ بەدەسهێنانی ئامانجەکانی کە بە پلەی یەکەم بریتییە لە یەکڕیزیی کوردو داڕشتنی نەخشەڕێگەی بەدەسهێنانی داوا نەتەوەییە ڕەواکانی لە سەرتاسەری کوردستاندا.

هەر لەڕوانگەی پەرۆشیمانەوە بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەئەرکی سەرشانی خۆمانی ئەزانین ئەم دیدوبۆچوونانەمان بخەینە بەرچاوی گەل و کارگێڕانی کۆنگرەکە:

١- بەشدارپێکردنی نوێنەرانی کوردی پارچەی پێنجەمی کوردستان لە کۆنگرەکەدا کە ڕژێمی سۆڤێتی پێشوو، پەرشوبڵاوی کردنەوە بە ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەتداو ئێستە ژمارەیان پتر لە ملیۆنێکە.

٢- بەشدارپێکردنی ژمارەیەک لەو کەسایەتییە کوردییە نەتەوەییە سەربەخۆیانەی جێدەستیان دیارە لە بیرو خەباتی کوردایەتی و بیرۆکەی کۆنگرەی نەتەوەییدا. هەروەها بەشدارپێکردنیان لە کارگێڕیی کۆنگرەکەدا، بەتایبەتی ئەوان بەچاوێکی گشتگیر و دوور لە دیدی پارتایەتی تەسکەوە ئەڕواننە کارەکەو ئەنجامی ئەدەن. کۆنگرەکەش ئەبێ هی نەتەوەی کوردبێ بە هەموو پێکهاتە حیزبی و ناحیزبییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیەوە، نەک تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی چەند حیزبێک، یا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ئەو نەیارانەبێ کە ئەیانەوێ چەک بەهێزە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەکەمان دابنێن و دەستەمۆیانبکەن و بەناوی خەباتی ئاشتیانەو دیموکراتیکەوە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد لە گۆڕنێن!! لەکاتێکدا تا ئێستا هیچ نەتەوەیەک، نەک هەر دەسبەرداری چەک نەبوە، بەڵکو بەردەوام پەرەو گەشە بەچەکەکانیان ئەدەن، بەتایبەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کە بەدرێژایی مێژوو دژ بەکورد بەکاریانهێناوەو بەکاریئەهێنن.

٣- ئەو کۆنگرەیە نابێتە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ئەگەر بەئاشکراو ڕاشکاوانە سەربەخۆیی کوردستان نەکاتە ستراتیجی خۆی. ئەوەش مافێکی ڕەوای هەر نەتەوەیەکە لەسەر گۆی زەوی و لەگەڵ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤدا گونجاوە. ئەوەشی لاریی لەو مافە هەبێ، با لەپێشدا ئەو مافە لە نەتەوەکەی خۆی بسەنێتەوە ئەوسا لەکورد.

٤- ئێمەش خوازیارین، هەتا بکرێ، داواکارییەکانی نەتەوەکەمان بەڕیگەی ئاشتی و دیموکراتیانەو دوور لە چەک و خوێنڕشتنبێ، وەک لە کۆبوونەوەکەی ٢٠١٣/٧/٢٢دا جەخت لەسەر ئەو تاکە ڕیگەیە کراوەتەوە. بەلام ئێمە ئەو ڕێگەیە بە تاکە ڕیگە نازانین لەگەڵ هەر داگیرکەرێکی کوردستاندا کە نەک هەر دان بەمافە ڕەواکانی نەتەوەکەماندا نانێ، بەڵکو هەمیشە، بە نهێنی و بە ئاشکرا، کار بۆ لەناوبردن و تواندنەوەی نەتەوەکەمان ئەکات! ئەوەتا تا ئێستەش بەردەوام لەرۆژهەلاتی کوردستان بە کۆمەڵ ملی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان ئەکرێ بەدارا لەسەر بچووکترین داواکردنی ئاشتیانەی مافە ڕەواکانیان. لە باکووریش، دوای کشانەوەی گەریلاکانیش، ڕژێمی تورک هیچ هەنگاوێکی کردەییانەی بەرەو ئاشتی و مافەکانی کورد نەناوە. لە باشووریش دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دە ساڵ بەسەر کەوتنی ڕژێمی دیکتاتۆریی بەعس و هاتنە سەر کاری ڕژێمی دیموکراتیانە (!) لە عێراقدا، نەک هەر یەک بست لە ناوچە داگیرکراوەکان نەگەڕێنراوەتەوە سەر قەوارەکەی کوردستان، بەڵکو بەردەوام خەڵکی ئەو ناوچانە بوونەتە ئامانجی کارە تیرۆرستییەکانی (برا) !عەرەبەکانمان. لە ڕۆژئاواش، تازەبەتازە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و بیلادی شام و بەرەی نوسرە، کەهێشتا جڵەوی حوکمیان نەکەوتۆتە دەست لە سوریادا، هێرشی دڕندانە ئەکەنە سەر کوردو لە مزگەوتەکانەوە بانگەشەی ئەوە ئەکەن کە کوردەکان بکوژن و ماڵەکانیان تاڵانکەن و ژنەکانیان حەلاڵکەن بۆخۆیان کەگوایە بەوە ئەچنە بەهەشت!! جا ئاخۆ خەباتی ئاشتیانەو دیموکراتیانە لەگەڵ ئەو دڕندانەدا، لە خۆبەدەستەوەدان بەولاوە، هیچ واتایەکی تێدایە!؟

٥- وەک سەرنجێک، داخستنی دەروازەی سنووریی نێوان باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان، لەگەڵ ئەم بانگەشەی کۆنگرەی نەتەوەییەدا ناگونجێ!

کەواتە ئەو بانگەشەی (خەباتی ئاشتیانەو دوور لەچەکە) کە لە کۆبوونەوەکەی سەلاحەدیندا ئەدرا بە گوێدا، وەک تاکە ڕیگەیەک، بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەمان، هیچ بنەمایەکی ڕاستی و وانەیەکی سیاسیی تیانیە. زیانی ئەو جۆرە بانگەشەیەش لەم خاڵانەدا بەدیار ئەکەوێ:

ڕ- کوشتنی گیانی شۆڕشگێڕانە لە تا ک و کۆی کوردا.

ب- درێژەدان بە باری کەسێتیی شکستخواردووی کوردو ترساندنی لە خەباتی چەکداری بەجۆرێ کە تەنانەت نەتوانی بەرگری لە ژیانی ئاساییی خۆیشی بکا.

پ- هاندانی زیاتری دەسەڵات و گرووپە چەكدارەكانی دژ بەكورد بۆ كوشتاری كورد بە رەها یی و بێ ترس لە بەرەنگاربوونەوەی چەكداری بەرامبەریان.
ت-گومانی ئەوە دروست ئەبێ، كە كاسەی ئەو جۆرە بانگەشەیە، بێ ژێركاسە نەبێ! و. . . هتد
٦- هەرچەندە ئێمە لەگەڵ سیستمی حیزبایەتیدانین بۆ نەتەوەیەكی دیل و پارچە پارچەكراوی وەک كورد، لەگەڵ هەڵاوێردكردنی هیچ قەوارەیەكی سیاسیی نەتەوەیی و نیشتمانی كوردیشدانین لەمرۆدا بۆ ئەم كۆنگرەیە.
بۆیە داواكارین بۆ ئەو كۆنگرەیە، ئەو جۆرە دیاردەو بانگەشانە بەدیار نەخرێن. بەتایبەتی ئەو كۆنگرەیە كارێگی خۆبەخۆی كوردەو لەبەردەم هیچ دادگاو لێپرسینەوەیەكدا نەوەستاوە تا پاكانە لەخۆی بكات، . ئنجا وەک كوردەكە ئەڵێ: (كە خاس نایێژی خراپ بۆ!؟) با لەو كۆنگرەیەدا ئەگەر ئاماژە بۆ خەباتی چەكدارانە نەكرێ لەبەر بارودۆخەكە، بانگەشە بۆ خەباتی خۆبەدەستەوەدانیش نەكرێ.
لەكۆتاییدا بەهیوایین ئەم كۆنگرەیە ببێتە ناوەندێكی هەمیشەیی بۆ یەكخستنی ناوماڵی كوردو بریاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەكانی نەتەوەكەمان و گەیاندنی پەیامی یەكدەنگیی نەتەوەكەمان بە ناوەندە جیهانیە بریاربەدەستەكان بەمەبەستی پشتگیریيان بۆ دۆزی رەوای كورد لە سەرتاسەری كوردستاندا.

هاوبیرانی كوردایەتی

سەرچاوە : ماڵپەری كوردستان نێت / رێكەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## لە كۆنگرەی كوردەوە بەرەو كوردستانی گەورە



ئۆراڵ چاڵشلار - رۆژنامەی ڕادیكاڵ

لە توركییەوە: حەسەن قازی

١٦ساڵ لەمەوبەر لە شاری مێلبۆرنی ئاوسترالیا لە كاتێكدا لە بەرنامەیەكی تێلێڤیزیۆنی دا بەشدار بووم نەمزانی چ وەڵامێک بدەمەوە بە پرسیارێكی ئاوا: "داخودا هیچ گەلێكی دی هەیە كە وەک كوردەكان نفووسی زیاتر لە ٢٠ میلیۆن بێ، و لە سەر خاكێكی موشتەرەک بژی و دەوڵەتی خۆی نەبێ؟" ئەو پرسیارە بە ساڵانە هەر لە زەینم دایە.
ئەو كۆنفرانسی كوردەی كە لەم مانگە دا كۆ دەبێتەوە، لە مێژووی كوردەكان دا ئاماژەیە بە هەڵكەوتێكی نوێ. [1] .نوێنەرانی ڕێبازە جۆر بە جۆرەكانی ئەو گەلە كە لە دوای شەڕی یەكەمی جیهانی دا بە چوار پارچە دابەش كراون، رەنگە یەكەم جار بێ كە لە كۆبوونەوەیەكی ئاوا بەرین دا لە دەوری یەک كۆ دەبنەوە.
ئەگەر بەووردی لە مێژووی ڕابردوو بڕوانین ، دەبینین ، گرووپە سیاسییە كوردەكان، سەربازانی چەكداری كورد دە گژ یەک ڕۆهاتوون و ئاسۆی پێكهێنانی "یەكێتییەكی پتەو" لە ناویان لە ڕابردوو دا لاواز دەبیندرێ. جگە لە نموونەی "كۆماری كوردی مەهاباد"، "ڕاپەڕینەكانی مەلا موستەفای بارزانی" نەبێ دەتوانم بڵێم كە كوردەكان بۆ یەكەم جار لە سەر زەمینەیەكی ئاوا مەشرووع، وەک ئاكتۆری جوگرافیایەكی سیاسی نوێ لەو كۆنفرانسە دا بەشداری دەكەن.
ئاشكرایە ئەو وەزعە بە ڕۆژێک پەیدا نەبووە... نابێ واش دابندرێ كە ئەو كۆنفرانسە لە ئێستاوە تاسبەینێ پێی دەكرێ شتێک ساز بكا... هەرچییەكی بێ بڵا ببێ، ئاوا بە ئاشكرا و كراوەیی هێنانە گۆری ناسێنەی هاوبەشی كورد، "ئاستێكی ڕاستەقینەی نوێ " دەهێنێتە بەرچاوان. هەڵبەت ئەوەی كە "بە دوای بەهاری عەرەبی" دا لە هەلومەرجێكی ئاوا دا بەسترانی كۆنفرانسی كورد مانای چ دەبێ چەند نیشانەی پرسیار بە دووی خۆیدا دەهێنێ"؟ و دەكرێ لێک بدرێتەوە.
توركییە و وڵاتەكانی دیكەی ناوچە، لە ماوەی سەدەی ڕابردوو دا لە گەڵ زۆر سەرهەڵدانی گەورەی كورد ڕووبەڕوو هاتن. " كوردەكان لە بەر حاشا كران لە هەبوونیان" و بارودۆخی ئەو ستاتوكۆیەی بە دویدا دا هات سەرەتییان پێدا و هێچ حەولێكی هاوبەش وەدی نەهات. دوایین ڕاپەڕینی هەرە گەورە لە توركییە هاتە گۆڕێ. ئێستا هەر چۆنێک بێ لە نوختەیەكی ئاوا داین كە دەكرێ بڵێین بەرەو كۆتایی ئەو دەچین. ئەوە، وەكوو دوایی و لە هەمان كات دا دەبێ وەک سەرەتایەكی نوێ بخوێندرێتەوە.
ئێسیا ئیدی هەموو دنیا كوردەكان وەكوو یەكێک لە دینامیكە سەرەكییەكانی ناوچە چاو لێ دەكا...
بوونی پەیەدە بە " هێزێكی كاریگەر" لە كوردستانی سوورییە، یانی سەرهەڵێنانی بزووتنەوەیەكی سیاسی نیزیک لە پ.ک.ک لەسەر سنوورەكانمان، تابلۆكە هێندێک تێكەڵ دەكا. توركییە لە كاتێكدا لەگەڵ پ.ک.ک. خۆی بۆ سەروبەندێكی نوێ ئامادە دەكا لە گەڵ پەیەدە كە بە "پ.ک.ک. ی سوورییە" بەناو دەكرێ چ جۆرە پێوەندییەک دادەمەزرێنێ؟

ئەگەر بە قسەی ئۆپۆزیسیۆن بێ دەستبەجێ دوورکەوتنەوە لە " ڕێبازّ"ی ئینکار و ئیمحای پێشوو پێویست ناکا. دەزانین کە ئاکەپەش لە سەرەتاوە ڕاڕاییەکی پێوە دیار بوو. دواجار بەرەو ڕێگای عەقل ئاڕاستە گۆڕا..

تورکییە، لە ڕێبازی چوون بەرەو ئەوەی کە ئاسۆی " پێواژۆی ئاشتی و چارەسەری بتوانێ دابمەزرێ" دەنێو ئامادە کاری دایە بۆ سازدانی ستراتێژییەکی نوێ بە وەحیساب هێنانی کوردەکانی دیکەی ناوچە. لە ماوەی ڕابردوو دا لەگەڵ سالح موسلێم سەرۆکی پەیەدە دیدار و چاوپێکەوتنی ڕەسمی و ئاشکرا کرا. سەرۆکوەزیری کوردستانی عێراق نێچیروان بارزانی لە ئاستی بەرز دا پێشوازی لێکرا و گفتوگۆی لە گەڵ کرا.

لەو نوختەیە را بە دواوە پەیدا بوونی ئەم پرسیارە لە سەران دا تەبیعی یە" داخودا کوردەکان خۆ ئامادە دەکەن بۆ "کوردستانی گەورە"؟ "

کاتێک ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە دۆڵی بیقاع لە ڕێپۆرتاژێک دا لە ئۆجالانم پرسی بۆ چی جیا نابنەوە، "جا بۆ لە تورکییە جوێ ببینەوە،لە شاری وەک ئەستەنبووڵ، ئیزمیر، ئانتالیا زۆر کورد دەژین... ئێمە دەمانەوێ لە دەوڵەمەندیی تورکییە دا لەگەڵ تورکەکان ببینە شەریک".

ئەمن لە گۆڕانی تەرجیحی قورسی کوردەکانی تورکییە تێ دەگەم. بەڵام دەبێ زۆر شت بگۆڕدرێ: ئەوەی کە کوردەکان لە وولاتانەی کە تێیاندا دەژین بتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، ئەوان دەیانەوێ زمانەکانیان، کولتوورەکانیان پەرە پێ بدەن. نایانەوێ چبڕ ئیدی شەڕی برا کوردەکانیان لەووڵاتەکانی دیکە بکەن و نێوانیان ناخۆش بێ.

یەکێتیی ئەو گەلانەی کە لە ڕابردوو دا بۆ ماوەی درێژ بەیەکیان داداوە دەتوانێ ببێ بە ڕاستەقینەیەکی واقعی و مانا..." کاردانەوەکانی نەتەوە پەرستانەی ئۆپۆزیسیۆن چ تەئسیری نابێ، ئەگەر لە "ئێنێرژی نوێی کورد" تێبگەیشترێ دەکرێ "بەیەکەوە بوونێکی نوێ"ی زۆر بەهێز و توانا ساز بکرێ.

"یەکێتییەکی گەورە"ی تورکەکان و کوردەکان دەتوانێ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرنجڕاکێش بێ و ببێ بە "ئاشتی، نیزیک بوونەوە و مۆدێلێکی بەیەکەوە ژیانی" جیاواز لەوەی تا ئێستا بووە.

سەرچاوە : ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ نوێ / ڕێکەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی، چەند پێشنیازێک



سامان سالح

ڕەنگە ئەم نەوەیەی کورد گەواهیدەری خۆشترین ڕووداوی نەتەوەکەیان بن لەمێژووی کۆن ونوێدا، ئەویش بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە لەباشوری کوردستان کە تێیدا کوردی سەرجەم بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان و ناوچەکانی تر بەشداردەبن.

بۆ کورد ئەم کۆنگرەیە زۆر گرنگە، ئەمە نیشانەی ئەوەنیە دوورە لەدەست و چاوی بێگانەو داگیرکەران و نوزە نوزی ناوخۆش هەندێک دەبیسترێن.

بەلام سەرباری هەموو ئەمانە دەبێت ئەم کۆنگرە بەجۆرێک ئامادەکاری فکری و واقیعی ڕەنگدانەوەی لای خەڵک بۆ بکرێت کە لەکۆتاییدا حساب بۆ هەموو ئەنجامەکانی بکرێت و بتوانێت وەلاَمی کۆی پرسیارەکان بداتەوە، ئەویش ئەوەیە کە من وەک هەوڵێکی لەخۆبوردوانە، ئەگەر وەربگیرێت، لەم نووسینە پێشنیازی چەند شتێک دەکەم:

یەکەم: پێویستە پێش بەستنی کۆنگرەکە لیژنەی ئامادەکاریی، لەپەیامی بەستنی کۆنگرەکەدا ئەوە بکاتە بناغەی بیری کۆی خەڵکی کوردستان، کە کۆنگرەی نەتەوەیی یەکێکە لەهەنگاوەکانی خەباتی سەردەمی دیموکراسی و ئاشتییانەو یەکەم هەنگاو و دوا هەنگاویش نییەو هۆکارەکانی خەباتی رزگاری نەتەوەی و نیشتمانی نەبەستراوەتەوە بەم کۆنگرەوە بەتەنیا.

دووەم: دەبێت کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان هەوڵبدات میساقی کۆنگرە بنووسێت، واتە ئەم کۆنگرەیە کە لەم دۆخەدا دەبەسترێت، پێویستە بنەمایەکی کار، بکاتە میساق(چارتەر)ی ئەخلاقی و سیاسیی و ئاییندەیی کۆنگرەکە، کە لەئاییندەدا بۆ هەموو کوردێک لەدنیادا وەک میساقی کورد تەماشابکرێت، ئەوەی پێشنیازی دەکەم، ئەوەیە کەئەو میساقە ناوی بنرێت (میساقی گەورەی نەتەوەیی کورد)و ئەم میساقە ئەم شتانەی تێدابێت و دان بەم راستیانەدا بنێت:

١- نەتەوەی کورد- گەلی کوردستان، بە تاک و هێزە سیاسیی و کۆمەلاَیەتییەکان و گروپ و لایەنەکان و ڕێکخراوەکان، واجبی دەکەن لەسەر خۆیان بەهیچ جۆرێک و لەپێناو هیچ شتێک و بەهەر نرخێک، لەهیچ کاتێک، هەرگیز شەڕی برا کوژی ناکەن، واتە شەڕی کورد- لەگەڵ کورد، نە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و نەلەبەر بەرژەوەندی هیچ لایەنێک و ئەم بەڵێنە کە واجبە لەسەر هەر کوردێک، لەپێناو بەهێزی خاک و نەتەوەی کورددایەو لەکاتی بوونی هەرکێشەیەکیش لەنێوان کوردان، ڕێگای یەکەم و کۆتایی گفتوگۆیە، نەک شەڕو براکوژی.

٢- خاکی کوردستان یەک پارچەیەو بەهۆی بارودۆخی نێودەوڵەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و بەرژەوەندی ولاَتە زلهێزەکان لەنێوان 4 وڵاتدا دابەشکراوە.

٣- پێویستە کۆنگرە لەمیساقەکەیدا بەپشت بەستن بە بەڵگەی زانستی و رای جوگرافیازان و مامۆستایانی زانکۆ و راستییە مێژوویەکان رووبەری خاکی کوردستان دیاری بکات.

٤- پێویستە لەکۆنگرەی نەتەوەیی کورد، ئالای کوردستان یەکبخرێت و بکرێتە یەک ئالای رەسمی کوردو سروودی نەتەوەیی کوردیش بەهەمانشێوە، یەکبخرێت. لەبارەی زمانیشەوە رایەکی ناوەندی بۆ زمان و شێوە زارەکان بەرەچاوکردنی ناوچە جیاوازەکان دابنرێت، بەسوود وەرگرتن لەئەزمونی گەلان و مێژوو.

مەبەستی سەرەکیی لەم کۆنگرەیە ئەوەیە کە کورد وەک نەتەوەیەکی زیندوو خاوەن دۆسیەو ماف، لەم سەردەمەدا نمایشی خۆی دەکات و کۆنگرەش وەک رێگایەکی شارستانی بۆ خەبات بۆ رای گشتی جیهانی و ناوچەکە دەخرێتەروو، دیارە بونی کۆنگرەش بەم قەبارەو ئاستە ئیعلامیە گرنگەی، بەشێکی پەیوەندی بەو دەستکەوتە گەورەی کوردەوە هەیە کە لەباشوور دروستکراوە، کە ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی هەرێمی کوردستانە بەشێوەیەکی گشتی، سەرباری تێبینییەکان، بۆیە زۆر گرنگە وەک هەنگاوێکی قانونی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەو خالاَنەی کە لەسەرەوە من پێشنیازم کردووە بکاتە قانون و (تەقنین)ی بکات.

بەمەش یەکەمین میساقی نەتەوەیی کورد بەقانون ، دەچێتە مێژووی دوورو نزیکەوەو دەبێتە سەرمایەیەکی مادی و مەعنەوی بۆ هەمو نەتەوەی کورد، لەوانەیە بەشێک لەخاڵەکان کەسانێک وەک خەیاڵی دور تەماشای بکەن، بەلاَم ببینە چەند گرنگە کاتێک کەسێک یان لایەنێک لەسەر کوشتنی (کورد) جگە لەوەی کە بەقانونی جینائی حوکم بدرێت لە پاڵیدا بەپێی میساقی گەوەری نەتەوەی کورد-یش حوکم بدرێت، لەوانەیە قانون ناسەکان تێبینی بدەن لەوەی کەسێک بەدووقانون لەبری یەک تاوان حوکم ناردێت بەڵامم رادەی سزاو رێکخستنی ئەمە بەقانون کارێکی ئاسانە. ئەگەر نەتەوەیەک ئەمە بکاتە بناغەی قانون بۆ پێکەوە ژیان و تۆکمەبوون، ئەوکات هێڵی سووریش بۆ هەموو لایەک دیاریکراو دەبێت و ئەوەی دەبێتە سەروەرو خاوەن رێز، تەنیا تاکەکانی ئەم کوردستانە دەبن و ئەم بنەمایە دەبێتە بەردی پتەوی دیموکراسی لەکوردستان.

لەکۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم ئەگەر بەچاوێکی کوردانەوە بڕوانینە ئەم کۆنگرەو لەم کاتە هەستیارەدا، ئەوا بۆ کورد هەنگاوێکی گەورەیەو جێی شانازییەو هیوادارم لەکۆنگرەش بڕیاری ئەوە بدرێت کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وەک کۆبوونەوەی ساڵأنەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی ولاَتانی ئەفریقاو عەرەب ساڵانە رێکبخرێت و ببێتە نیشانەی یەکخستنی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان، بەو هیوایەی رۆژێک کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بڕیاری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بدات... کە دڵنیام لەم کۆنگرە ناتوانرێت ئەوەبکرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری خەندان / رێکەوتی : ٤ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی گەورەترە لە جیاوازییەکان



عومەر عەبدوڵڵا گوڵپی

بوونی هێزی سیاسی واتە بوونی بیروڕای جیاواز، مێژووی جیاوازو شێوازی جیاوازی کارکردنو تێکۆشانو ململانێکردنو کۆکردنەوەی جەماوەر، لە خودی خۆیدا ئەم جیاوازییو فرە رەنگییە ئاوێنەو کۆڵەکەی حاڵەتێکە لە گیانی سەردەمەوە نزیکە بۆ وڵاتێک کیانی هەبێتو خاوەنی ئاڵاو کورسی خۆی بێت لەنێو نەتەوەکاندا، بەڵام ئەم حاڵەتە لای ئێمەی کوردی بێ کیان لە ئاستی کوردستانی گەورەدا تۆخترو گەورەترە، زیانو سەرئێشەشی بۆ کێشە رەواکەمان زیاتر بووە، چ خودی جیاوازییەکە هۆکاری پەرتەوازەیی بووە چ پەرتەوازەییمان هۆکاری جیاوازی زیاترو دوورکەوتنەوەی زیاترو ململانێی نا دروستی زیاتر بووە.

لە ڕابردوودا بە پێچەوانەی پەرتەوازەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دوژمنەکانمان لە تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا، کۆکو تەبا بوون، بەلای کەمەوە ناو بەناو کۆبوونەوەی چوارقۆڵیان تەنها لەسەر بنەمای یەک ئامانجی هاوبەش گرێدەدات، بە درێژایی مێژوو ناحەزەکانمان کۆکبوونو ئێمە پەرتەوازە، ئەوان یەکدەست بوون بۆ دژایەتیو لەباربردنی هەوڵەکانو بچووکردنەوەی تواناکانمان، ئێمەش بەشێک بووین لە قبوڵکردنی ئەجێنداو بەرنامە دوژمنکارییەکانیان، شەڕو ئاژاوەو ململانێی نادروستی نێو پارچەیەک خۆیو پاشان دژی پارچەکانی تریش، ئەوەی هەمیشە وەک زامێک وایەو بە ئاسانی سارێژ نابێت، ئەوەی بە لاکردنەوەمان لە مێژوو زۆر بە باشی هێشتا تارماییەکانی دەبینین.

بەڵام ئەمڕۆ بەروارێکی ترە، مێژوو خەریکە لێرەدا بووەستێت، چونکە هێزە کوردییەکان وا خەریکی کۆبوونەوەو کۆکرنەوەی وزەو تواناکانن لە کاتێکدا نەیارانی کورد سەرقاڵی ناکۆکیو پەرتەوازەییو کێشەکانی ناوخۆی خۆیانن.

هەل لەمە گەورەتر نابێت، لەمە بە نرختر نابێت، کاتێکی گونجاوە، لەسەر زەوی خۆمانو بە ئیرادەی خۆمان، هێزە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکە لە ئامادەکاریدان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، خودی کۆبوونەوەو کۆنگرەکە ئامانجێکی گەورەیە، دەرئەنجامەکانیش هەرچەند لە ئاست ئومێدی خەڵکی کوردستانو ئەو قەیرانانەدا بن کە

ئێستە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە هێندەی تر بایەخی کۆنگرەکە گەورەترو بەنرختر دەکات.

بۆیە ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە، هێزەکان ئەم کۆدەنگیو یەکدەستییە بە هیچ شتێک نەگۆڕنەوە، نەیکەنە قوربانی هیچ ئامانجێکی بچوکی تری پەیوەست بە حزبێک یان تەنانەت شارو پارچەیەکی کوردستان، چونکە کۆنگرە تەنها بۆ ئێمەی گەلی کورد لە ئاستی ناوخۆییدا گرنگ نییە، بەڵکو لە دەرەوەش ڕای گشتی جیهان یان لانی کەم ئەوانەی پەیوەستن بە کێشەی کوردەوە چاوەڕێن بزانن بۆ یەکەمجار کۆبوونەوەی نوێنەرانی میللەتێک بە کوێ دەگات؟ داوایان چییەو چ نەخشەیەک بۆ داهاتووی خۆیان بڕیار دەدەن؟ ئایا ئەم گەلەی کە تا ئێستا وا پیشاندراوە مەترسی بێت بۆ کیانو گەلانی تر هەر بەڕاستی مەترسییە یان بەپێچەوانەوە بەشێکە لە نەخشەی ئاشتیو برایەتی گەلان؟

ئێمەش کاتی خۆیەتی بیسەلمێنین، گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخوازە، یەک دەستو یەک رایە بۆ داواکردنی مافەکانی، کەمتر لە مافی نەتەوەو خاکو کیان بەشتێکی تر ڕازی نابێت، گرنگیشە لەگەڵ ئاواتو داواکانی مرۆڤی کورددا، کۆنگرە دیاریبکات ئەو شێوازو میکانیزمەی داواکانو هەوڵو تێکۆشان بۆ بەدیهێنانیان چۆن دەبینێت لە ناو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتتدا. نەخشەی ڕێگای بۆ خەباتی داهاتوو چییەو چ چارەسەرێکی گونجاو لەگەڵ داوای گەلو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پێشنیار دەکات. لەبەر هەموو ئەمانە کۆنگرەی نەتەوەیی گەوەرەترە لە ململانێکان، گەورەترە لە جیاوازییەکان.

سەرچاوە : ماڵپەری خەندان / ڕێکەوتی : ٣ی ئاگوستی ٢٠١٣

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا



نوید کرمی

پێکهێنان و ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرسی کورد لە چوارپارچەی کوردستان، دروستکردنی یەکرێزیو هاودەنگی لە چارەسەری پرسەکانی پێوەندیدار بە کورد، کە پاش پارچەپارچە بوونی لە ژێر زەبرو زەنگو سەرکوتی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستان داوێنگیری نەتەوەکەمان بووە، هەردەم یەکێک لە مەشغەڵەکانی ڕێبەران، ڕووناکبیران و حیزبە سیاسییەکانی گەلەکەمان بووەو هەردەم بیر لە وەها کۆدەنگییەک کراوەتەوەو لەهەر سەردەمێکدا بە پێی ئیمکان لەو پێناوەدا هەوڵ دراوە.

ئەو بیرۆکەیە بۆ یەکەمجار لە هەشتاکانی زایینیدا لە لایەن بەڕێزان شەهید دوکتور قاسملوو (سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران)، مام جەلال تالەبانی (کەسایەتی یەکەمی یەکیەتی نیشتمانی و سەرکۆماری ئێستای عێراقی فیدراڵ) و کەماڵ بۆرقای (سکرتێری ئەوکاتی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیەو دامەزرێنەری ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس) لە دوو کۆبوونەوەی خۆیاندا لە عێراق و دواتریش لە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بە نیسبەت پێکهێنانی وەها کۆنگرەیەکی نەتەوەیی و چۆنییەتی پێکهێنانی، هاتۆتە بەر باس.

لەو بارەوە شەهیدی مەزن بەڕێز دۆکتور قاسملو باوەڕی ئەوە بوو کە ئەو کۆنگرەیە لە لایەن کەسایەتی، ڕووناکبیران و سیاسەتوانانی سەربەخۆی نەتەوەکەمان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و ڕێکخراوو کەسایەتییەکانی بێلایەن و مرۆڤدۆستی جیهانی دەرەوە پێکبێت و حیزبەکان تەنیا ڕێکخەرو پشتیوانی سیاسی و ماددی ئەو ڕێکخراوە بن. بۆ ئەوەی نە هێژمونی حیزبێک باندۆڕ بخاتە سەر بڕیارەکان و کاروبارەکانی کۆنگرەو نە پێوەندی و دۆستایەتی حیزبێکی کوردی لەگەڵ حکومەتێکی زاڵ بەسەر پارچەیەک لە کوردستان ببێتە ڕێگر لە باس کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و بڕیاری پێویست بۆ چارەسەری ئەو پرسە هەستیارە.

کۆنگرەی نەتەوەیی وەک زەروورەتێک بە نیسبەت پرسی گشتی کورد لە چوار پارچەی کوردستان، بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە ئامستردامی هۆڵەند بە ناوی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (knk) دەرەتانی بەستنی رەخسا تا پرسی کورد لە چوار پارچەدا بخاتە بەر باس و هەوڵی چارەسەری لایەنە ئاڵۆزەکانی ئەو پرسە بدات، قەرار وابوو ئەو گردبوونەوەیە لە پەرلەمانی دەرەوەی وڵات، ڕوشنبیران، کەسایەتی و سیاسەتوانانی سەربەخۆ و حیزبەکانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان پێکبێت، بەڵام بە یەکەم هەوڵەکان دەرکەوت کە هیژمونی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە ( P.K.K ) ڕوون و ئاشکرایەو زیاتر مەبەست سەپاندنی هێژمونی ئەو پارتەو بێدەنگ کردن و پەراوێز خستنی حیزبەکانی دیکەیە، نەک پێکهێنانی هاودەنگی و گوتارێکی یەکگرتوو بۆ بەرەوپێشچوون و چارەسەری پرسی نەتەوەیی. بۆیە زۆر لە حیزبەکان وەک دێمۆکرات و کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵات بە ئاشکرابوونی ئەو نیازەی P.K.K بەشداری ئەو کۆنگرەیەیان نەکرد.

ئێستاش پاش چەندین دانیشتن و بیروڕاگۆڕینەوەی سەرکردەکانی کورد، بۆ جارێکی دیکە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٠٧/٢٠ لە لایەن بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ناوی خۆی و بەڕێزان مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فێدراڵ و عبدالله ئۆجەلان کەسایەتی یەکەمی P.K.K (هەنووکە لە زیندانی ئێمرالیدا دەستبەسەر کراوە)، حیزبە سیاسیەکانی چوار پارچەی کوردستان کە ٣٩ حیزب دەبوون بانگهێشت کران بۆ بەشداری لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ پێتەختی هەرێمی

کوردستان.

لە کۆبوونەوەی یەکەمدا کە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٠٧/٢٢ لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان پێکهات تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرە خرانە بەر باس و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا تا لێژنەیەکی ٢١کەسی بۆ ئامادەکردنی کارەکانی کۆنگرە پێک بێت، بە پێی حەشیمەت کورسییەکانی ئەو لێژنەیە دابەشکران بەسەر حیزبەکانی چوار پارچەدا، واتە ٧ بۆ باکوور، ٥ بۆ باشوور، ٥ بۆ ڕۆژهەڵات و ٤ بۆ ڕۆژئاوا. بەو پێیە لە نێوان ٩ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کە بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشت کرابوون دەبوو پێنج وەک نوێنەر بۆ لێژنەی ئامادەکاری دیاری کرابان.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کە لە لایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە بانگهێشت کرابوون، بریتی بوون لە: حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران شاخەی کوردستانی، پارتی ئازادی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و پارتی سەربەخۆیی کوردستان.

ئەم 9 حیزبە ڕۆژهەڵاتییە بە مەبەستی دیاری کردن و دابەشکردنی کورسییەکانی لێژنەی ئامادەکاری بە دەوری یەک کۆ بوونەوەو بە شێوەی هەڵبژاردنی و دێمۆکراتیانە کەوتنە ململانەوە بۆ دابەشبوونی پێنج کۆرسییەکە، لە ئاکامدا دوو دێمۆکرات و سێ کۆمەڵە بوون بە خاوەنی پێنج کورسی لێژنەی ئامادەکاری و پارتی ئازادی کوردستان و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) کە وایان لێکدابوویەوە دێمۆکراتەکان و کۆمەڵەکان بەهۆی ئینشیعابات و دابڕانەکانیان دەنگ بە یەک نادەن و ئەوان لەو نێوانەدا سەرکەوتوو دەبن، دەنگی نارەزایەتییان بە نیسبەت ئاکامی دابەشبوونی کورسییەکانی ڕۆژهەڵاتی بەرز کردەوەو کەوتنە شکایەت و گلایە لای پارتی و یەکیەتی و P.K.K.

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK) کە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی لە درێژەی سیاسەتەکانی P.K.K بە نیسبەت دروست کردنی باڵی چەکداری لە سێ پارچەی دیکەی کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراو لە ژێر مودیرییەت و هێژموونی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی دایە چالاکی و قۆرخ کردنی شاخەکانی کوردستانی ئێران و هێرش و هەڕەشە بۆ سەر حیزبە ڕەسەن و لە مێژینەکانی کوردستانی ئێران و ڕەخنە و توانج گرتن لێیان کە گوایە توانای خەباتیان نەماوەو دوور کەوتوونەتەوە لە خەڵک و مەیدانی خەبات و تەنیا ئەوە لە مەیدانی خەباتدا زیندووەو بۆ وەدەستهێنانی مافی خەڵک خەبات دەکات.

ئەو پارتە ئاکامی دابەشکردنی کۆرسییەکەی قەبووڵ نەکرد و لە ڕێگای P.K.K وە کەوتە هەڕەشە و خۆسەپاندن، دواجار کۆڵی نەداو کۆرسییەکی پێ درا. بەڵام نەک وەک پارتێکی سەربەخۆی ڕۆژهەڵاتی، بەڵکوو وەک باڵێکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە ئەو کۆرسییەی پێدراوەو لە لایەن لێژنەی ڕۆژهەڵاتەوە قەبووڵ نەکراوە.

لە پێکهێنان و گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کە بە مەبەستی چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگای ئاشتیانەو لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، پرس بە حکوومەتەکانی عێراق، تورکیەو سووریەو ئێران کراوە، ئێران تاکو ئێستا بە فەرمی هیچی ڕانەگەیاندووە، بەڵام بە بەڕێوەبەرانی کۆنگرەیان گوتووە کە نابێت ئەم هەنگاوەیان بەزیانی سەروەری و بڕیاری سیاسیی ئێران بێت، ئەوەشی وتووە کە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە نابێت لەسەر کۆردەکانی ئێران ڕەخنە لە حکوومەتی ئێران بگیردرێت، ئەوان وتوویانە کە پەیامی کۆنگرە دەتوانێت چاوەڕوانی خۆی لە حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراو بخاتە ڕوو بۆ کوردەکان.

بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی کەسایەتی دووهەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی لە وتووێژ لە گەڵ ڕادیۆ فەردا باس لەوە دەکات کە ئەو کۆنبوونەی ڕۆژی ١٣٩٢/٤/٣١ کە بە بانگهێشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پرس و هاوکێشەکانی گەلی کورد بووە کە بە هۆی دابڕان و دابەشکردنەکانی کوردستان بۆ ئەو نەتەوە هاتوونەتە ئاراوەو هەروەها ڕێگاچارەی کەڵک وەرگرتن لە هێزو تواناکانیان بە نیسبەت چارەسەری کێشەو گرفتەکانی بەردەم کورد لە هەر پارچەیەک بۆ گەیشتن بە ماڤ و ئامانج و ئاواتەکانی. هەروەها ناوبراو بە نیسبەت گرتنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەو شێوە باس دەکات: کوردەکان خوازیاری ئەوەن تا ڕێزیان لێ بگیردرێت و لە ڕێگای ئاشتیانەو بە شێوەی دێمۆکراتیک ماڤ و خواستەکانیان بەرچاو بگیردرێت و دابین ببێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەرچی بە درێژایی ٣٥ ساڵی دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆی بێبەش کراوە، حیزبە سیاسییەکانی ناچار کراون تا خەڵک و وڵاتەکەیان بەجێ بهێڵن، هەنوکەش هیچ دەرەتانێک لەو بەشەدا بەدی ناکرێت تا خەڵک بە شێوەی پێویست و سەردەمیانە لە ڕێگای مەدەنی و ئاشتیانە یان خەباتی سیاسی و پارلەمانییەوە بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان خەبات بکەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن جووڵانەوەیەکی ڕەواو ڕەسەنە کە بەردەوام لە قاڵبی پرۆگرامی حیزبەکانی ئەو پارچەی کوردستان هەوڵی داوە بۆ چارەسەری پرسی کورد و بەدەستهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەی و لە هەر سەردەمێکدا بە پێی پێویست و دەرەتان لە هەموو شێوازەکانی ڕەوای خەبات بۆ بە ئامانج گەیشتن کەڵک وەرگیراوە.


هەروەک لە یەکەم کۆبوونەوەی لایەنە کوردییەکان باس کراوە کوردەکان ئاشتیخوازن و بۆ مافی هەموو نەتەوەکانی ناوچەو جیهان ڕێزدادەنێن و بە پێی جیاوازییەک کە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان لە ئێران، عێراق، سووریەو تورکیەدا لە ئاست چارەسەری پرسی کورد بەرچاو دەکەوێ، داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا داوا دەکەن، لەهەر وڵاتێکدا کە دەرەتانێک بۆ دەربڕین و قەبووڵ کردنی مافی کوردەکان لە ئارادا بێت، ویست و داخوازەکان لە ڕێگای وتووێژەوە داوا دەکرێن، بەڵام لە هەر وڵاتێک کە ماف و داخوازەکانی کورد ئینکارو پشتگوێ بخرێن بە پێچەوانەی ویستی کورد لە شێوەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی چەکداری کە بە سەریاندا

دەسەپێت کەڵک وەردەگرن.

خەڵکی کوردستانی ئێران ئەو چاوەڕوانییەی لە کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ تا هاودەنگ و پشتیوانیان بێت لە ئازادبوونی ئەو پارچەیەی کوردستان و جێگیر بوونی دێمۆکراسی و سەروەری دەسەڵاتی خۆجێیی کورد و ڕێگر بێت لە بەردەم ئینکاری نەتەوەیی، سەرکوت و زەبروزەنگی دەسەڵاتی حاکم و هەروەها خۆسەپاندن و خۆفەرزکردنی لایەنێک بەسەر خەڵک و نادیدە گرتنی دەسکەوتە دێمۆکراتییەکان.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٥ی ئاگوستی ٢٠١٣

## ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کۆنگرەی نەتەوەیی



خالید محەممەدزادە

بیرۆکەی کۆنگرەکەی نەتەوەیی مێژوویەکی دورودرێژی هەیە، بەڵام هیچکات بە قەد ئێستا پەلە لە بەستنی نەکراوە. ئەگەرچی لەسەر نەتەوەیی بوونی کۆنگرەکە بە سەرنجدان بە پەیوەندیەکانی نێوان حیزبەکان لەگەڵ یەکترو جۆری پەیوەندیان لە گەڵ وڵاتانی ئەقلیمو دۆخی ناوخوی باشوور، پرسیار زۆرە، بەڵام با چاوەری بێن بزانین نەتەوەیی بوونی کونگرە چ رەنگدانەوەیەکی لە سەر بریاراتی کونگرەو ئەنجامەکانی دەبێت یا نا هەر ڕۆپۆشێکی جوانەو بەس.

(٩) حیزبی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشداری کونگرە کراون. نەفسی بەریوەبردنی کونگرەکەیان پێباشە. لەو ناوەش دا هەر پێنج لایەنی دێموکراتو کونگرە دەتوانن قسەی یەکەم بکەن وەک نوێنەری ڕۆژهەلات لە لیژنەکانی کونگرە. بەلام تەنیا نەتەوەیی بوونی کونگرەکە، ناتوانی دلنیایی باوەر پێکراو بە ئەوان ببەخشێت کە نابن بە قوربانی هێزە یەکلایکەرەوەکانی ناو کونگرەو هاوکات پەراویزیش ناخرێنو نابێتە هوی دەستیوەردانی ناتەندروست لە دۆخی ڕۆژهەلات. لە گەڵ ئەوەش دا دەبیٓت قسەی خۆیان هەبێت. ئەو خواستەش لە بەیاننامەی کۆتایی کونگرە رەنگ بداتەوە. ئەمە لانیکەمی ئەو داواکارییەیە کە رووبەرووی کۆمەلەو دێموکرات دەکرێتەوە. خۆشیان هەستیان بەم راستیە کردووە.

پارتیو پە کەکە رای جیاوازیان لە سەر سەرۆکایەتی کونگرەکە هەیە. هەموو هەوڵی پارتی ئەوەیە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی کونگرە بکات. هەر چی پەکەکەیە دەیەوێ سەرۆکایەتی کونگرە بۆ ئەو بێت راشیگەیاندووە دەبێت دەورەیی بێت.

دێموکراتو کومەڵە رایانگەیاندوە گرنگ نیە کێ دەبێت بە سەرۆکی کونگرە. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە دۆخەکەیان نەبێت بە قوربانی ململانێی نێوان پارتیو پەکەکە. بەلام پێنج حیزبەکەی ڕۆژهەلات بەرامبەر بە پرسی سەرۆکایەتی کونگرە ناتوانن بێ لایەن بن چون ئەنجامەکەی کاریگەری لە سەر ئەوانیش دادەنێت. ئەوان تا ئیستا کاندیدیان نیە بۆ سەرۆکایەتی کونگرە کە کارێکی خراپ دەکەن.

لە نەبوونی پالێوراوی ڕۆژهەلات، لایەنە ڕۆژهەلاتیەکان لە بەردەم دوو بژاردەن. یا دەبێت پالیوراوی پەکەکە هەلبژێرن یا پالیوراوی پارتی. بە هۆی ململانێی چەندین سالەی نێوان پەکەکەو پارتەکانی ڕۆژهەلات کە پژاکیش هەتا دێت تۆخی دەکاتەوە لەو کاتە ڕۆژهەلاتیەکان دەنگ بە پالیورای پارتی دێموکراتی کوردستان دەدەن ئەگەرچی ئەم بژاردە بۆ ئەوان بە بەراورد لە گەڵ بژاردەی پەکەکە گونجاوترە بۆیان. بەلام بۆ ئەوان بێ رەخنە نابێت.

لەو ناوەدا ڕۆژهەلاتیەکان جگە لەو دوو بژاردە، دوو بژاردەی دیکەیان لە بەرەستدایە بۆ ئەوەی دوور بکەونە لە سەر ئیشەی نێوان پارتیو پەکەکە.

یەکەم ڕۆژهەلاتیەکان دەتوانن پالێوراوی خۆیان هەبێت کە خەلکی باشیان هەیە کاندیدی بکەن، بەلام بردنەوەی زۆر لاوازە چون هەر حیزبێک دەنگ بە پالیورای خوی دەدات،بەلام دەتوانن بە ئیتلاف پۆستی جێگری سەرۆکایەتی کونگرە مسۆگەر بکەن، بۆیە لە هەر دو حالەتەدا باشترە ئەوان پالێوراوی خۆیان هەبێت.

دووهەم لە نەبوونی پالیوراو، دەتوانن دەنگ بە هیچ پالیوراوێک نەدەن یا دەنگدان بە پالێوراو ببەستنەوە بەوەی کە ریز لە بریاراتی سەربەخۆی هێزەکانی ڕۆژهەلات بگیرێت. ئەمەش پەیوندی راستەوخویی هەیە بە بەیاننامەی کۆتایی کونگرەکە کە چون لە سەر ڕۆژهەلات قسە دەکات.

دیارە کۆمەلەو دێموکراتو هیزەکانی تری ڕۆژهەلات لە هەر حالەتێکدا نابێت ئەو راستییە فەرامۆش بکەن لە کاتێکا هەر حیزبیک بۆ لای خوی دەیبات بەشداریان دەبێت بەشدارییەکی ڕۆژهەلات میحوەرانە بێت لە ناو بازنەی نەتەوەیی. نابێت بهێڵن پەراوێز بخرێنو هاوکات دەستێوەردان لە نمونەی ڕۆژاوا لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دووپات بێتەوە.

پیچەوانەی ئەمە بە پلەی یەکەم رەخنەکان رووبەروی ئەمان دەبێتەوە نەک سەرۆکایەتی کونگرەی نەتەوەیی یا کونگرە.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٥ی ئاگوستی ٢٠١٣

## عادل موراد: هەڵبژاردنی ئەم کاتە گونجاو نیە بۆ کۆنگرەی نەتەوەییو داوادەکەم دوابخرێت



هاوڵاتی

سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی هەڵبژاردنی کاتی کۆنگرەی نەتەوەیی بە گونجاو نازانێتو داوادەکات بۆ ئەوەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارنەهێنرێت، بۆ کاتێکی تر دوابخرێت.

لەنوسینێکدا کە وێنەیەکی بۆ سایتی هاوڵاتی نێردراوە عادل موراد، سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچوونی خۆی دەربارەی کۆنگرەی نەتەوەیی روندەکاتەوەو لەبەشێکیدا ئاماژە بەوەدەدات کە وەلانانی هەندێ پارتی سەرەکیی سیاسیی خاوەن جەماوەری فراوان لە بەڕیوەبردنی دانیشتنی یەکەمدا، سەرەتایەکی باش نەبوو، هاوکات نوسیویەتی "بچووککردنەوەی دەوری هەندێ پارتی سەرەکی و مامەڵەکردنیان بە یەکسانی لەگەڵ پارتگەلێکی بچووکدا کە بوونیان لەسەر زەمینەی واقیع نیە. بۆ نموونە یەک کورسی بۆپارتی کریکارانی کوردستان/ پەکەکە و بۆ حیزبۆکەیەکیش کە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕناکا یەک کورسی".

سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لەبەشێکی تری نوسینەکەیدا رەخنە لەکاتی بەستی کۆنگرەکە دەگرێتو بەبۆچوونی ئەو "ئەشێ هەندێکیش دانیشتنەکانی کۆنگرە بقۆزرێتەوەو وەک مادەیەکی راگەیاندن بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەکار بهێنرێت، ئەو دەڵێت "هەڵبژاردنی ئەم کاتە گونجاو نیە بۆ کۆنگرەکە کە پارتە کوردییەکان خۆیانی تیا ئامادە ئەکەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان، ئەشێ هەندێکیش دانیشتنەکانی کۆنگرە بقۆزنەوە وەک مادەیەکی راگەیاندن بۆ هەڵبژاردنەکە . بۆیە پیشنیار ئەکەم بەستنی کۆنگرەکە دوابخرێ بۆ دوای هەڵبژاردنەکان".

دەقی نوسینەکەی عادل موراد

سەرخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی چاوەڕوانکراو ئەرکێکی نیشتمانی و مێژووییە

لە هەولێری پایتەختەوە ئەوە راگەیەنرا کە زیاتر لە ٣٠ پارتی کوردستانی ، بەتەمای پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی هاوبەش کۆبوونەتەوە.

لەکاتێکدا هەموو هەوڵیک بەرز ئەنرخێنین بۆ یەکگرتنی وتاری کوردی و یەکخستنی ریزەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆرانکاریانەی لە ناوچەکەدا رووئەدات، هەندێ تێبینیشمان هەیە لەسەر چونیەتیی بەریوەبردنی کۆنگرەکە . بەلام بەر لە تێبینییەکان، ئەمەوێ ئەوە وەبیری برایان بێنمەوە کە یەکەم کۆبوونەوەی پارتە کوردستانیەکان، لە تشرینی دوەمی ١٩٧٧دابوو لە بارەگای نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لە بێروت ( کەمن شانازیی بەرپرسیارێتی ئەو نووسینگەیەم هەبوو) دەسپێشخەرییەکەش لە مام جەلالەوەبوو پێش ئەوەی بەتەواوی بیروت بەجێبێلێ بەرەو کوردستان رۆژی ١٩٧٧/٧/١٥بەهاوکاریی هاورێیان لە رێکخراوی شۆڕشگێرانەی حیزبی تودەی دژ بە رژێمی شا .

ئەو کۆبوونەوەیە بە یەکەم ناوەرۆکیک ئەژمار ئەکرێ بۆ کارێکی نەتەوەیی کوردستانی یەکگرتوو . وەک لەبیرمبێ ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە بریتیبوون لە بەرێزان :

١- ئەمیری قازی – وەک نوێنەری ئەوسای حیزبی دیموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان.

٢- حەمید دەروێش-سکرتیری پارتی دیموکراتی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان .

٣- خوالیخۆشبوو شیخ محەمەد باقی-سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردی رۆژئاوا .

٤- خوالیخۆشبوو عیسمەت فەتحولا-سکرتیری پارتی کوردی چەپ لە رۆژئاوا .

٥- نێردراوی حیزبی پێشکەوتنی کوردستانی لە باکوری کوردستان (دی دی کەی دی ) ئەو کاتە عومەر چەتین سکرتیریبوو،یارمەتیی گەورەی شۆرشی نوێیاندا بە رابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی .

٦- شەهید مستەفا نێردراوی پارتی سۆشیالستی کوردستانی لە باکور ( نارەوا لە کۆتایی هەشتاکاندا شەهیدکرا )

٧- ئەحمەد ئەحمەد جمهورو مستەفا سۆفی(ئیستە لە سوید ئەژین) لە كوردەكانی لبنانەوە كە راستگۆترین هاوپەیمانی یەكیتی بوون .

٨- عەدنان موفتی – بە نوێنەرایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان-لیژنەی ئامادەكار (سەرۆكی ئەو پارتە د. مەحمود عوسمان بوو و لە نزیكترین هاوپەیمانەكانی یەكێتیبوو.. ئەیویست پارتی لەسەر بنەمایەكی تازە بنیات بنێتەوە .

٩-خوالیخۆشبوو عومەر دەبابە كە نوێنەری بزووتنەوەی سۆشیالستی كوردستانیبوو (شەهید سالح یوسفی رابەری بزووتنەوەكەبوو ،شەهید عەلی عەسكەری بەرپرسیاری كوردستانبوو،خوالیخۆشبوو رەسول مامەندو ژمارەیەک سەركردەی سەربازی و سیاسیی دەركەوتووی لەگەڵدابوو)

١٠- د. فوئاد مەعسوم و عادل موراد نوینەرایەتی یەكیتی نیشتمانیانكرد. بەلام بەداخەوە ئەم هەنگاوە نەچوە باری جێبەجێكردنەوە لەبەر زۆر هۆ، لەوانە :بەرەنگاربوونەوەی دەزگا هەوالگرییەكانی ولاتانی ناوچەكە بەرامبەر ئەم پرۆژە نەتەوەییە كۆرپەیە ، سەرباری هۆكاری خۆیی بزووتنەوە رزگاریخوازە كوردیەكە كە بە دەست كەرتبوون و ناكۆكی و شەڕی ناوخۆوە ئەینالاَن .

## تێبینییەكانم لەسەر كۆبوونەوەكە

١- وەلانانی هەندێ پارتی سەرەكیی سیاسیی خاوەن جەماوەری فراوان لە بەڕیوەبردنی دانیشتنی یەكەمدا،سەرەتایەكی باش نەبوو!

٢- بچووككردنەوەی دەوری هەندێ پارتی سەرەكی و مامەڵەكردنیان بە یەكسانی لەگەڵ پارتگەلێكی بچووكدا كە بوونیان لەسەر زەمینەی واقیع نیە . بۆ نموونە یەک كورسی بۆپارتی كریكارانی كوردستان/ پەكەكە و بۆ حیزبۆكەیەكیش كە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕناكا یەک كورسی ! كە ئەم رێكارە لە ویستێكی ناڕاستەوەیەو بۆ یاریكردنە بە تای ترازوو بۆ بەرژەوەندیی لایەنێک !

٣- لەو شتانەی سەرسامیكردم ،ئەو دژیەكیانەبوو كە لە یەكەم دانیشتنەوە سەریهەڵدا ، .بۆ نموونە چۆن ئەوە لێكئەدەیتەوە بانگهێشتی چەند پارتێكی كوردی لە سوریا ئەكرێ لەكاتێكدا ئابلووقە ئەخرێتە سەر دەروازەی(سیمالكا)كە ئەوە تاكە دەروازەیەكە لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاواوای كوردستان بۆ گەیاندنی خواردەمەنی و گواستنەوەی نەخۆش و بریندارو پەككەوتەكان؟؟

٤- لەو كۆبوونەوەی یەكەمەدا باسیک لەسەر هێزەكانی تورک نەكرا لە ناوچەی ئامێدی و بامەرنێ كە ئەوە نارەوایەتییەكە بەرامبەر پەكەكە. ئایا ئەو دوو بنكەیە بۆ لێدانی هێزەكانی ئەوان نیە لە ناوەراستی نەوەدەكانی چەرخی رابوردووەوە؟

## پیشنیارەكانم بۆ كۆنگرەی نەتەوەیی كوردی :

گرنگترینن كارێک كۆنگرە لە سەری پێكبێ (پەیمانی شەرەف )ە .ناتوانرێ پێوانەی ئەو كۆنگرەیە بكرێ بەبێ رێكەوتن لەسەر ئەو پەیمانە. كۆنگرە ، یا ئەو قەوارەیەی لێوەی دروست ئەبێ،ناتوانێ روانینەكانی لەسەر زەمین بچەسپێنێ ئەگەر پەیمانێكی واژو كراوی نەبێ لەلایەن بەشداربوەكانیەوە كە پشتی پێببەستن . نامانەوێ ئەم كۆنگرەیە وەک كۆنگرەی نیشتمانی فەلەستینیێ كە نەیتوانی شەڕی حەماس و فەتح راگرێ . بۆیە ئەم پێشنیارانە ئەكەم :

١- پێویستە (پەیمانێكی شەرەف ) لە كۆنگرەكەوە دەرچێ كە ئەمانە لەخۆ بگرێ :

أ- ئەو پارتانەی لە شەڕی نارەوای ناوخۆدا بەشدارییانكردوە ،یەكەمجار دان بە هەڵەكانیاندا بنێن، دوایی ئەو پەیمانی شەرەفە واژو بكەن بۆ حەرامكردنی بەكارهێنانی چەک بەرووی هیچ پارتێكی كوردیداو بەبێ هیچ بیانوویەک .

ب- تەرمی قوربانیە ونبووەكانی شەڕی برایەتی!بدەنەوە بە كەسوكاریان و داوای لێبوردن لە خاوەن شەهیدەكان بكەن و قەرەبوویان بكەنەوە . ئەمەش بۆ هەموو پارتەكان بەبێ هەلاوێردن . هەموومان خاوەنی تۆمارێكی شەڕی برایەتین . باشترینیشمان ئەوە ئەبێ یەكەمجار دان بەوەدا بنێ .

ت- بەلێن بدەن بە دووركەوتنەوە لە نەخشەكانی دەوڵەتە هەرێمیە دوژمنەكانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانی . هەموو پارتە بەشداربوەكان بە روونی مامەڵە بكەن و پەیوەندییەكانیان بە حكومەتە هەرێمی و جیهانیەكانەوە ئاشكرا بكەن. گفتیش بدەن هیچ پەیمانیک ئەنجام نەدەن لەگەڵ هیچ لایەنیک كە زیان بە سەرجەم دۆزی نەتەوەیی كورد بگەیەنێت .

٢- پیشنیار ئەكەم رابەرایەتی كۆنگرەكە بە نۆرە بدرێ بە پارتەكان لەگەڵ رەچاوكردنی پارتە سەرەكیە كاریگەرەكان . ماوەی سەرۆكایەتیەكەش شەش مانگ یا سالێک تێپەڕنەكات . كۆنگرەكە ماوەی سەرۆكایەتیەكە دیاری بكات بەلام ماوەی شەش مانگەكە كردەییانەترە .

٣- هەڵبژاردنی ئەم كاتە گونجاو نیە بۆ كۆنگرەكە كە پارتە كوردییەكان خۆیانی تیا ئامادە ئەكەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاكان لە هەرێمی كوردستان . بەستنی كۆنگرەكە لەو كاتەدا ئەشێ پرسیار ی هەندێک بورووژێنێ لەسەر ئەو كاتە. .ئەشێ هەندێكیش دانیشتنەكانی كۆنگرە بقۆزنەوە وەک مادەیەكی

راگەیاندن بۆ هەڵبژاردنەکە . بۆیە پێشنیار ئەکەم بەستنی کۆنگرەکە دوابخرێ بۆ دوای هەڵبژار دنەکان .

٤-بەشداریی کەسایەتییە نەتەوەیی و ئەکادیمیەکان لەکۆنگرەکەدا بکری کە رۆڵی بەرچاویان هەبوە لە ئاراستەی نەتەوەیی کوردستانیدا وەک: (کامیل ژیر،جەمال نەبەز، نەجمەدین کەریم،دلیر سدیق،حەمە عەزیز،عەبدولا ئاگرین،حەکیم کاکە وەیس ، هەڵۆ بەرزنجی ، بەختیار شەمەیی ،ئارام قادر،ئاراس نوری ئەحمەد تەها،زاهیر لەتیف،فەرهاد عەبدول حەمید، هۆگر مەحمود،حسین محەمەد عەزیز،سامان شاڵی،جواد مەلا،دارا عەتار،تەها عەبدوڵا خەیات،دلیر شاوەیس،ئازاد مەنتک ،پشکۆ ئەمین،حەمەرەشید هەرەس،ئەحمەد میراو دەلی،حسین خەلیقی،سیروان کاوسی و هیتریش کە ئیستە ناوەکانیانم لەبیرنیە ئەوانەی رابەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان کردوە .

لەگەڵ رێزی براتان عادل موراد .

سەرچاوە : ماڵپەری هاوڵاتی / رێکەوتی : ٥ی ئاب ( ئاگوست )ی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و بێدەنگی



وەهاب یوسفی

لە کاتێکدا میدیای گشت لایەنە سیاسییەکانی بانگهێشتکراو بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کەم یان زۆر باس لەسەر ڕووداوە دڵتەزێنەرەکانی ئەو دواییانەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن، بەڵام وەک کۆدەنگییەکی کۆنگرەی نەتەوەیی بێدەنگن!

دیارە سەرجەمی ئەو باسانەی کە لە میدیاکانی لایەنە سیاسییەکانمان بڵاو دەبنەوە، تەنیا لە چوار چێوەی ڕەستەی هەواڵی دانە و ئەگەر ئیدانە کردنێکیش لە گۆڕێدا بێت، تەنیا قسەیە و دەگینا هێچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا (ڕۆژئاوای کوردستان) وەبەر شاڵاوی هۆڤانە کەوتۆتەوە و سەر و ماڵیان لە ژێر هەڕەشەی فتوای جیهادی نەیارانماندایە. ئەگەرچی فتوای جیهاد تەنیا لە چوارچێوەی پەیامە موعجزە ئاساکانی پیاوانی ئاینیدا نەماوە و پراگماتیزە کراوە و تراژیدیایەکی دروست کردووە، بەڵام تا ئێشتاش پەیامی زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی کورد تەنیا بە بانگەشەی سیاسی بۆخۆیان دەژمێردرێت و هیچ هەنگاوێکی کردار خوازییان تێدا بەدی ناکرێت. یانی لایەنە سیاسییەکانمان تەنیا بانگەوازی سیاسیان وەک پاڕانەوە و دوعا لە دەست دێت بۆ ئەو ژن و منداڵە کوردانەی کە بە هۆی شەڕ و برسییەتییەوە گیانیان لە مەترسیدایە، یانیش دەتوانن هەروەک کە خۆیان بە خەباتگێرانی شۆرشگێر و دڵسۆزی گەلەکەیان دەزانن و بەردەوام دەهۆڵی بۆ دەکوتن، هەنگاوی پوزەتیڤ بهاوێژن و بە پێی ئەرکیان خۆیان دەربخەن!

ڕاستە لە دونیای سیاسەتدا مەزەندە کردن بە دروشمە سیاسییەکانەوە هەیە، بەڵام لە کاتێکدا بەشێک لە گەلەکەمان لە ژێر هەڕەشەی جینوساید و...دایە، تەنیا دروشم ناتوانێ چارەسەری تەواو بێت. هەر بۆیە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا پێویستە بەهانە بە یەکتری نەگرین و لە چوار چێوەی بەرژەوەندی نەتەوەییدا و بۆ پاراستنی گەل و نیشتمانە خۆشەویستەکەمان هەنگاوی گونجاو و پێویست بهاوێژین. هەر چەندەش کە گلەیی و ڕەخنە لە شێوەی بەڕێوەبەری و سەرجەم بابەتە نێوخۆیەکان لە ئارادا بێ، بەڵام دڵسۆزی و ڕەوا نییە کە گوێ نەدرێتە هاوار و ناڵەی گەلە چەوساوەکەمان و بە تەنیا جێیان بهێڵین تا شەوە بیانباتەوە!

بەهەر شێوەیەک و هەر چۆنێک بووبێت، ڕۆژئاوای کوردستان هەلومەرجێکی بەخۆیەوە گرتووە کە تێیدا لایەنێکی سیاسی کورد هێژمۆنی خۆی سەپاندووە و بۆ پێشگیری لە شەڕی نێوخۆیی و مەجال نەدان بە دەست تێوەردانی هێزی دەرەکی، دروست کردنی هێزی چەکداری لایەنی دیکەی یاساغ کردووە. ئەگەر پاوانخوازی هۆکارێکە بۆ کێشەی نێو خۆییمان و پێویستە بە دیالۆک و دوور لە شەڕی بێزراوی نێوخۆیی چارەسەر بکرێت، بەڵام ڕاگەیاندنی فتوای جیهاد لە دژی کوردان لە لایەن گرۆپە ئیسلامێکانەوە هیچ لە پەیوەندی لە گەڵ کێشە نێوخۆیەکانماندا نییە.

سەردەمێکی بەرچاو لە مێژوو ژێردەستە بووینە و مافی یەکسانمان لەگەڵ نەتەوەی باڵادەست نەبووە، هەر بۆیە زۆر ئاسائییە کە دەسەڵاتدارێتی نەتەوەی باڵادەست لە چوار چێوەی حکومەت یان ئۆپۆزسیونەکەیاندا فرچکیان بە خۆ زاڵ کردن گرتبێت و مافی وەک خۆیان بە ئێمەی کورد ڕەوا نەبینن. دەسەڵاتدارێتی نەتەوەی باڵادەست کە مێژوویەکی دوور و درێژ و پڕ لە ئەزموونی داگیر کاریان هەیە، بە شێوەیەک هەستی شوینیزمییان لە نێو خەڵکانی خۆیاندا پەروەردە کردووە و پێیان گەیاندووە کە زۆری پێدەوێ تا ئەو هەستە نامرۆڤانەیان بفەوتێ و مافی ئێمەی کوردیش هاو شانی مافەکانی خۆیان سەیر بکەن. هەستی شوینیستی و بەرژەوەندییەکانی داگیر کەران و دەوڵەتە

زلهێزەکان، هۆکاری پەلاماردانمانن.ئەگەر دوژمنانمان ئازادی و سەربەستیمان پێ ڕەوا نابینن و گەلە کۆمەکی لە دژماندا دەکەن، ئێمەی کوردیش دەبێ لە بازنەی نەتەوەیی خۆماندا جێبگرین و لە دژی هەر چەشنە هێرشێک بۆ سەر نەتەوەکەمان بوەستینەوە. ئەرکی گشت لایەنێکی کوردە کە سەرەڕای ڕەخنە و گلەیەکانیش، هەر وەک دان بە دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستاندا دەنێن، عەرزی واقع لە ڕۆژئاوای کوردستانیشدا لەبەرچاو بگرن و لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا کە شەڕی بەرگری نەتەوەییش لە ئارادایە، لە خزمەت بە دوژمناندا کێشە نەنێنەوە.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆشدا کە کورد بەرەو یەکێتی نەتەوەیی هەنگاو دەهاوێژێت و لە چوارچێوەی کۆنگرەی نەتەوەییدا ئەو یەک بوونە بەدیدێنێت، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستیمان بە هۆشیاری و هاودەنگ بوون هەیە. هەر وەک لە ڕەوتی مێژوودا گەلێک پیلانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لە دژماندا بەڕێوە چوونە، بێگومان لەمەو بەدواش پیلانی زیاتر بەرەوڕوومان دەبێتەوە و زۆریش کێشەمان بۆ دەنێتەوە. هەر چەندەش کە مەترسی پیلان گێران هەیە و کۆنگرەی نەتەوەییش ڕەسمەن دەست بەکار نەبووە و لە سەرەتای دامەزراندنیدایە، بەڵام جێگای خۆیەتی کە لە ئاستی کۆمەڵ کوژی گەلەکەماندا بێدەنگ نەبێ و بە ئاراستە کردنی پەیامێک، پێناسەی خۆی دەربخات!

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٥ی ئاگوستی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناوی چی؟



ع . شریف زادە

ماوەی چەندین ساڵە دەنگوی بە ستنی کۆنگرە ( کۆنفرانس ) یکی کوردی بە بەشداری نوینەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئارا دایە ئەم دەنگویە جارو بار کپ و جارو باریش پەرە ئەستینی لە رۆژهەڵاتی نیوەراست کە کوردستانیش لەوی دا جیگیرە روداوە سیاسیەکان بە خیرایی و کتوپڕ روو دەدەن بە چەشنێک زۆر جاران مەجال بە داڕێژەران نادەن کە لە چوارچیوەی کاتی دیاری کراو بەرنامەکان پیش بینی و بەریوە ببەن بە پێ قاعیدە دەبا ئەم کۆنگرەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ پێک هاتبا بەڵام هەربەو دەلیلەی سەرەوە و برێکیش لە بەر تەمەڵی ریبەرانی سیاسی کورد تا ئیستا گرتنی ئەم کونگریە ( کونفرانسە ) وە پاش کەوتوە هەلبەت وەپاش کەوتنی ئەم کونگرەیە نە تەنیا لە بایخی کەم نەکردوەتەوە بگرە رەوتی ئاڵ وگۆڕە سیاسیەکانی یەک بە دوای یەکی ناوچە ، بایخی بەستنی گەلێک زێدەتریش کردوە.

بریاری کوتایی هینان بە خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان و پاشە کشەی هێزی گریلا بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان و ئاڵوزی سیاسی لە باشووری کوردستان بە بیانوی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەریمی کوردستان هەلومەرجیکی نوی و تا رادەیەک مەترسی داری بۆ کورد خولقاندوە کە ئەگەر کورد وریا نەبێت شەریکی نێوخۆیی پێوە پێش بینی دەکرێ.

لە چند مانگی رابردوو پارتی کریکارانی کوردستان ( پ.ک.ک ) داوای بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە دەسەڵاتدارانی هەریمی باشووری کوردستان کردوە هەر لەو پیوندیە دا بەڕیز کاک مسعود بارزانیش لە پەیامی خۆی بۆ کۆنگرەی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ٢٦ی بانەمەڕی ٢٧١٣ی کوردی لە شاری دهوک پێک هات جاریکی دیکەش جەختی لەسەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەی کردەوە و بە پێ زانیاریەکانی درکاو لە چند رۆژی رابردووش بەڕیز مسعود بارزانی نامەی بۆ ڕیکخراوە گرنگەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ناردوە تا هەر چی زووتر ئەم کونفرانسە ( کۆنگرەیە ) ببسرێت بەم پی یە ئیحتیماڵی ئەوە هەیە کە ئەم جارە بە پیێچەوانەی جارانی رابردوو کۆنگرە ببسرێت بەڵام هاوکات چاوەروانی ئەوەش دەکرێت کە کۆنگرە لە ریبازی ئەسڵی خۆی لا بدرێت و بکرێت بە رینگی بۆکسی نێوان پارتی کریکارانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان.

دۆڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان ( ئیران، تورکیە ، سوریە و عیراق ) سەرەرای هەموو جیاوازیەکانیان لە سیستمی حکوومەتیەوە بگرە تا ناکۆکی سیاسی ، ئابوری و سنوری ... لە ئاست کورد دا یەکگرتوون و بۆ پێشیل کردنی مافی کورد هاودەنگ و بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەکانی هاوپەیمان بوون و هەن بە واتەیەکی دیکە دوژمنایەتی لە گەڵ کورد خاڵی هاوبەشی ئەو دۆڵەتانە بوە و هەیە لەم بارەوە تا ئیستا چەندین کۆڕ وکوبوونەوە ، کونفرانس ، کونگرە و پەیمانی گەورە و چکولە یان دژی کورد بەستوە و ئیمزا کردوە.

لە مێژ ساڵە کە نەتەوەی کورد ئاواتی یەک گرتنیکی سیاسی . نەتەوەیی دەخوازیت تا بتوانیت لە بەرانبەری هاوپەیمانیی و یەکیەتی وەڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستان وەک ژاربڕ ( پاد زهر) کەڵکی لێ وەر بگرێت کورد گەڵیک جار بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی داوە بەڵام تا ئیستا بە چەشنی پیویست بە ئارەزوی خۆی نەگەیشتوە بەشێک لە هەوڵە کانی کورد لەم بارەوە بریتین لە :

١ . بۆ یەکەم جار بانگەوازی یەک گرتنی کورد لە لایەن ئەمیر بەدرخان لە ساڵی ١٨٢٩ ی زاینی بڵاو کرایەوە و داوای یەکیەتی تەواوی سەرۆک خێل و سەرۆک عەشیرتەکان لە تەواوی ناوچەکانی کوردستان کرد.

٢ . لە ٤ای سیپتامبری ١٩٢٢ ی زاینی شیخ مەحمود بە ئیبتیکاریکی کوردانە لە شاری سولیمانیە ( کۆی سونجاق ) کونگرەیەکی نەتەوەی پێک هینا کە لەو کونگریە دا نوینەری کوردەکانی ئیرانیش بەشدار بوون.

٣ . لە مانگی مارسی ١٩٢٣ کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان شیخ مەحمود ، سمائیل ئاغای سمکو و مەحمود خانی دزڵی بە ئامانجی یەک ڕیز کردنی هێزی کورد پێک هات.

٤ . لە ١٧ای سیپتامبری ١٩٤٥ کونفرانسیکی بەرین لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد لە شاری سنە بەسترا کە نوینەری کوردەکانی باشووریش تیدا بەشدار بوون.

٥ . لە ساڵی ١٩٣٧ لە رەوتی بزووتنەوەی ئارارات کۆمیتەی لە خۆی بوون دروست بوو کە هەم کوردەکانی باشوری کوردستان و هەم کوردەکانی کوردستانی ئیران زۆر چالاکانە لەو دا بەشدار بوون.

٦ . لە ١٦ای ژوئینی ١٩٤٦ کۆبوونەویەکی هاوبەش لە نێوان نوینەرانی حیزبی هیوا و کومەڵەی ژیانەوەی کورد و بە بەشداری یەک یان دوو کەس لە کوردەکانی باکوری کوردستان بە ئامانجی خەباتی هاوبەشی کورد پیک هات کە بە ناوی پەیمانی سێ سنوری لە مێژوو دا تۆمار کراوە.

٧ . لە دەیەکانی ١٩٨٠ بەڕیز کاک دوکتور قاسملوو هەوڵی دا بە نهینی ڕێکەوتنیکی سیاسی لە نێوان ڕێکخراوە ناسراوەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێک بینی.

٨ . لە ئاوگۆستی ١٩٨٥ کونگرەیەکی نیشتیمانی بە بەشداری کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە شاری لەندەن بەریوە چوو.

٩ . لە ٤ی نوامبری ١٩٨٩ کونگرەیەکی نەتەوەیی لە شاری پاریس بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاۆ لە کوردەکانی هەر چورا پارچەی کوردستان بەسترا.

١٠ . لە ٢٤ی نوامبری ١٩٩٤ کونفراسیکی بەرین لە شاری مسکو پیتەختی روسیە بەریوە چوو کە تێدا ژمارەیەکی بەرچاۆ لە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدار بوون .

١١ . لە مانگی مای ١٩٩٩ پارتی کریکارانی کوردستان لە شاری ئامیستردامی هولەند زیاتر لە ١٨٠ کەسایەتی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان کۆ کردەوە و کونفراسیکی بەرینی پێک هینا.

بێ گۆمان کۆنگرەی ئەم جارەش ناتوانی هەموو گرفتە کانی کورد چارەسەر بکات چونکە گرفتە سیاسیەکانی کورد زۆر لەوە قووڵترن کە بە کۆبوونەوەیەک چارەسەر بکرێن ، بەڵام لە هەلو مەرجی گرنگی ئیستا دا بەستنی ئەم کۆنگرەیە دەتوانی بۆ کورد گەلێک بە کەڵک بێت.

### کونگرەی نەتەوەیی لە پێناویی چی ؟

I. یەکیک لە ئامانجە سەرەکیەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبی پشتیوانی لە رەوتی سەبەخۆیی باشووری کوردستان بە رێبەری بەڕیز کاک مسعود بارزانی بێت چوونکە سەربەخۆ کردنی باشووری کوردستان لە نانی ئیوارە بۆ نەتەوەی کورد فەرزتر و زەروریترە.

لە مانگی ئاوگۆستی ١٩٤٥ پاشماوەی یەهودیەکان کە لە دەستی نازیەکانی ئاڵمان رزگار ببوون لە شاری وین پیتەختی ئوتریش کۆبوونەوە و کۆنگرەی یەهودیەکانیان پێک هینا کە وەک بەردی بناخەی پێک هاتەی دۆڵەتی ئیسرائیل دەژمێدرێت یەهودیەکان لەم کۆنگرەیە دا بریاریان دا کە یان نابی تاقە یەهودیەک بمێنی و یان دەبی دۆڵەتی خۆی بە هەر قیمەتیک بیت پێک بینی یەهودیەکان لەم کونگرەیە بەو ئاکامە گەیشتبوون کە هوکاری دروست بوونی هولوکاست ( سوتاندنی یەهودیەکان بە دەست نازیەکان ) نەبوونی دۆڵەتی یەهودی بوە و بۆ ئەوەی کە جاریکی دیکەش هولوکاست دوپات نەکریتەوە ، دەبی یەهودی دۆڵەتی خۆی هەبی بریاری یەهودیەکان دروست لە ئاۆ دەر هات و پاش پێک هینانی دۆڵەتی ئیسرائیل بە کردەوە یەهودی کۆژی زۆر کەم کرایەوە و بوو بە هوکاری نەجاتی باقی یەهودیەکان پرسیار ئەوەیە کە ئایا کورد دەتوانی بریاریکی گرنگ لەو چەشنە بدات ؟

II. لە مێژ ساڵە بوونی مەرجەعیکی کوردی کە بتوانی لە لایەک لە نێو کۆمەڵگای کورد لە سەر کیشە و ناکۆکیەکان داوەری بکات ( نە بریار بدات ) و لە لایەکی دیکەوە لە دەرەوەی کۆمەڵگای کورد بە تایبەت لە ڕێکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان و یەکیەتی ئوروپا نوینەرایەتی کورد بکات بە تاڵە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەبێ بۆ ئەم بوشایی میکانیزمی پیویست رەچاۆ بکات.

III. یەکیکی دیکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ ئەوە بێت کە لە رەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان بە تی بینیەوە پشتیوانی بکات و هەروا میکانیزمیک بۆ ئەهون کردنەوەی پێوەندیەکانی کورد لە گەڵ دۆڵەتی ناوەندی لە ئیران تاۆ و تو بکات.

IV. نەبوونی ئاڵای هاوبەش ، سروودی هاوبەش ، زمانی کوردی هاوبەش ، خەتی نوسینی هاوبەش ... نە تەنیا گوتاری نەتەوەیی کوردی لاواز کردوە بەڵکوو یەک نەتەوە بوون ( ملت واحد ) ی کوردی لە بەرامبەری عەلامەتی پرسیارەوە قەرار داوە ؟ هاوبەش کردنی ئەو ناهاوبەشانەی کورد یەکیک لە ئەرکە سەرەکیەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەبێت.

٧. دەس تێ وەردانی برێک لە ڕێکخراوە کوردیەکان لە کارو باری بەشەکانی دیکەی کوردستان یەکێ دیکە لەو دیاردە نیگاتیڤانەیە کە زیان و زەرەرەکی گەلێک مەزنی بە یەکیەتی سیاسی کورد گەیاندوە کە پیویستە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەری ئەم دیاردە نیگاتیڤە بدوزیتەوە.

بێ گۆمان ئەم پینج خاڵەی سەروە تەنیا بەشێک لە ئەرک و رەساڵەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئەژمار دێن.

رەنگ بێ گرنگترین بەشی ئەم کۆنگرەیە دیاری کردنی تەرکیبی ئەندامانی بەشدار و پێک هاتەی کۆمیتەی پێک هینەری بێت کە پیویستە کۆمیتەی پێکهینەری کۆنگرە لە ژێر ریبەری وچاوەدێری راست وخۆی بەرێز کاک مەسعود بارزانی دا بێت پایبەند ( متعهد ) بوون بە پشتیوانی لە تیزی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و رەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان دەبێ وەک مەرجی سەرەکی بۆ ئەندامانی بەشداران لە کۆنگرە دیاری بکرێت. نە تەنیا بەشداری نوینەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان زەرووریە بەڵکو بەشداری نوینەری کوردەکانی فەلەستین ، رووسیە ، رۆژهەڵاتی ئیران ، ... دەبێ لە بەر چاو بگرێت.

بەشداری نوینەری ڕیکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان ، یەکیەتی ئوروپا بایخی بەستنی ئەم کۆنگرەیە دەباتە سەر.

سەرچاوە : ماڵپەری بروسکە / ڕێکەوتی : ٢٧ی ژووئیەی ٢٠١٣

## کۆنگرەی نەتەوەیی و چەند سەرنجێک



برِوا رەسول ئەحمەد

ساڵانێکە گوێبیستی وەها پرِۆژەیەکین و هێزو لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی کوردستان، هەریەکەو بە دنیابینی و گۆشەنیگای خۆی بۆ سیاسەت و نەتەوەی کورد لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردوە. لە کاتێکدا خودی بیرۆکەکەو داهێنەرەکەی و ئەو کەسانەی لەسەرەتاوە یان لەم سەردەمەشدا خاوەنداری لێدەکەن شایەنی رێزن و مێژو بە پلەی جیاواز ناویان بە درەوشاوەیی دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەوەی بابەتی ئەم نوسینەیە ئەو پرۆگرام و بەرنامەرێژییەیە، کە بۆ ئەو کۆنگرەیە دەکرێت، وەک برِیارە لە ٢٠١٣/٨/٢٤ لە هەولێر ببەسترێت.

بەر لە هەمو شتێک خەڵکی کوردستان و بەشداران و بەرِێوەبەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، دەبێ برِوایان بەوە هەبێت، کە بەستنی کۆنگرەیەکی لەمشێوەیە بۆ ئەوەیە هێزو لایەنە سیاسییەکانی وڵاتێکی داگیرکراوی پارچەکراو لە ژێر یەک چەتردا کۆبکاتەوە و لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا چاوپۆشی لە ئایدیا و بۆچونە جیاوازەکانی خۆیان بکەن و خاڵە هاوبەشەکان پرسە نەتەوەیی و مرۆڤایەتییەکانی ئەم گەلە لەخۆی بگرێت و دوربێت لە هەر سەپاندنێکی حیزبی و کەسی. لە لایەکی ترەوە ئەرکی کۆنگرە بێ چاوپۆشی خستنەرِوی کەمو کورتی و نالەبارییەکانی کۆمەڵگا و لایەنە سیاسییەکان بێت، بەجۆرێک لایەنی رەخنەکراو هاوکاری بکرێت بۆ گەرِانەوە بۆ شارِێی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی و دەستەبەری ماف و ئازادی بۆ گەلی کورد و ئەو گەلانەی هاوبەشی ژیانی کوردن لە کوردستان.

پێویستە کۆنگرە تەوەری سەرەکی هەبێت لەسەر نێوانی هێزە سیاسییەکان و چیتر دوردۆنگیان لە یەکتری قبوڵ نەکات، ئاخر ناکرێت چەند هێزێک خەبات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بکەن و سیاسەتی یەکتر سرِینەوەش لەسەر یەکدی پەیرِەو بکەن.

ئەرکی کۆنگرە ئەوەیە پەروەردەیەکی نەتەوەیی بەسەر هێزە سیاسییەکاندا بسەپێنێت، بە ئامانجی خاوەنداری کردن لەهەر کێشەیەک، کە روبەرِوی کوردستانیانی نیشتمانەکەمان دەبێتەوە. واتا کوردان لەباکور، رۆژهەڵات، باشور، رۆژئاوا خۆیان بە رۆڵەی نیشتیمانێک بزانن و لەپێناویدا خۆیان بە ئەرکدار بزانن.

لەگەڵ حورمەتی زۆرم بۆ هەمو هێزە سیاسییەکان، بەباشی دەبینم بەرِێوەبردن و سەرۆکایەتی کردنی کۆنگرە لەلایەن خەڵکانی بێلایەنی گەلەکەمانەوە بێت، و باشترە خەڵکانێک بن لە ئاستی ناوچەکە و جیهان دیار و خاوەن کەسایەتی بن.

بەهیوای بەستنی کۆنگرەیەک، کە لە سایەیدا خوێنرِێژی کوردانی تێدا بوەستێ و برایەتی نێوان کوردان و گەلانی تر بە ئامانج بگرێت.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی / ڕێکەوتی : ١٥ی ئاگوستی ٢٠١٣

سەرکەوتوو بێ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد


Kongreya Neteweyiya Kurd
komîteya Rojhelat
كۆنگرەی نەتەوەیی کورد
کومیتەی رۆژهەڵات


Kongreya Neteweyiya Kurd
komîteya Rojhelat
كۆنگرەی نەتەوەیی کورد
کومیتەی رۆژهەڵات